حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی

زانکۆی هەڵەبجە

کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور

بەشی زمانی کوردیی

# پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیی – شێوەزاری شارەزووردا

**نامەیەکە**

**جوانە ئیبراهیم عەبدوڵڵا**

**پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی شارەزووری زانکۆی هەڵەبجەی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردییدا**

**سەرپەرشت:**

**پ.د. دڵشاد محەمەد غەریب**

(٢٠٢٤)ی زاینیی        (٢٧٢٣ )ی کوردیی

ئەم نامەیە، بە ناونیشانی (پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیی- شێوەزاری شارەزوور)دا، لە لایەن خوێندکار (جوانە ئیبراهیم عەبدوڵڵا)وە، بە سەرپەرشتیی من لە بەشی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور/ زانکۆی هەڵەبجە ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردییدا.

واژوو:

ناو: پ.د. دڵشاد محمد غریب

ڕۆژ: / / ٢٠٢٤

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژوو:

ناو: د. ئاریان سدیق عەزیز

سەرۆکی بەشی زمانی کوردیی

ڕۆژ: / /٢٠٢٤

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتۆگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتۆگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                    ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردییدا پێبدرێت.

واژوو:
ناو: پ.د. شەهاب تەیب تاهیر
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ :  /  /٢٠٢٤

واژوو:
ناو: پ.د. عادل ڕەشید قادر
ئەندام
ڕۆژ :  /  /٢٠٢٤

واژوو:
ناو: پ.ی.د. سازان زاهیر سەعید
ئەندام
ڕۆژ :  /  /٢٠٢٤

واژوو:
ناو: پ.د. دڵشاد محەمەد غەریب
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ :  /  /٢٠٢٤

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی شارەزوورەوە پەسەندکرا.

واژوو:
ناو: پ.ی.د. ئەحمەد میرە
ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور
ڕۆژ:  /  /٢٠٢٤

**ئەم نامەیە پێشکەشە بە:**

- دوو گەوهەری بەنرخی ژیانم (دایک و باوک)ی خۆشەویستم.

- خۆشەویستانی ژیانم هاوسەر و جگەرگۆشەکانم.

- بە خوشک و برا ئازیزەکانم.

- بەڕۆحی پاکی براو مامۆستای ژیانم، کاکم (م.عەلی)، کە هەمیشە لە بیر و هۆشمدایە.

- سەرجەم ئەو بەڕێزانەی، کە ئەم نامەیە دەخوێننەوە.

- زانکۆی هەڵەبجە، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور.

## سوپاس و پێزانیین بۆ:

- خودای گەورە، ئەو زاتەی، کە لە نەبوونەوە هێناوینییەتە بوون و هەرگیز لەبیرماننناکات.

- سوپاسی بێ پایانم بۆ مامۆستای زۆر بەڕێزو سەرپەرشتم (پ. د. دڵشاد محەمەد غەریب)، کە بەوپەڕی دڵسۆزیی و لەخۆبوردووییەوە ئەرکی سەرپەرشتییکردنی ئەم نامەیەی لە ئەستۆگرت و زۆر دڵسۆزانە لێکۆڵینەوەکەی لە گەڵمدا بەئەنجامگەیاند و هاوکارێکی گەورە و پشتیوانێکی بێوێنەبوو لە تەواوکردنی نامەکەمدا.

- خانەوادە و خێزانەکەم، کە هەرگیز ناتوانم قەرەبووی هاندان و پشتیوانییەکانیان بکەمەوە.

- زانکۆی هەڵەبجە، ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، بەشی کوردی، کە دەرفەتی خوێندنی ماستەریان بۆ ڕەخساندین، بەتایبەت زۆر بەڕێز دکتۆر (ئەحمەد میرە).

- -مامۆستای قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆم زۆر بەڕێز دکتۆر (ئاریان سدیق عەزیز)، کە لەم قۆناغە ئەکادیمییەشدا بەوپەڕی دڵسۆزییەوە هاوکار و پشتیوانم بوو.

- ئەو مامۆستا بەڕێزانەی، کە لە خوێندنی سەرەتایی تا خوێندنی باڵا وانەیان پێوتوم.

- هەمو ئەو بەڕێزانەی، کە لە بەئەنجامگەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هاوکارییان کردووم.

## هێما و کورتکراوەکان

| | | |
|---|---|---|
| -١ | (( )) | دەقی وەرگیراو |
| -٢ | Ó | بڕگە |
| -٣ | < | گۆڕدراوە بۆ |
| -٤ | # ____ | کۆتایی وشە |
| -٥ | ____ # | سەرەتایی وشە |
| -٦ | / | یان |
| -٧ | / / | فۆڕمی فۆنۆلۆژیی، مۆرفیم |
| -٨ | ← | دەبێت بە |
| -٩ | * | ناڕێزمانیی/ ڕێگا - پێنەدراوە |
| -١٠ | [ ] | نواندنی فۆنەیتیکی |
| -١١ | : | هەمبەر |
| -١٣ | ˜ | هاوواتا/ بە هەمان واتا دێت |
| -١٤ | *V____ | ڤاوڵ لە سەرەتای وشەدا نایەت |
| -١٥ | C | کۆنسۆنانت/ نابڕگەیی |
| -١٦ | V | ڤاوڵ/ بڕگەیی |
| -١٧ | . | دیاریکردنی سنوری بڕگە |
| -١٨ | < > | (نوسیین بە پیت/ نووسراو ) |
| -١٩ | ( ) | بۆ وشەی سەرنجڕاکێش |
| -٢٠ | + | پێکەوەبەستن |

# لیستی زاراوەکان

| زاراوە | Term |
|---|---|
| ئـ | |
| ئەلفبێی فۆنەتیکی | Phonetic Alphabet |
| بـ | |
| بڕگە | Syllable |
| ڤاوڵ | Vowel |
| بڕگەی کراوە | Open Syllable |
| بڕگەی داخراو | Closed Syllable |
| پ | |
| پێڕەوی زمان | Language system |
| تـ | |
| تەقاو / گیراوەکان | Plosives |
| د | |
| دەنگە ڤاوڵەکان | Vowel sounds |
| دەنگە کۆنسۆنانتەکان | Consonant sounds |
| دەنگە لوتییەکان | Nasal sounds |
| دەنگە لاییەکان | lateral sounds |
| دەنگە لێدراو و لەرزۆکەکان | Flap and Vibrant sounds |

| | |
|---|---|
| Diphthongs | دودەنگییەکان |
| Structure | دروستە |
| Phonetic | دەنگناسی |
| Phone | دەنگ |
| Appearance the sound | دەنگگۆڕکێ |
| | ڕ |
| Taktikos | ڕێکخستن |
| | س |
| Onset | سەرەتای بڕگە |
| Rhyme | سەروا |
| | ش |
| Inflection | شکاندنەوە |
| | ف |
| Generative Phonology | فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان |
| Lexicon | فەرهەنگ |
| | ڤ |
| Simple Vowels | ڤاوڵە یەک دەنگییەکان |
| | گ |
| Minimal pairs | گچکەترین جووت |
| | ک |

| | |
|---|---|
| Nucleus | کرۆک |
| Dissimilation | کەوتنی دەنگ |
| | ل |
| Lexical | لێکسیکیی / فەرهەنگیی |
| Affixation | لاگرلکاندن |
| | ن |
| Semiconsonant | نیمچە کۆنسۆنانت |
| | هـ |
| Insertion | هەڵتۆقین |
| | و |
| Morphological words | وشەی مۆرفۆلۆژیی |
| Syllable component | وەچە پێکهاتەی برِگە |
| Mono syllable words | وشەی سادەی یەک – برِگەیی |
| Word Formation | وشە دروستکردن |

## پێڕست


| ناونیشان و بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ١/٠) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٢/٠) هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٣/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٤/٠) سنوری لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٥/٠) گرنگیی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٦/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| **بەشی یەکەم**<br>**پێداچوونەوە و تیۆریی** | |
| ١/١) تیۆریی و زانیاریی بەرایی | ٣ |
| ١/١-١) لێکۆڵینەوە کوردییەکان لەسەر ((پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان)) | ٣-١٥ |
| ٢/١) فەرهەنگ و زانیاریی فەرهەنگیی | ١٦-١٧ |
| ٣/١) دەنگناسیی/ علم الصوت/ Phonetic چەمک و تێڕوانین | ١٧-٢٠ |
| ٤/١) فۆنۆتاکتیک | ٢٠-٢١ |
| ٥/١) دەنگسازیی/ نظم الصوت/ Phonology چەمک و تێڕوانین | ٢١-٢٢ |
| ٦/١) چەمک و پێناسەی (فۆنۆمۆرفۆلۆژیی- phono-Morphology) | ٢٣-٢٤ |
| ٧/١) فۆنۆمۆرفۆلۆژیی وەک ڕووبەری بەیەکگەیشتنی نێوان فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی | ٢٤-٢٧ |
| ١/٧-١) وشەدروستکردن- word-formations | ٢٨ |
| ١/٧-٢) شکاندنەوە- inflections | ٢٨-٢٩ |

| | |
|---|---|
| **بەشی دوهەم**<br>**پیرەوی فۆنیمەکان لە شیوەزارەکەدا** | |
| ٢/١)دەنگە بیستراوەکان | ٣٠ |
| ٢/١-١)  کۆنسۆنانتەکان - consonants | ٣٠ |
| ٢/١-١-١) تەقاوەکان   plosive | ٣٥-٣٠ |
| ٢/١-١-٢)  خشۆکەکان   fricatives | ٤٠-٣٥ |
| ٢/١-١-٣) ئەفریکات | ٤١-٤٠ |
| ٢/١-١-٤)  لوتییەکان | ٤٢-٤١ |
| ٢/١-١-٥) دەنگە لاییەکان | ٤٣-٤٢ |
| ٢/١-١-٦)   دەنگە لێدراو و لەرزۆکەکان | ٤٤-٤٣ |
| ٢/١-٢) نیمچە کۆنسۆنانتەکان | ٤٥-٤٤ |
| ٢/١-٣)  ڤاوڵەکان | ٤٧ |
| ٢/١-٣-١)  ڤاوڵە یەک دەنگییەکان | ٥١-٤٧ |
| ٢/٢) پۆلێنکردنی فۆنێمەکان | ٥١ |
| ٢/٢-١) هەنگاوی یەکهەم | ٥٢-٥١ |
| ٢/٢-٢) هەنگاوی دوهەم | ٥٧-٥٢ |
| ٢/٣) مۆدێلی بڕگە لە زمانی کوردییدا | ٥٩-٥٧ |
| ٢/٣-١) دابەشبوونی بڕگە | ٦٠ |
| ٢/٣-٢) بڕگە لە ڕوی ئۆرگانییەوە | ٦١ |
| ٢/٣-٢-١) بڕگەی داخراو | ٦١ |
| ٢/٣-٢-٢) بڕگەی کراوە | ٦٢ |

| | |
|---|---|
| **بەشی سێهەم**<br>**پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان** | |
| ٣/١) پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان لە پێکهاتەی وشەی مۆرفۆلۆژییدا | ٦٣-٦٤ |
| ٣/١-١) کەوتنی دەنگ | ٦٤-٦٥ |
| ٣/١-١-١) کەوتنی دەنگ لە وشەی داڕێژراودا | ٦٥-٧٠ |
| ٣/١-١-١-١) کەوتنی دەنگە کۆنسۆنانتەکان لە وشەی مۆرفۆلۆژیی (پێشگر+بناغە)دا | ٦٥-٦٦ |
| ٣/١-١-١-٢) کەوتنی دەنگە کۆنسۆنانتەکان لە وشەی مۆرفۆلۆژیی ( بناغە +پاشگر)دا | ٦٧-٦٨ |
| ٣/١-١-١-٣) کەوتنی دەنگە ڤاوڵەکان لە وشەی داڕێژراو ( بناغە + پاشگر)دا | ٦٨-٧٠ |
| ٣/١-١-٢) کەوتنی دەنگ لە وشەی ( مۆرفۆلۆژیی- لێکدراو)دا | ٧٠-٧٣ |
| ٣/١-١-٢-١) کەوتنی دەنگە کۆنسۆنانتەکان لە وشەی مۆرفۆلۆژیی (لێکدراو)دا | ٧٠-٧٣ |
| ٣/١-١-٢-٢) کەوتنی دەنگە ڤاوڵەکان لە وشەی مۆرفۆلۆژیی (لێکدراو)دا | ٧٣-٧٤ |
| ٣/٢) هەڵتۆقین | ٧٤ |
| ٣/٢-١) هەڵتۆقینی دەنگ لە (وشەی مۆرفۆلۆژیی- داڕێژراو)دا | ٧٤ |
| ٣/٢-١-١) هەڵتۆقینی دەنگی (نیمچە کۆنسۆنانت) لە وشەی مۆرفۆلۆژیی داڕێژراو (پێشگر+ بناغە)دا | ٧٤-٧٥ |
| ٣/٢-١-٢) هەڵتۆقینی دەنگی (کۆنسۆنانت) لە وشەی مۆرفۆلۆژیی داڕێژراو (پێشگر+ بناغە)دا | ٧٥-٧٦ |
| ٣/٢-١-٣) هەڵتۆقینی دەنگە ڤاوڵەکان لە وشەی مۆرفۆلۆژی (داڕێژراو)دا | ٧٦-٧٧ |

| | |
|---|---|
| ٣/٢-٢) هەڵتۆقینی دەنگی کۆنسۆنانت لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی- لێکدراو)دا | ٧٧-٧٨ |
| ٣/٢-٢-١)هەڵتۆقینی دەنگی نیمچە کۆنسۆنانت لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی- لێکدراو)دا | ٧٧-٧٨ |
| ٣/٢-٢-٢)هەڵتۆقینی دەنگی کۆنسۆنانت لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی- لێکدراو)دا | ٧٨ |
| ٣/٢-٢-٣)هەڵتۆقینی دەنگی ڤاوڵ لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی- لێکدراو)دا | ٧٨ |
| ٣/٣) دەنگگۆڕکێ | ٧٨-٧٩ |
| ٣/٣-١) دەنگگۆڕکێ لە (وشەی مۆرفۆلۆژیی- دارِێژراو)دا | ٧٩ |
| ٣/٣-١-١) دەنگگۆڕکێی کۆنسۆنانتەکان (پێشگر+ بناغە) | ٧٩-٨١ |
| ٣/٣-١-٢) دەنگگۆڕکێی کۆنسۆنانتەکان لە وشەی دارِێژراو (بناغە+پاشگر)دا | ٨١-٨٣ |
| ٣/٣-١-٣) دەنگگۆڕکێی ڤاوڵەکان لە وشەی دارِێژراودا | ٨٤-٨٧ |
| ٣/٣-٢) دەنگگۆڕکێ لە (وشەی مۆرفۆلۆژیی- لێکدراو)دا | ٨٧-٩٠ |
| ئەنجامەکان | ٩١ |
| سەرچاوەکان | ٩٢-٩٦ |
| المخلص | ٩٧ |
| Abstract | ٩٨ |

| ژمارە | ناونیشانی خشتە و هێڵکارییەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | نواندنی زانیارییە فەرهەنگییەکان | ١٦ |
| ٢ | پێکهاتەی فۆنەتیکیی و فۆنۆلۆژیی | ١٩ |
| ٣ | نواندنی فۆنۆلۆژیی وشەکان | ٢٧ |
| ٤ | پەیوەندییە مۆرفۆلۆژییەکان | ٢٧ |
| ٥ | دەنگە کۆنسۆنانتەکان لە ڕووی ئۆرگانییەوە | ٤٦ |
| ٦ | دەنگە ڤاوڵەکان | ٥٠ |
| ٧ | پێکهاتەکانی بڕگە | ٥٨ |
| ٨ | بڕگە لە ڕووی ئۆرگانییەوە | ٦١ |

# پوخته

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ (پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیی- شێوەزاری شارەزوور)دا تەرخانکراوە، هەوڵدراوە بە شێوەیەکی پێڕەوبەندانە و لەسەر بنەما و مۆدێلی CV وەچەپێکهاتەکانی بڕگە، پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان دیاریبکرێت، کە لەڕوی فۆنۆلۆژییەوە ڕودەدەن و بەرجەستەدەکرێن. توێژینەوەکە لە پێشەکییەک و سێ بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم بۆ پێداچونەوە و زانیاریی گشتیی تەرخانکراوە. بەشی دوهەمیش بۆ دەستنیشانکردنی فۆنێمەکان و زانیاریی لە سەر مۆدێلی بڕگە نیشاندراوە. بەشی سێهەم بۆ پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکانی(کەوتن، هەڵتۆقین، دەنگگۆڕکێ) لە(وشەی مۆرفۆلۆژیی)دا تەرخانکراوە. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەیش ڕێبازی ( پەسنیی - شیکاریی) بەکارهێنراوە، کە تێیدا پێواژۆکان بەپێی جێکەوتەکانی (سەرەتا، کۆتایی) بڕگە لە وشەی مۆرفۆلۆژییدا دەستنیشانکراون، شیکردنەوەی نمونەکان بە تیۆریی و هەنگاوەکانی کارکردنی قوتابخانەی گواستنەوە و بەرهەمهێنان و تیۆری( فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی-Lexical Phonology and Morphology) جێبەجێکراون. هەروەها لەپاڵ (ئەلفوبێ- فۆنێمی کوردیی)دا، (ئەلفوبێ - فۆنەیتیکی جیهانی -IPA)یش بۆ پێواژۆکان بەکارهێنراون. نمونەکانیش لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەمڕۆی (زمانی کوردیی- شێوەزار)ەکەوە وەرگیراون.

# پێشەکیی

## ١/٠) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە بۆ (**پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیی- شێوەزاری شارەزوور**)دا تەرخانکراوە. هەوڵدەدات بە شێوەیەکی زانستیی و پێڕەوبەندانە پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکانی (کەوتن، هەڵتوقین، دەنگگۆڕکێ) لە پێکهاتەی وشەی مۆرفۆلۆژییدا دیاریبکات.

## ٢/٠) هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە:

لە زمانی کوردیی – دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستدا، تا وەکو ئەمڕۆ چەندین لێکۆڵینەوە لەبارەی (پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان)ەوە بەرچاودەکەون، بەڵام لە (شێوەزاری شارەزوور)دا، لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ و زانستیی نابینرێت.

## ٣/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی (پەسنیی - شیکاریی) بەکارهێنراوە، کە تێیدا (هۆکار و جێکەوتەکانی پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان) لە وشەی مۆرفۆلۆژییدا دیاریکراون. شیکردنەوەی نمونەکان بەتیۆری ( فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی- Lexical Phonology and Morphology) جێبەجێکراون. لە خستنەڕوی نمونەکاندا لەپاڵ (ئەلفوبێی-فۆنەتیکی) جیهانی (IPA)، (ئەلفوبێی - فۆنێمی)ی کوردییش بەکارهاتووە. سەرەڕای ئەوەیش کار بە مۆدێلی CV وەچە پێکهاتەکانی بڕگە دەکرێت، کە تێیدا پێواژۆکان لە (سەرەتا و کۆتایی)ی بڕگەی فۆنۆلۆژییدا، جیاکراونەتەوە و بە سێ وەچە پێکهاتە دانراون.

## ٤/٠) سنوری لێکۆڵینەوەکە:

نمونە و داتاکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بە گشتیی لە (شێوەزاری - شارەزوور)ەوە، بەتایبەتی  لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەمڕۆی ئاخێوەرانی ناوچەکەوە وەرگیراون.

**٥/٠) گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:**

گرنگیی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ئەوەدایە، کە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان لە شێوەزارەکەدا، چونکە لە زمانی کوردییدا، تا نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە بەرهەمە فۆنۆلۆژییەکاندا، بە شێوەیەکی پێڕەوبەندانە جیاوازیی نێوان پێواژۆی (فۆنۆلۆژیی و فۆنەتیکیی) نەکراوە.

**٦/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکیی و ئەنجام، لە سێ بەش و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی(عەرەبیی و ئینگلیزیی) پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم**: لە دوو پار پێکدێت.

**پاری یەکەم**: بۆ بەرچاوڕونی، تەنها بە کورتیی ئاماژە بە هەندێک لە ئەو لێکۆڵینەوانە کراوە، کە لەبارەی پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردییەوە ئەنجامدراون.

**پاری دوهەم:** هەندێک لایەنی تیۆریی و زانیاریی گشتیی نیشاندراون.

**بەشی دوهەم**: بۆ پێڕەوی فۆنیمەکان لەناو ئەو دەنگانەدا تەرخانکراوە، کە لە شێوەزارەکەدا هەن و دەبیسترێن.

**بەشی سێهەم**: بۆ پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانی شێوەزارەکە تەرخانکراوە، هەوڵدراوە لەسەر بنەمای بڕگە و بڕگەسازیی، پێواژۆکان نیشانبدرێن.

# بەشی یەکەم

## پێداچونەوە و تیۆریی

## پێداچوونەوە و تیۆریی

### ١/١) تیۆریی و زانیاریی بەرایی

لەم بەشەدا بە پێویستی دەزانین ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە لە بارەی پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانەوە ئەنجامدراون، بخەینەڕوو، چونکە لێکۆڵەران لە لێکۆڵینەوەکانیاندا باسی دیاردەکانی گۆڕانە دەنگییەکانیان کردووە، بەڵام بەپێی پێویست پێواژۆ فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژییەکانیان جیانەکردووەتەوە، لێرەدا لەبەر زۆریی لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئەم بابەتە، تەنها چەند لێکۆڵینەوەیەک دەخەینەڕوو:

### ١-١/١) لێکۆڵینەوە کوردییەکان لەسەر ((پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان))

ئەگەر بە وردیی بە بەرهەمە زمانەوانییەکاندا بچینەوە، دەبینین هەندێک لە توێژەرانی زمانی کوردیی بە شێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لێکۆڵینەوەیان لەسەر (پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان) لە زمانی کوردییدا کردووە، هەریەکەیان بە گوێرەی نیاز و مەبەستی لێکۆڵینەوەکانیان، ئاماژەیان بە ئەو بابەتە داوە. بێگومان ئەم بابەتەش وەکو هەموو بابەتەکانی دیکەی زمانی کوردیی، لەبەرئەوەی پێواژۆکان جۆربەجۆرن و لە پێکهاتووەکانی (دەنگناسیی و دەنگسازیی)دا، بەرجەستەدەکرێن. بۆیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی پێڕەوبەندانە و سەربەخۆ هەیە. لە بەجێهێنانی ئەم کارەدا، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوەکەمان بە پێویستمان زانی لەبەر زۆریی سەرچاوەکان، تەنها بە کورتی پێداچوونەوە بە هەندێک لەو لێکۆڵینەوانەدا بکەین، کە لە بارەی ئەم بابەتەوە نوسراون. لە ئەنجامی گۆکردن و چوونەپاڵیەکی دەنگەکانی زمان و ئەو هۆکارانەی، کە ئەلۆفۆنیان لێدەکەوێتەوە و بە سروشت و چۆنیەتیی بەکارهێنانی دەنگەکان لە سیستەم و پێڕەوە دەنگییەکەی زمانەکاندا، کۆمەڵێک یاسای دەنگیی تایبەت بە دەنگەکانی زمانێک پەیدادەبن.

١) طالب حسین علی، لە نامەی ماستەرەکەیدا- لەژێر سەرناوی (فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنێمەکان لە زاری سلێمانیدا)، نزیکەی (٩٥) لاپەڕەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخانکردووە (علی،١٩٨٩). سەرەتا وەک دەستپێکێک و لە بەشی یەکهەمدا،

بەکورتی هەندێک زانیاریی تیۆریی سەبارەت بە (ئەرک و کارکردنی ئەندامانی ئاخاوتن، فۆنێم و ئەلەفۆن، فۆنێمەکانی-زاری سلێمانی و دابەشکردنیان) (ل٨-٣٩) خستووەتەڕوو.
پاشان لە بەشی دوهەمیشدا هەندێک زانیاریی تیۆریی لەسەر (گۆڕانی زمان- گۆڕانی دەنگ و ئاسانبونی دەنگەکان لە دوواندا) نیشاندەدات (ل٤١ـ٤٨). ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە گۆڕانی دەنگ و ئاسانبوونی دەنگەکان لە دواندا، زمان لەسەر بناغەی درکاندنی دەنگ دامەزراوەو درکاندنی دەنگەکانی زمانیش لە ڕاستیدا وەکو خۆیان نامێننەوە، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەندێکجار ئەم گۆڕانە لەسەرخۆیە، هەندێکجاریش خێرا ڕوودەدات، پێکهاتوی فۆنۆلۆژیی زیاتر لە پێکهاتووەکانی تر دەگۆڕێ و هەستی پێدەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانی دەنگ وەک دیاردەیەکی گشتی، هەموو زمانەکان دەگرێتەوە، بەتایبەتی کاتێک، کە دەنگ دەچێتە چوارچێوەی قسەکردن و دوانی ڕاستەوخۆ، چونکە جیاکردنەوەی دەنگ لە وێنەکەی واتە نوسینەوەی ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەخات، کە هەمیشە گۆڕانی زیاتر بەسەردادێت، بێ ئەوەی گۆڕان لە شێوەی نوسراوی زمانەکەدا ڕووبدات، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە، زۆرجار دەبینین شێوەی نوسینەوەی هەندێک زمان جیاوازی هەیە لەگەڵ درکاندنی دەنگەکانیدا، واتە گۆڕان هەمیشە بەردەوامە لە دواندا، بەڵام شێوەی نوسینەوەی زمانەکە وەکوخۆی ماوەتەوە.
هەروەها لاپەڕە (٤٩ــ٥٨) بۆ گۆڕانی دەنگە کۆنسۆنانتەکان-گونجان تەرخانکراوە و ئەوە نیشاندەدات، کە بریتییە لە ((گۆڕانی دەنگێک، بۆ ئەوەی لە دەنگێکی دراوسێی خۆی بچێت. مەبەست لە گونجان ئاسانکردنی درکاندنە)) (ل٤٩). لەهەمان لاپەڕەدا جۆرەکانی گونجان بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکات :

١) گونجانی تەواو:
لەم جۆرە گونجانەدا ((دەنگێک دەگۆڕێت بۆ ئەوەی بەتەواوی لە دەنگێکی تر بچێت، بەواتا دەنگی کارتێکراو دەگۆڕێت بە دەنگی کارتێکردوو)) (ل٤٩). بۆ ئەم جۆرەیان چەند نمونەیەک دەخاتەڕوو، وەک:
ا) ((جاجمەکەم دا بە خۆما > جاجمەکەم ما بە خۆما
ب) کتیبەکەم پیشان دا > کتیبەکەم پیشان نا )) (ل٥٠)

له شیکردنەوەی نموونەکاندا، ئەوە نیشاندراوە، کە دەنگی پێشەوە کاری لەسەر دەنگی دواوەوە کردووە. هەر بۆ ئەم باسە چەند نمونەیەکی تری نیشانداوە و وەهای بۆ چووە، کە ئەو جۆرە گۆڕانە، گۆڕانی فۆنۆلۆژیین (ل٥٠ـ٥٢). ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینی بێت، ئەو نمونانە پێواژۆی فۆنەتیکیین، نەک فۆنۆلۆژیی.

٢) گونجانی ناتەواو:

لەم جۆرە گونجانەدا ((واتە سیفەتێک لە دەنگەکە دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی جۆرە گونجانێک پەیدا بکات لەگەڵ دەنگێکی تردا. بەتایبەتی لەگەڵ دەنگە کارتێکردووەکەدا)) (ل٥٢). ئەم جۆرەیان لەڕوی گڕیی و کپییەوە، بەسەر دوو جۆردا دابەشکراوە، وەک:

٢ـ ا) گونجان لەڕوی گڕییەوە: ((واتە گۆڕانی  دەنگی کپ بە گڕ، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگێکی تردا بگونجێت لە سیفەتی گڕیدا)) (ل٥٢). بۆ ئەم مەبەستەیش چەند نمونەیەک نیشاندراون، وەک:

((پاش نوێژ  >  پاژ نوێژ

پێش گر   > پێژ گر

دەست گا > دەزگا ...هتد)) (ل٥٢).

٢–ب) گونجان لەڕوی کپییەوە: ((واتە گۆڕانی  دەنگی گڕ بە کپ، بە مەبەستی گونجانە لەگەڵ دەنگێکی تردا لە سیفەتی کپیدا)) (ل٥٣). بۆ ئەم باسە چەند نمونەیەک نیشاندراون، وەک:

((ڕۆژ + تان  >  ڕۆشتان  (ڕۆشتان باش)

چی + ب + کەم   > چی پکەم

بەرزکردنەوە > بەرسکردنەوە)) (ل٥٣).

لێکۆڵەر لاپەڕە (٥٨ـ٦٨)ی بۆ کەوتن/ سوانی دەنگە کۆنسۆنانتەکان تەرخانکردووە و ئەوە نیشاندەدات، کە بریتییە لە ((سووانی دەنگێک، یان زیاتر لە مۆرفیمێکدا، بە مەبەستی ئاسان کردنی دەربڕین)) (ل٥٨). ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە سوانی دەنگ لە (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی) وشەدا ڕودەدەن.

١ـ–سەرەتای وشە، وەک:

((ببە بە پیاو  >  بە بە پیاو

ددان   > دان

هوشیار > وشیار)) (ل٥٩).

١ـ ناوەڕاستی وشە، وەک:

((هەڵ بگرە  >  هەڵگرە

ڕابکە   > ڕاکە

تێبگەم > تێگەم...هتد))(ل٦٠).

١ـ کۆتایی وشە، وەک:

((ئەڕوات  >  ئەڕوا

بخوات   > بخوا

بڕۆیت > بڕۆی...هتد)) (ل٦٦ـ٦٧).

مامۆستای ناوبراو لاپەڕەکانی (٦٨–٧٩)ی بۆ گۆڕانی دەنگە ڤاوڵەکان تەرخانکردووە و ئەوە نیشاندەدات، کە ((لە ئەنجامی دوو مۆرفیم، یان وشەیەک لەگەڵ مۆرفیمێکدا، کە دوو ڤاوڵ بەیەک دەگەن، چەند گۆڕانێکی فۆنێمی لە مۆرفیمەکاندا ڕوودەدات)) (ل٦٨).

دواتر بۆ (گۆڕانی ڤاوڵ بە دەنگێکی تر) چەند نمونەیەک دەخاتەڕوو، وەک:

((کوڕ  >  کوڕی        kuri

چاو   > چاوی         cawi    )) (ل٦٩).

پاشان ئاماژەی بە ئەوە داوە، ئەگەر وشەکە بە دەنگێکی ڤاوڵ کۆتایی هاتبێت، ئەو دەمە مۆرفیمەکە لە شێوەی (/y/)دا دەردەکەویت، وەک:

((برا + ی  >  برای        bray

گۆزە +ی   > گۆزەی    gozay ...هتد  )) (ل٦٩).

هەروەها لە لاپەڕەکانی(٧٠ـ٧١)دا ئاماژەی بە گۆڕانی هەندێک لە ڤاوڵەکان بە نیمچە کۆنسۆنانت، یاخو ڤاوڵێکی دیکە کردووە، وەک:

١) گۆڕانی [ۆ]    بە  [و]

-ئە + ڕۆ + ات    > ئەڕوات > ئەڕوا

-ئە + خۆ + ات    > ئەخوات > ئەخوا

٢) گۆڕانی/ی/، /و/     بە  /ێ/

-کورسی + ەکە > کورسێکە

-ماسی + ەکە + ات > ماسیێکە

-نارد + وو + ی + ەتی > ناردوویێتی

-کرد + وو + ی + ەتی > کردوویێتی

لێکۆڵەر لە باسی (نەگونجانی دوورکەوتنەوەی ڤاوڵەکان) ئەوەی نیشانداوە ((جاری وا دەبیت دوو ڤاوڵ بە یەک دەگەن، دەنگێک لەبەینیاندا پەیدادەبێت، بۆ ئەوەی لەیەکتر جیایان بکاتەوە و هێشووە ڤاوڵ دروست نەبێت....لەڕاستیدا پەیدابوونی ئەم فۆنێمانەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی)) (ل٧١). بۆ ئەو مەبەستەیش چەند نمونەیەک دەخاتەڕوو، وەک:

-((ئەوە + دەرگا > ە > ئەوە دەرگایە

ئەوە + چەقۆ > ە > ئەوە چەقۆیە...هتد ))

- ((ئەم + کانی > ە > ئەم کانییە

ئەم + دێ > ە > ئەم دێیە...هتد ))

-((گەڕا + ەوە > گەڕایەوە

بوژا + ەوە > بوژایەوە...هتد ))

-((لە سەرەتادا > لە سەرەتایا

لە خانۆکەدا > لەخانۆکەیا...هتد ))(ل٧٢ـ٧٣).

هەروەها لە لاپەڕەکانی (٧٥ـ٧٩)دا ئاماژەی بە سوانی هەندێک لە ڤاوڵەکان کردووەو دەڵێت: ((لە ئەنجامی لێکدانی دوو مۆرفێم یان زیاتر، کە دوو ڤاوڵ بەیەک دەگەن، لە هەندێ حاڵەتدا ڤاوڵێک یان زیاتر لەناو دەچێت)) (ل٧٥). بەهەمان شێوە بۆ ئەم باسەیشی چەند نمونەیەک دەخاتەڕوو، وەک:

-(( چەقۆ + ەکە > چەقۆکە ..... [ە]

چەقۆکە + ان > چەقۆکان ..... [ە]... هتد ))

-(( ئە + گە > ات >ئەگات > ئەگا [ە]

ئە + بە > ات >ئەبات > ئەبا... هتد)) [ە]

-(( لە + ئێرە > لێرە

لە + ئەوێ > لەوێ...هتد)) [ە، ئـ]

-(( فڕی + ین > فڕین [ی]
وەری + ین > وەرین...هتد)) [ی] (ل٧٦ـ٧٨).

پاش ئەوەی لە بەشی دوهەمدا، هەندێک زانیاریی لەسەر (گۆڕانی زمان- گۆڕانی دەنگ و ئاسانبوونی دەنگەکان لە دوواندا) نیشانداوە، لە بەشی سێهەمیشدا لەژێر ناوی (کۆمەڵێ یاسای فۆنۆلۆجی –گۆڕانی فۆنێمەکان لە زاری سلێمانیدا) باسی هەمان پێواژۆکانی بەشی دوهەم دەکات، تەنها ئەوە نەبێت، لەم بەشەدا باسی یاساکان لە ڕوی گڕیی و کپییەوە کراون (ل٨١ـ٩٥).

٢) ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن لەژێر سەرناوی (ئاسانبوونی بڕگە لە کوردی)دا، بەشی سێهەمی بۆ (جۆری لە گۆڕانەکان) تەرخانکردوە (حەسەن: ١٩٩١: ٧٥ـ ٩٨). تێیدا باسی ئەم بابەتانەی لای خوارەوە کراوە:
١) گۆڕان لە نەبزوێندا:
سەرەتا بۆ ئەم بابەتە هەندێک زانیاریی پێداچونەوە بۆ بڕگە و دیاردەی ئاسانبونی بڕگە دەکات و دەڵێت: ((بەڵگە نەویستە کە سنووری بڕگە گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانەش کە بەهۆی چەند کردەیەکی فۆنۆلۆجی وەک کەوتنی دەنگ و فڕێدانی بڕگە و نێوانکردن و تەبایی دەنگەوە ئەنجام دەدرێن)) (ل٧١ـ٧٤). بۆ هەمان گۆڕانی دەنگیی، باسی (لابردنی نەبزوێن و نێوانکردن بە نەبزوێن) دەکات.

ا) لابردنی نەبزوێن: ((بریتییە لە کرتاندن و لە ناو چوونی دەنگێک یان بڕگەیەک بەمەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین)) (ل٧٤). ئەوەی جێگای سەرسوڕمان و تێبینییە، ناونیشانەکە و نامەی ماستەرەکە تایبەتە بە بڕگە و بڕگەسازیی، کەچی باسی لابردنی فۆنێم لە (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی)ی وشە و دەستەواژەدا دەکات (ل٧٤-٨٣).
ب) نێوانکردن بە نەبزوێن: ((دەوری نێوانکردن لە نێوان دوو بزوێن کە سەر بەیەکترن لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی سەرەکی هەردوو نیمچە بزوێنی/ی/ یان /و/ دەیبینێت)) (ل٨٣). باسی چەند دیاردەیەک دەکات، بۆ ئەم بابەتە تەنها چەند نمونەیەک دەخەینەڕوو، وەک:
((چا ——> چایەکە

سه ⟵ سەیەکە

چا ⟵ چایەک

دۆ ⟵ دۆیەک)) (ل٨٣-٨٧).

٢) گۆڕان لە بزوێندا ((لەناوچوونی بزوێن و گۆڕانی بینای بڕگە بەرەو ئاسانی پەسەنی)) (ل٨٧). بۆ ئەم باسەیش بەکورتیی چەند نمونەیەک دەخەینەڕوو، وەک:

((لە + ئەویَ ⟵ لەویَ

بە + ئەو ⟵ بەو

دانان: دان + /- ەر/ ⟵ دانەر

پەنجەرە+ ەکە ⟵ پەنجەرەکە...هتد)) (ل٨٧-٩٥).

ب) نێوانکردن بە بزوێن ((نێوان کردن بە بزوێن دەوری لە گۆڕینی بینای بڕگەکانی وشە بردنی بەرەو بڕگەی ئاسانی پەسەندی هەیە)) (ل٩٥). وەک:

بەرد + / - ە -/ + نوێژ ⟵ بەردەنوێژ

ڕەش + / - ە - / + با ⟵ ڕەشەبا

٣) پەیدابوونی دەنگی نویَ لە ئەنجامی چوونە سەریەکی دوو بزوێن.

ا) گۆڕانی بزوێن بۆ نیمچە بزوێن.

ب) گۆڕانی نیمچە بزوێن بۆ بزوێن.

٣) دولبەر ئیبراهیم فەرەج شاڵی لەژێر سەرناوی (یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی)دا، نزیکەی (١١٠) لاپەڕەی بۆ یاسا دەنگییەکان تەرخانکردووە و بەسەر دوو بەشدا دابەشیکردووە (فەرەج: ٢٠٠٠). بەشی یەکهەم بۆ (بەسەرکردنەوە و کورتە هەڵسەنگاندنێک) تەرخانکراوە، کە تێیدا بیر و بۆچوونی خۆیان لەسەر بەرهەمە زمانەوانییەکان نیشانداوە (ل٥ـ٤٦).

لە بەشی دوهەمدا، لێکۆڵەر لەسەر بنەمای زانستی زمان، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردیی دەستنیشانکردووە، وەک:

(( ١-وێکچواندنی دەنگ

٢- تێچوونی دەنگ

٣- پەیدابوونی دەنگ

٤ –دەنگە گۆڕکێ

٥- جێگۆڕکێی دەنگ

٦- گونجان و نەگونجانی دەنگ)) (ل٥٠-١١٢).

لێکۆڵەر سەرەتا تایبەت بە (وێکچواندنی دەنگ) هەندێک زانیاریی تیۆریی نیشاندەدات، پاشان دوو جۆر وێکچواندن دەستنیشاندەکات(ل٥٢-٥٥).

یەکهەم) وێکچواندنی هەمەکیی: ((ئەم حاڵەتە، کە بە زۆری لە شێوەی سلێمانیدا دەبیستریٚ و هەندێک دەنگ دەگرێتەخۆ، کە لە نێوانیاندا دوو فۆنێمی /د/ و /ب/ پتر ئەو گۆڕانکارییەیان بەسەردا دێت)). وەک:

١- ا) ساز - ز + د - زز - ساززان

ب) هان - ن + د - نن - هاننان...هتد.

٢- ا) مات > د + ماددان

ب) کردتان > ت + کرتتان...هتد.

٣-ا) شەمبە > شەممە

ب) لێم بە > لێم مە ...هتد. (ل٥٥-٥٦)

دوهەم) وێکچواندنی هەندەکیی: ((لە زمانی کوردیدا دوو وێکچواندنی هەندەکی دەبینریٚ.

یەک- گۆڕینی دەنگێکی ئاوازەدار بە کپ)) (ل٥٧). وەک:

١-ا) ز > س

پارێز > پاراستن ... هتد

ب) ژ > ش

کوژران > کوشتن، کوشتی

ب) ب > پ

بچۆ > پچۆ...هتد. (ل٥٧).

دوهەم- گۆڕینی دەنگێکی کپ بە ئاوازەدار، وەک:

١-ا) س > ز

دەست + گا > دەزگا ...هتد

ب) ش > ژ

هەشت + دە > هەژدە ...هتد. (ل٥٩).

لێکۆڵەر بە هەمان شێوە سەرەتا هەندێک زانیاریی تیۆریی تایبەت بە (تێچوونی دەنگ) نیشاندەدات (ل٦٠-٦٣). پاشان تێچونی دەنگ لە سێ خاڵدا شرۆڤەدەکات.

١) تێچوونی کۆنسۆنانت، بۆ ئەم باسەیان، فۆنێمەکانی (/د، ت، ب، هـ ، ک، ئـ/) نیشاندراون، وەک:-

ا) (( زیادتر> زیاتر

زیادکردن> زیاکردن

ب) دەست > دەس

یاداشت > یاداش

پ) ڕابکە > ڕاکە

وەربگرە > وەرگرە

ت) هورد > ورد

هوڕ > وڕ

د) چاک کردن > چاکردن

چاکتر > چاتر

ج) گوڵ+ ئاو > گوڵاو

ماست+ ئاو > ماساو)) (ل٦٣-٧٥).

٢) تێچوونی بزوێن، تایبەت بە تێچوونی بزوێنەکان، مامۆستای ناوبراو تیشکی خستووەتە سەر فۆنێمەکانی (/ە، ا، ێ، بزرۆکە-i-).

ا) (( خەندە + ان> خەندان

ناڵە + اندن> ناڵاندان

ب) شکان + اندن = شکاندن

سووتان + اندن = سووتاندن

پ) دانان: دانێ + /- ەر/ = دانەر

پاڵنان: پاڵن + /- ەر/ = پاڵنەر

ت) گەنم genim > گەنمەکە genmeka...هتد)) (ل٧٦-٧٩).

٣) تێچوونی کۆنسۆنانت و بزوێن پێکەوە، تایبەت بە تێچوونی کۆنسۆنانت و بزوێنیش پێکەوە، مامۆستای ناوبراو تیشکی خستووەتە سەر فۆڕمەکانی (/ئە، ئا، با)، وەک:

ا) (( ئەمن > من

ئەگەر > گەر

ئەمیر > میر

گائاسن > گاسن...هتد)) (ل٧٩-٨١)).

دواتر لە باسێکی تردا لەژێر ناوی (پەیدابوونی دەنگ)دا، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە ((دەنگەکانی زمان دەکەونە پاڵ یەک، بۆ داڕشتنی دانەی گەورەتر (بڕگە، وشە، ڕستە)، کارلێک دەکەن، لە ئەنجامی ئەم کارلێک کردنە دەنگ هەیە دەگۆڕێ....هەیە پەیدادەبێ....هەیە دەتوێتەوە))(ل٨٢). پاشان بۆ ئەم مەبەستە، دوو جۆر پەیدابوون: ((١- پەیدابوونی کۆنسۆنانت ٢- پەیدابوونی بزوێن (ل٨٩-١٠٥)) دیاریکراوە و بۆ هەریەکەیان کۆمەڵێک نمونە هێنراونەتەوە (ل٨٢-٨٨).

لە خاڵی (٤)دا، لە یاسای دەنگەگۆڕکێ دەدوێت و دەڵێت: ((دەنگەگۆڕکێ بریتییە لەوەی دەنگێک جێگەی دەنگێکی دی بگرێتەوە، بێ ئەوەی کار بکاتە سەر گۆڕینی واتا)) (ل٨٩). بۆ ئەم بابەتەیش، ئەوە نیشاندراوە، کە لە زمانی کوردییدا دەنگەگۆڕکێ یەکجار بەربڵاوە و لەم سێ شێوانەی خوارەوەدا دەبینرێت :

١-کۆنسۆنانت بە کۆنسۆنانت ٢- بزوێن بە بزوێن٣- بزوێن بە دیفتۆنگ)) (ل٨٩-١٠٥).

پاشان لێکۆڵەر باسی (جێگۆڕکێی دەنگ) دەکات، سەرەتا هەندێک زانیاریی و بیروبۆچوونی چەند زمانەوانێک دەخاتەڕوو. ئەوە نیشاندراوە، کە جێگۆڕکێی دەنگ بۆ چوار هۆکار دەگەڕێتەوە:

((یەکەم: ئەوانەی بەهۆی بوونی دیالێکت و بەشە دیالێکتی جیاوازەوە سازبوون.

دووەم: ئەوانەی لە تاکە زارێکدا جێگۆڕکێ دەکەن.

سێهەم: ئەو جێگۆڕکێیانەی بەهۆی ڕادەی نزمیی ڕۆشنبیریی ئاخێوەرەوە ڕودەدەن.

چوارەم: لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا دوو دەنگی/و/، /ۆ/ بە دوای /ی/دا نایەن، بۆیە کورد ناچارە ئەو وشانەی (یو)، (یۆ)یان تێدایە، جێگەگۆڕکێیان پێ بکات و بیکاتە(وێ)..)) (ل١٠٦-١٠٩).

له کۆتا باسیشیدا، دێته سەر باسی (گونجان و نەگونجانی دەنگ) و هەندێک نمونە لەو بارەیەوە دەهێنێتەوە (ل١١٠-١١٢). سەرنجمان دەربارەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەتایبەت ئەوەیە، کە هیچ زانیارییەک، یاخود شتێکی زانستی تری تێیدا بەدی ناکرێت و لەهەمان لێکۆڵینەوەکەی (طالب حسين على) دەچێت.

٣) شنۆ قادر محمد، له نامەی ماستەرەکەیدا- لەژێر سەرناوی (یاسا فۆنۆلۆجییەکانی کوردی شێوەزاری کەرکوک)دا نزیکەی (٦٥) لاپەڕەی بۆ ئەو بابەتە تەرخانکردووە (محمد:٢٠٠٨). سەرەتا وەک دەستپێکێک و لە بەشی یەکەمدا، بە کورتی هەندێک زانیاریی تیۆریی تایبەت بە (ئاستەکانی زمان و ئاستی دەنگسازیی، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، فۆنێم و ئەلەفۆن، جۆرەکانی فۆنێم، فۆنێمەکانی زمانی کوردی شێوەزاری کەرکوک) (ل٣-١٧) خستووەتەڕوو.

لە بەشی دوهەمیشدا، دێتەسەر باسی هەندێک زانیاریی لەسەر یاسا فۆنۆلۆژییەکان، وەکو (گۆڕانی دەنگەکان لە زماندا- گۆڕانی کۆنسۆنانتەکان، گۆڕانی ڤاوڵەکان)، دەخاتەڕوو لێکۆڵەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە پێکهاتوی فۆنۆلۆژیی، زیاتر لە پێکهاتووەکانی تر دەگۆڕێت و هەستی پێدەکرێت، دواتر دێتەسەر باسی گۆڕانە دەنگییەکان (ل١٨-٥٥). لەم بەشەدا لەبەرئەوەی شرۆڤەیەکی نوێ نابینرێت، کە جیاواز بێت لە بەرهەمەکانی پێشووتر، بۆیە زیاتر لەسەری ناوەستین.

بەشی سێهەم، بۆ (یاساکانی پێکهاتەی بڕگەی فۆنۆلۆجی) لەڕوی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژییەوە تەرخانکراوە و بە کورتیی هەندێک زانیاریی تایبەت بە قاڵبەکانی بڕگەی زمانی کوردیی نیشاندراوە (ل٥٩-٦٢). پاشان دێتەسەر باسی (گۆڕانی قاڵبەکانی برگە)، بۆ ئەم مەبەستە هەندێک نمونە دەخاتەڕوو، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینی بێت، شرۆڤەیەکی زانستیی بۆ نمونەکان ئەنجامنەدراون (ل٦٢-٦٤).

لەبەر زۆریی ئەو لێکۆڵینەوە و بەرهەمانەی لەبارەی یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردییەوە نوسراون، هاوکات لەبەرئەوەی هەمان (پێناسە، پۆلێنکردن، نمونە...هتد) بەرچاودەکەون، بۆیە تەنها بە کورتیی ناو و ناونیشانی لێکۆڵینەوەکان دەخەینەڕوو

٤) دیار عەبدولکەریم سەعید لەژێر سەرناوی (یاساییێن دەنگی د کوردیا ژۆریدا) بە هەمان شێوەی بەرهەمەکانی تر، سەرەتا وەک دەستپێکێک بە کورتیی هەندێک زانیاریی تیۆریی تایبەت بە پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان دەخاتەڕوو، دواتر لە یاسا دەنگییەکانی شێوەزارەکە دواوە) (سەعید: ٢٠٠٧: ٧٥-١١٥).

٥) محمد معروف فتاح، لەو بەرهەمەیدا، کە بە ناوی (زمانەوانی)یەوە، بڵاوکراوەتەوە، نزیکەی (٧) لاپەڕەی بۆ لێکۆڵینەوەی یاسا فۆنۆلۆژییەکان تەرخانکردووە. لە پێڕەوی فۆنیمی شێوەزارەکانی (سلێمانی، وارماوە، هەولێر) دواوە و باسی گۆڕانی زمان لە ئاستی فۆنەتیکیی و فۆنۆلۆجیدا دەکات، بەوەی ئەم ئاستەی زمان زیاتر لە ئاستەکانی تر دەگۆڕێت و زۆرتریش هەستی پێدەکرێت، لەم جۆرە گۆڕانەدا هەندێک دیاردە لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بەدی دەکرێت (فتاح: ٢٠١١: ١١٩-١٢٥).

٦) دەروون عبدالرحمن ساڵح، لە نامەی ماستەرەکەیدا، لەژێر ناوی (ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا)، نزیکەی (٢٧) لاپەڕە باسی یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردیی کردووە (ساڵح: ٢٠١٢: ٦٩-٩٦).

٧) عەبدوالواحید موشیر دزەیی و دانا تەحسین محەمەد و دەروون عبدالرحمن ساڵح لەژێر سەرناوی (فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی)دا، بە (٧) لاپەڕە باسی یاسا فۆنۆلۆژییەکانیان کردووە (دزەیی و محەمەد و ساڵح: ٢٠١٣: ١٢٧-١٣٤).

٨) بازیان یونس محێددین لە ژێر سەرناوی ( پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس)ەوە، نزیکەی (١٨) لاپەڕەیەکی سەبارەت بە یاسا فۆنۆلۆژییەکان نوسیووە (محێددین: ٢٠١٣: ١٠١-١١٩ ). سەرەتا، وەک دەستپێکێک بە کورتیی هەندێک زانیایی تیۆریی تایبەت بە پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان دەخاتەڕوو، پاشان پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانی پۆلێنکردووە بۆ:

ا) یاسای توانەوە (ل١٠١-١٠٢) .

ب) یاسای پەیابوون (ل١٠٥)

پ) یاسای تێکەڵ بوون (ل١٠٧) .

ت) یاسای فڕێدان و زیادکردن (ل١٠٨) .

د) یاسای جێگۆڕین (زیادکردن) (ل١١٠-١١٢).

...هتد.

سەرنجمان دەربارەی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە، کە هیچ زانیارییەکی نوێی تێیدا بەدیناکرێت و لە هەمان لێکۆڵینەوەکانی پێشوتر دەچێت، بۆیە بە کورتیی لەو بەرهەمە دواوین.

٩) نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، لەژێر سەرناوی (دەنگسازی). نزیکەی (٢٨) لاپەڕەی بۆ (یاسا فۆنۆلۆژییەکان) تەرخانکردووە. بەهەمان شێوەی بەرهەمەکانی پێشووتر،

به کورتیی هەندێک زانیاریی تیۆریی سەبارەت بە پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان و پاشان لە پێواژۆکان دواوە (خۆشناو: ٢٠١٤: ٧٧-١٠٥).

١٠) خەبات هادی جەمیل لەژێر سەرناوی ( فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان لە زمانی کوردیدا) لە لاپەڕە (٢٧-٣٣) بە (٦) شەش لاپەڕە باسی جۆرە باوەکانی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان دەکات (جەمیل: ٢٠١٥: ٢٧-٣٣).

١١) هاوکار عمر خضر لەژێر سەرناوی (یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکانی گۆڕانی ڕەگی داهاتوو بۆ ڕابردوو) بە (١٥) لاپەڕە باسی گۆڕانە یەک پرۆسەیی و گۆڕانە دوو پرۆسەیی و گۆڕانە سێ پرۆسەییەکانی کردووە. (خضر: ٢٠١٩: ١٦٣-١٧٧).

لەم پێداچوونەوەیەدا، بە کورتیی بیروبۆچونی زۆربەی پسپۆڕانی زمانی کوردیی، تایبەت بە یاسا فۆنۆلۆژییەکان خرانەڕوو، لەبەرئەوەی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان وەکو یەکن و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا بەدیناکرێت، بۆیە هەرئەوەندەمان وەرگرتووە .

لە کۆتاییدا دەکرێت ئاماژە بە چەند تێبینی و سەرنجێک بدەین، چونکە ئەوەی جێگەی سەرنج و تێبینی بێت، لێکۆڵەران لە لێکۆڵینەوەکانیاندا:

١) نازانرێت لەسەر چ بنەما و تیۆرییەک لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجامداوە.

٢) جیاوازیی نێوان پێواژۆی فۆنەتیکیی و فۆنۆلۆژیی نەکراوە.


٣) پێواژۆ مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان پۆلێننەکراون.

٤) گرنگیی بە بڕگەو بڕگەسازیی نەدراوە.

٥) زۆربەی زۆری لێکۆڵینەوەکان لەیەک دەچن، تەنانەت نمونەکانیش هەمان نمونەن، تەنها ناونیشانی لێکۆڵینەوەکان هەندێک جیاوازییان تێدایە.

٢/١)فەرهەنگ و زانیاریی فەرهەنگیی

زانیارییە فەرهەنگییەکان (فەرهەنگیی ئاوەزی-Mental Lexicon)، هەمو زانیارییە (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسیی، سیمانتیکیی)ەکان لەخۆدەگرێت، بەو واتایە فەرهەنگ هەنگاو و سەرچاوەی کۆزانیاریی زمانی مرۆڤە و خاوەنی کەرەستەی (فۆنیم، مۆرفێم، وشە...هتد)ی تایبەت بە خۆیەتی. کەرەستە فەرهەنگییەکان دروستەی ناوەکیی خۆیان هەیە، کە بەهۆی یاسا فەرهەنگییەکانەوە دەنوێنرێن (حسین: ٢٠١١: ٥٦). زانیارییە زمانییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان، زانیاریی ئەبستراکتن و لە ناو پێکهاتەکانی ڕێزماندا بەرجەستەدەبن. بۆ زانیاریی زیاتر تایبەت بە نواندنی زانیارییە فەرهەنگییەکان. بڕوانە هێڵکاریی (١).




هێڵکاریی (١)

(نواندنی زانیارییە فەرهەنگییەکان)

فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان، لە تیۆری بەرهەمهێناندا، ئامانجی لێکۆڵینەوەیەکی (پەسنیی-شیکاریی)ی زمانە لە ڕێزماندا. واتە، ئاخێوەر توانای بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی ژمارەیەکی شاراوەی بێکۆتایی لە دەربڕاوەکان هەیە، بۆیە دەگوترێت، ڕێزمان هەرسێ پێکهاتەی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس) دەگرێتەوە، بەڵام سیمانتیک سروشتێکی سرکی هەیە و لە هەمو پێکهاتەیەکدا ئامادەیە (مەحویی: ٢٠١٦: ١٠٥). هێڵکارییەکەی سەرەوە ئەوە نیشاندەدات، کە فەرهەنگ و ڕێزمان تەواوکەری یەکترن، هەریەک لە

توخمە فەرهەنگییەکان دەبن بە تێکردە بۆ پێکهاتەیەکی دیکە و لەپاڵ زانیارییە زمانییەکانی دیکە، زانیاریی سیمانتیکیشیان تێدایە. زانیارییە فۆنۆلۆژییەکانی، فۆنێمەکان هەڵگری نیشانە جیاکەرەوەکانی [فۆنەتیکی ئۆرگانیی/ سازگەی دروستبوون، +- گڕ، +- لچولێو...هتد]. فۆنێمەکان لە پێکهاتوی فۆنۆلۆژییدا بەپێی بنەما و مەرجە فۆنۆتاکتیکییەکان بڕگە دروستدەکەن. دەشێت دوو زمان یان زیاتر، گەنجی فۆنێمی لەیەکچوو یان تەنانەت وەکیەکیشیان هەبێت، بەڵام مەرج و یاسایان جیاوازبێت، کە لەناو (مۆرفێم/ وشە)کاندا، بڕگەکان تەحەکوم بە دابەشبونی فۆنێمەکانەوە دەکەن (مەحویی: ٢٠٠٨: ٢٥٨). بەو پێیە فۆنۆتاکتیک ئەو پێواژۆیانەن، کە پەیوەستن بە زانیارییە تیاهەڵگیراوەکانیانەوە، چۆنێتیی ڕیزبونی فۆنێمەکان لەناو مۆدێلی بڕگەی زمانێکدا دەستنیشاندەکات.

## ٣/١) دەنگناسیی/نظم الصوت/ چەمک و تێڕوانین

(دەنگناسیی-Phonatics) وەکو زانستێک، زاراوەیەکە لە وشەی(Phone)ی یۆنانییەوە هاتووەو بە واتای دەنگ دێت (مەحویی: ٢٠٠٨: ٦١). لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا دەستکەوتی تاقیکردنەوەی فۆنەتیکیی بەجۆرێک بووە، کە نائاشکرایی لە پێکهاتەی دەنگەکاندا خستەڕوو توانی خۆی وەک زانستێکی گرنگ بخاتە پێش چاو (حاجی مارف: ١٩٧٦: ٤). زانایانی زمان هەوڵەکانیان چڕترکردووەتەوە لە شیکردنەوە و وەسفکردنی دەنگەکانی زماندا، چەندین ئامێری دەنگیی لە تاقیکردنەوەی دەنگەکاندا سودیان لێبینراوە، بەمەش ئاڕاستەی لێکۆڵینەوەکان زیاتر بەرەو لای پراکتیکی هەنگاویان نا، نەک تەنها بەلایەنی تیۆرییەوە پەیوەست بکرێن (حوسێن: ٢٠١٥: ٨ ). بۆیە دەکرێت بڵێین، بەشێکە لە زانستی زمان و دروستبون و چۆنێتی گواستنەوە و وەرگرتنی دەنگەکانی زمان وەکو پێواژۆیەکی گشتیی دەیانناسێنێت (ئەمین: ١٩٨٩: ٢٣٩). دەنگەکانی مرۆڤ لە ڕوی ئۆرگانییەوە چۆن دروست دەبێت و کام ئەندامی ئاخاوتن بەشدارن، هەروەها چۆن لە ڕوانگەی فیزیکییەوە دەگوازرێتەوە بۆ گوێگر، کە ئەمیش پتر لایەنی فیزیکیی و فیسیۆلۆژیی دەنگەکان دەگرێتەوە (مەحویی: ٢٠٠٨: ٣). لە ڕوی فۆنەتیکییەوە، هەڵگری کۆمەڵێک سیمای جیاکەرەوەن، وەک: [+- ڤاوڵ، +- دەنگدار، +- تەقیو...هتد].. سەرەڕای ئەوەش فۆنەتیک زانستێکە پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ زۆرێک لە زانستەکانی دیکەدا هەیە، کە یارمەتیدەرێکی باشن بۆ شیکردنەوەو پۆلێنکردنی دەنگەکان. هەنگاوی یەکەمی لێکۆڵینەوە لە دەنگەوە دەستپێدەکات و بە دوای کۆمەڵێک پرسیاری پرۆسەی ئاخاوتندا

دەگەڕێت، پاشان لە قۆناغێکی دیکەدا لە فۆنۆلۆژیدا بەرجەستەدەکرێن، واتە فۆنەتیک تاڕادەیەک گشتییە و هەمو زمانەکان دەگرێتەوە، چونکە لە هەمو زمانەکاندا، دەنگە زمانییەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی (قسەکەر + شەپۆلی هەوا + گوێگر) دروستدەبن، لە بەرهەمهێنانی دەنگەکانی زمان و جۆری دەنگەکان و چۆنێتیی درکاندن و بەشداریکردنی ئەندامانی ئاخاوتن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، سەرەڕای ئەوەیش دەنگی [پ ~p] هەڵگری نیشانەی (+کۆنسۆنانت، +لچولێو..هتد)یە، بەڵام لە ڕوی فۆنۆلۆژییەوە مەرج نییە هەڵگری هەمان نیشانەی جیاکەرەوە بن. بەو واتایە ئەو دەنگانەی لە زماندا بە فۆنیم ئەژمارکراون، لەناو فەرهەنگی مێشکدا هەڵگری هەمان نیشانەی واتایی/ نیشانەجیاکەرەوەی خۆیانن، بۆیە لەفەرهەنگدا بەم نیشانانەوە نیشاندەدرێن. بۆنمونە هەندێک نیشانەی دەنگەکانی [p, b] لە فەرهەنگدا.

(١-١) هەندێک نیشانەی دەنگەکانی[p, b] لە فەرهەنگدا.

[b]
+کۆنسنانت
+لچولێویی
+تەقیو
+دەنگدار

[p]
+ کۆنسنانت
+لچولێویی
+تەقیو
-دەنگدار

بەپێی بەهای نیشانەجیاکەرەوەکانی دەنگەکانی سەرەوە، / ب ، پ/ لە پێکهاتوی فۆنۆلۆژییدا دوو فۆنێمی جیاوازن، کاتێک دەنگی [p] لەسەرەتای بڕگەدا دەردەبڕدرێت، لچولێویی کپە و هەناسەدارە، بەڵام بەهۆی فۆنۆتاکتیکەوە لەدابەشبونی تەواوکەرانەدا، دەنگەکە لە کۆتایی بڕگەدا بە [$p^h$] ناهەناسەدار بەرجەستەدەکرێت، بۆیە دەکرێت وەکو ئەلەفۆن ئەژماربکرێن، وەک:


١-أ)/پییر/ [pi:r]

ب)/چاپ/ [$ʧa:p^h$]

هەروەها بەپێی بەهای نیشانەجیاکەرەوەکانی دەنگی [b] لە سەرەتای بڕگەدا لچولێویی دەنگدارە، بەڵام بەهۆی فۆنۆتاکتیکەوە لە دابەشبونی تەواوکەرانەدا، دەنگەکە لە کۆتایی بڕگەدا کپ بەرجەستەدەکرێت، بۆیە دەکرێت وەکو ئەلەفۆن ئەژماربکرێن. تەنانەت وەهای لە زمانەوان کردووە، نەزانن ئەوەی کۆتایی فۆنێمی(/b/)، یان (/p /)ە وەک:

١-أ)/بییر/ [bi:r]

ب)/زۆراب/ [zo . ra:p] ( غریب و ئەوانی تر: ٢٠٢١: ٦٥١-٦٥٣).




هێڵکاریی ( ٢ )

( پێکهاتەی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژیی )

بەپێی هێڵکاریی (٢) فۆنێمەکانی(/p/,/b/) لە پێکهاتوی فۆنۆلۆژییدا دوو فۆنێمی جیاوازن، بەڵام فۆنێمی (/b/) وەکو (ئارخیفۆنێم) لە جێکەوتەکانی سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا وەکو یەک دەرنابڕدرێت. لە ڕوی فۆنەتیکەوە لە شێوەی (+ دەنگدار)یەوە دەگۆڕێت بۆ (- دەنگدار)یی، ئەمەیش وەها دەکات فۆنێمەکە لە شێوەی دەنگی [P] بەرجەستەبکرێت (Crystal: 2008: 31).

٤/١) فۆنۆتاکتیک

زاراوەی فۆنۆتاکتیک زاراوەیەکی زمانەوانییە لە فۆنۆلۆژییدا، بۆ نواندنی زنجیرەی ڕێگەپێدراو بەکاردەهێنرێت، وشەیەکی گریکیی کۆنە، لە دووبەش پێکهاتوە لە (دەنگ) و(ڕێکخستن) واتە (Phonotactic ). بە واتای ڕونکردنەوە و نواندنی زنجیرە ڕێگەپێدراوەکانی فۆنێمەکان، چەپکە فۆنێمەکان، قەیدو کۆتوبەندەکانی دابەشبوون، چەشنی برگە (ڕێگەپێدراو/ ڕێگەپێنەدراو)ەکان دێت. (مەحویی: ٢٠٠٨: ١٩٤). دیاردەیەکی زمانەوانییە لە ناو پێکهاتەکانی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس) دەبینرێتەوە، هەمو دیاردەیەک لە زماندا زاراوەیەکی بۆ بەکارهێنراوە، کە کۆمەڵێک لایەن و بوار لەخۆدەگرێت و بە خۆیەوە گرێدەدات، دەکرێت فۆنۆتاکتیکیش وەکو هەر زانستێکی تر پەیوەندییان بە زانستەکانی ترەوە هەبێت، (نادر: ٢٠٢٢: ١١). پێواژۆکانی فۆنۆتاکتیک، لە هەمو زمانێک مەرج و قەید و کۆتوبەندی دیاریکراوی خستنەتەکیەکی خۆی هەیە و سەر بە دروستەی پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانی زمانن، بەڵام وەکو یەک نیین. واتە، ئەو پێواژۆ و مەرجانەن، کە سەرەو ڕیزبونی فۆنێمەکانی زمانێک لە قالّب دەدەن، یان هاوسێیەتی و بەدوای یەکداهاتن و ڕێکخستنی یەکە دەنگیی و بڕگەکانی زمانێک بۆ وشەو دروستەی فۆنۆلۆژیی شیدەکاتەوە (خورشید: ٢٠١٠: ١٩٣-١٩٤). دەربڕینی دەنگەکان لە دابەشبونی تەواوکەرانەدا، بەپێی جێکەوتەکانی (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی)ی بڕگە وەک (+/- دەنگداریی) بەرجەستەناکرێن، تەنانەت ئەگەر دەنگەکانیش لەلایەن یەک کەسیشەوە بوترێتەوە، هەمو جارێک لەوەی پێشتر جیاواز دەبێت . بۆنمونە لە وشەی [pan] دا، وشەکە لە زنجیرە فۆنێمەکانی(/پ، ا، ن/) پێکهاتووە، لەکاتێکدا دەنگی [p] دەنگێکی لچولێوییە و دەنگی[n] دەنگێکی لوتییە، بزوێنی[a] کرۆکی بڕگەکەیەو بڕگەیەکی فۆنۆلۆژیی دروستکردووە، لە ئەنجامی چوونەپاڵیەکی فۆنێمەکان لە دروستەی وشەکەدا و بەهۆی فۆنۆتاکتیکەوە، دەنگە بزوێنەکە لەگەڵ لچولێوییەکە لە شێوەی دەنگێکی لچولێویی بەرجەستەدەکرێت. لە وشەی فۆنۆلۆژییدا ئەوە خرایەڕوو، کە بەهۆی فۆنۆتاکتیکی فۆنێمەکانەوە، دەنگەکان لە ڕوی ئۆرگانییەوە دەربڕینی جۆراوجۆریان هەن، بە هەموو ئەو جۆرە گۆردراوانەیش دەوترێت ئەلۆفۆن. هەروەها لەپێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکاندا، کاتێک وشەی مۆرفۆلۆژیی (ناسادە) دروستدەکرێت، نواندنی فۆنەتیکییانەی فۆنێمەکان وابەستەی ئەو مەرج و کۆتوبەندانەن، کە لە نواندنی فۆنۆلۆژییدا پەیڕەوکردنیان خورتییە. بۆ نمونە فۆنێمی(/د~d/) لە بنەرەتدا وەکو

(+دەنگدار) پێناسەی دەکرێت و لە سەرەتای بڕگەی وشەی فۆنۆلۆژییدا دەبینرێتەوە، بەڵام لە کۆتایی بڕگەدا زۆر جار وەکو(-دەنگدار) بەرجەستەدەکرێت، وەک: [dɨɫ . ʃa: d̥]
( غریب و ئەوانی تر:٢٠٢١:٦٥١).

٥/١) دەنگسازیی/علم الصوت/ چەمک و تێڕوانین

لە (٣/١)دا چەمک و زانیاریی فۆنەتیکیی نیشاندران، بۆیە لەم وەچەپارەیشدا هەوڵدەدرێت هەندێک زانیاریی تایبەت بە فۆنۆلۆژیی و پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکانەوە نیشانبدەین. سەرەتا نیشانە جیاکەرەوەکان لەسەر بنەمای تایبەتێتییە فۆنەتیکییەکان لەلایەن (جاکۆبسن)ەوە پێڕەوکرابوو، پاشان چۆمسکی و هالی و پۆستال دارشتنەوەیەکی نوێیان لە جیاکردنەوەی فۆنێمەکاندا ئەنجامدا و پەیڕەویاندەکرد، تا دواتر فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان (Generative phonology) هێنایەکایەوە، کە تیۆری لێکۆڵینەوەی ڕێکخستنی دەنگەکانی زمان دەگرێتەوە (سەعید: ٢٠١١: ٢٣). فۆنۆلۆژیی بەدەرە لە لێکۆڵینەوەی زیقاوڵەیی و گڕیی و کپیی دەنگییەوە، بەڵکو وەچەپێڕەوی ڕێزمانێکی تایبەتە، لە تایبەتمەندیی جێنشینی و تەکنشینیی فۆنێمەکان و دەنگە دیاریکراوەکانی زمانێک دەکۆڵێتەوە (مەحویی: ٢٠٠٨: ٦٦). لە پێکهاتوی فۆنۆلۆژییدا (پێڕەو/ پێکهاتە)هەیە، کەرەستەی فۆنۆلۆژییش (فۆنێمە کەرتیی و ناکەرتیی)ەکانە. فۆنێمەکان بە شێوەی زنجیرەیی (یاسا، ڕێسا، مەرج) لە پەیوەندیدان، لەڕوی شێوەو فۆڕمیان و لە فەرهەنگی ئاوەزییدا هەڵگری واتان. لەناو پێڕەوی گشتیی زماندا دروستە، یان (وەچە پێڕەو)ی فۆنۆلۆژیی پانتاییەکی فراوان لە فەرهەنگی ئاوەزیدا پێکدەهێنێت، دەنگەکان لە ڕوی ئۆرگانییەوە دەردەبڕدرێن و لەبنەرەتدا هەڵگری کۆمەڵێک سیمای جیاکەرەوەن، لە فۆنۆلۆژییدا، وەکو (فۆنێم) بەرجەستەدەکرێن، یاخود هەندێک لە دەنگەکان دەشێت (+ دەنگدار، - دەنگدار) بن، بەڵام زۆر جار لە وشەی فۆنۆلۆژییدا، بەهۆی پێواژۆ فۆنۆتاکتیکییەکانەوە (+دەنگدار) بۆ (- دەنگدار) بەرجەستەبکرێن (نادر: ٢٠٢٢: ١٢). یەکێک لە ڕێبازە باوەکانی فۆنۆلۆژیی، جیاکردنەوەی فۆنێمەکانە، لە ڕێگەی نیشانە (جیاکەرەوەکانەوە-Distinictive Feature)، کە هەر دەنگێکی زمانی مرۆڤ، لە بنەڕەتدا هەڵگری بیچمی تایبەت بە خۆیەتی و لە دەنگەکانی تر جودادەکرێتەوە، لەسەر ئەم بنەمایەش هەریەک لە(halle, Chomsky, jakobson, trubetzkoy) بنەمای کارەکانیان داڕشتووە، پاشان فۆنێمەکان دۆزراونەتەوە Romn jakobson,c. gunnar,m.fatn,

(morris hall: 1963: 13)، لە زمانی کوردییدا بەپێی پێڕەوی فۆنۆلۆژیی، بە مەبەستی پێکهێنانی دانەی گەورەتر، وەکو (بڕگە، مۆرفیم، وشە) فۆنیمەکانی بە شێوەی زنجیرەیی لەیەکدەدرێن، زۆرجار لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفیمەکان پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان ڕودەدەن.

پێڕەوە فۆنۆلۆژییەکانی زمان لە پێناو ڕێکوپێکیی دەربڕینی فۆنیمەکاندایە، یەکە زمانییەکانی زمانێک بەتایبەتی یەکە فۆنۆلۆژییەکانی ئەو زمانە دروستەیەک دروستدەکەن و لەگەڵ تەواوی پێکهاتەکانی زماندا لە پەیوەندیی زۆردا دەوەستنەوە، ئەم پەیوەندییانەش نرخ و بەهای هەریەکە لە یەکەکان دیاریدەکەن (مەحویی: ٢٠٠٨: ١٥). هەر لەبەر ئەمەش دەرکەوتن و گونجانی فۆنیمەکانی هەر زمانێک کۆمەڵێک کۆت و مەرجی بەسەردا دەسەپێنرێت، کە پێڕەوە فۆنۆلۆژییەکەی هاوکات لەگەڵ قاڵبە باوەکانی بڕگەی فۆنۆلۆژیی زمانەکە هاوتەریب دەبێت، پشتبەستن بە فۆنیمە دیاریکراوەکان دەتوانرێت بڕگە فۆنۆلۆژییەکانی زمان و مۆدێلی بڕگە دەستنیشانبکرێت، کە بە بەرهەمهێنەری سنور و مەرجە فۆنۆتاکتییەکانی زمانەکەش دیاریدەکرێت. (سەعید: ٢٠١٩: ١١). دەرکەوتنی هەر فۆنیمێکی زمانی کوردیش بەهەمان شێوە بە کۆمەڵێک نیشانەی جیاکەرەوەییەوە پەیوەستە، دەکرێت هەریەکە لە نیشانە جیاکەرەوەکان بەپێی جێکەوتە و پێکەوەهاتنی چەپکە جیاوازەکانی فۆنیمەکان گۆڕان لە شێوازی گۆکردنیان ڕوبدات و (ئەلەفۆن) بێتەکایەوە، ئەو گۆڕانانەش پەیوەستە بە مێشکی قسەکەرەوە، لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە تەواوی زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان گرێدراوی ئاوەزی قسەکەرە، بۆیە کاتێک ئاڵوگۆڕێکی نادروستی دەنگی ڕودەدات، ڕاستەوخۆ هەوڵی ڕاستکردنەوەی دەدرێت.

٦/١)چەمک و پێناسەی (فۆنۆمۆرفۆلۆژیی)

زاراوەی (فۆنۆمۆرفۆلۆژیی- phono-Morphology) لە زماندا وەکو زانستێکی نوێ هەڵگری هەردوو پێکهاتەی (فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی)یە. واتە، لە ئەنجامی تێکچڕژان و پەیوەندیی نێوان هەردوو پێکهاتەکە هاتووەتەئاراوە، چونکە لەو زانیاریی و گۆڕانکارییانە دەدوێت، کە لە نێوان ئەو دوو ئاستەدا ڕوودەدەن.

سەرەتا وەکو زانستێک بۆ (بلۆمفیلد) دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕۆنانکاریی ئەمریکایی لەژێر ناوی (مۆرفۆفۆنێم) دەگەڕێتەوە. دواتر بە شێوەیەکی زانستیی لە کتێبە بەناوبانگەکەی (چۆمسکیی)دا لەژێر ناوی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان) پێکهاتەی (یاسا مۆرفۆفۆنێم) زیاتر گرنگی پێدراوە و بووبووە جێگەی سەرنجی زمانناسان، کە بە یەکێک لە تیۆرە بەناوبانگە جیهانییەکان ئەژماردەکرێت (محێددین: ٢٠١٣: ١١٩). ئەم تیۆرە لە بنەڕەتدا لەژێر ناوی(Lexical Morphology and phonology) هاتووە. واتە پەیوەندیی نێوان (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، فەرهەنگ-Lexicon) دەخاتەڕوو، لەهەمبەر زاراوەی فۆنۆمۆرفۆلۆژیی لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا چەند زاراوەیەکی تریش، وەکو (مۆرفۆفۆنێم-Morpho-phonology، مۆرفۆفۆنۆمیک-Morpho-phonemic، مۆرفۆفۆنۆلۆژیی Morpho-phonology) بەکارهاتوون (مختار: ١٩٩٧: ٧٠-٧٢). ئەو پێواژۆیانەی، کە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی تێیدا بەشداریدەکەن بە (فۆنۆمۆرفۆلۆژیی/ مۆرفۆفۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی) ناودەبرێن. لە زمانی کوردیشدا زاراوەی (دەنگوشەسازیی) بەکارهاتووە (ڕەسوڵ: ٢٠١٥: ٢٧٥) سەرەتای بیرۆکەی تیۆری وشەی فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی لەلایەن (Siegel)ەوە لە ساڵی ١٩٧٤دا پێشنیازکراوە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٢دا، (Kiparsky) پشتگیریی بیرۆکەی تیۆرییەکەی کردووەو وەکو تیۆرێک بۆ لێکدانەوەی کارلێکە مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژییەکان برەوی پێدا، لە کاتێکدا جیاوازیی سەرەکیی و بنچینەیی لە ناوەڕۆکی نمونەکانی (Kiparsky) و (Mohnan)دا بەرجەستەدەکریت. ئەم تیۆرییە پەیوەندیی نێوان فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و فەرهەنگ (Lexicon) دەخاتەڕوو، کە دەبنە هۆکاری سەرهەڵدانی گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا. پێواژۆکان لە (زمانی کوردیی/ شێوەزارەکە)دا، پتر لە پێکهاتوی فەرهەنگیی، یان دوافەرهەنگییدا جێبەجێدەبن. سەرەڕای ئەوەیش، کاتێک بەیەکداچوون لەنێوان یاسای پێکهاتووە جیاوازەکاندا، یان لەنێوان یاسا فەرهەنگیی و دوافەرهەنگییەکاندا دروستدەبێت، پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان دەردەکەون بۆئەوەی بە شێوەی

جیاواز جێبەجێبکرێن. بۆنمونە پێواژۆی (لێکچونی دەنگیی- فەرهەنگیی)ی دەنگە لوتییەکان بەخورتییە و سنور و گواستنەوەی خاڵە سەرەکییەکانی دەربڕین و گۆکردنی دەنگەکانی زمانە، لەکاتێکدا لێکچونی دوافەرهەنگی بەئارەزووییەو گرنگیی بە یاسا و ڕێساکانی فۆنۆلۆژیی نادات، بەڵکو زیاتر تایبەتە بە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ڕەمەکییەوە. (Mohnan) فۆنۆلۆژیی وەکو تاکە سیستەمێکی یەکگرتوو دەبینێت، کە هەر یاسایەک لە سنوری خۆیدا، کە جێبەجێدەبێت مارکەی لێدەدرێت ( Mohanan, 1995 in Kiparsky, 1982: 86). هەروەها لەگەڵ سنورداریی ئەم بوارەدا، پێویستە یاسا فۆنۆلۆژییەکان پەیوەندیداربن و لە کۆمەڵە پێواژۆیەک پێکهاتبن لە پێکهاتەی فۆنۆلۆژییدا، بەڵام توێژینەوە نوێیەکان پێشنیازی ئەوە دەکەن، کە پرەنسیپە توندە نوێیەکان حوکمی پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان دەکەن. دەکرێت لە زۆر حاڵەتدا وەک یاسای تاک و دیاریکراو مامەڵە لەگەڵ پرۆسە فەرهەنگیی و دوافەرهەنگییەکاندا بکرێت، سەرەڕای هەبونی جیاوازیی ڕیشەیی لە شێواز و بواری جێبەجێکردنیشیاندا. ئەدگارێکی گرنگی تری یاساکانی چینی یەکهەم ئەوەیە، کە گۆڕانکاریی زۆر بەسەر ئەو وشە فۆنۆلۆژییانەدا دەهێنن، کاتێک بە مەبەستی دروستکردنی وشەی مۆرفۆلۆژیی (پێشگر/ پاشگر)یان پێوەدەلکێنرێن، ئەمەش نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە، کە بەهۆی مۆرفیمە وشەدارێژەکانەوە فۆنیمەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

### ٧/١) فۆنۆمۆرفۆلۆژیی وەک ڕوبەری بەیەکگەیشتنی نێوان فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی

لێکدانەوەکانی ئەم وەچەپارە لەبارەی فۆنۆمۆرفۆلۆژییەوە، لەبارەی پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچونیانەوەیە، لەناو مۆدێلی ڕێزماندا پێکهاتەکان سەرباری جیاکردنەوەیان و دیاریکردنی جۆرێک لە چوارچێوە بۆ هەر یەکێکیان، یەکدەبڕن و دەکەونە سەریەک. پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکان پێش پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان دەکەون، چونکە پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان لەکاتی بەرهەمهێنانی وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا ڕودەدەن (Geert: 1985: 24). بە شێوەیەکی گشتیی وەها تێکچڕژاون بە ئاسانی ناتوانرێت سنوری نێوانیان دەستنیشانبکرێت، پێکهاتەکان وابەستەی یەکترن و دەرکردەی هەر پێکهاتەیەکیان، دەبێتە تێکردە بۆ پێکهاتەکەی دوای خۆی. بۆیە هەمویان پەیوەندیی و هاوبەشیی لەنێوانیاندا بەدیدەکرێت، ئەو پێواژۆیانەی کە لە نێوان فۆنۆلۆژیی


و مۆرفۆلۆژییدا ڕودەدەن، بە فۆنۆمۆرفۆلۆژیی ناودەبرێن. لەناو پێکهاتەکاندا (ڕێسا، کەرەستە، پێکهاتە، پەیوەندیی، هاوبەشیی.. هتد) هەن، بەڵام یاساکانی چینی دوهەم یاسابەندێتیی سیمانتیکی و فۆنۆلۆژییان لە داڕشتنی فۆرمی وشەکاندا هەیە، لەڕوی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژییەوە. لە زمانی کوردیدا فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی تێکەڵ بەیەکتری دەبن، بەڵام لەڕوی فەرهەنگییەوە جیادەبنەوە.

| | | |
|---|---|---|
| فەرهەنگ | پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی<br>پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی<br>پێکهاتەی سینتاکس | فۆنۆمۆرفۆلۆژیی |

پەیوەندیی ناو پیکهاتەیەک بەخۆیەوە و پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانیش هەن، لە هەمو ئەمانە پێڕەو دروستبووە، ئەگەر پێڕەوەکە گەورە بوو، ئەوە پێیدەگوترێت (مۆدێل). بۆ نمونە (هۆش، بییر، زمان..هتد) هەریەک لە ئەمانە مۆدێلێکی بچووکن، هەمویان بەیەکەوە بەپێی (یاسا، ڕێسا، مەرج) کاردەکەن. لە مۆرفۆلۆژییدا (پێڕەو/ پێکهاتە)هەیە، کەرەستەی مۆرفۆلۆژییش (مۆرفێم/ وشە)یە، بە شێوەی زنجیرەیی (یاسا، ڕێسا، مەرج) لە پەیوەندیدان وشەکان شێوەو واتایان لەگەڵ دەربڕیندا هەیە، قسەکەر ئەم پرۆسانە جیبەجێدەکات و بۆ گوێگریان دەنێرێت، کە خاوەنی هەمان فەرهەنگی زانیارییە دەربارەی دەربڕاوەکان، ئەمەیش جۆرێکە بۆ لەیەکتر گەیشتن لە نێوان قسەکەرو گوێگردا، یان نوسەرو خوێنەردا. پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکان چەند ئەرکێکی گرنگیان هەیە، وەکو (لاگرلکاندن- Affixation)، کاتێک پێشگر یان پاشگر دەخرێنەسەر وشەیەک، گۆڕان بەسەر جێکەوتەکانی هێزیشدا دێت، کە هەرچەندە ئەمەیش بە گوێرەی پێشگرو پاشگرەکان دەگۆڕێت. لەم ڕوەیشەوە پێویستە فەرهەنگی زمان زانیاریی تەواو دەربارەی تایبەتمەندیی وشەکان پەیوەست بە فۆنۆلۆژییەوە بخاتەڕوو. بۆنمونە پێویستە فەرهەنگ لە زمانە ئاوازدارەکاندا زانیاریی دەربارەی وشە و بڕگەکانی زمانەکە لەڕوی ئاوازو فەرهەنگی وشەکانەوە بخاتەڕوو، بەتایبەتیش ئەوانەی، کە ئاوازەکانیان بە یاساو ڕێسا پەیوەندیدارەکانەوە دەستنیشاننەکراون. لە زمانی کوردیدا زۆربەی پاشگرەکان هەڵگری هێزی سەرەکین، واتە، هێزڕاکێشن و بە شێوەیەکی کەمیش هەندێک پاشگر هێز

وەرناگرن. پاشگرەکان زیاتر هاوبەشی لە گۆڕانی فۆنۆلۆژیی قەددا دەکەن، کاتێک پاشگرەکان دەخرێنەسەر وشەکان، گۆڕانکاری دروستدەبێت، کە بە یاسا فۆنۆلۆژییەکان ناسراون. (مەحویی: ٢٠٠٨: ٢١، غریب: ٢٠١٩: ١٢٥–١٢٧).

پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکان لە زماندا جۆراوجۆرن، هەردوو پێواژۆی (وشە داڕشتن و شکاندنەوە)یش دەگرێتەوە، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها لە پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانی (کەوتن، دەنگگۆڕکێ، پەیدابوون...هتد) دەدوێن، کە لە ئەنجامی پێواژۆکانی (وشەدروستکردن)ەوە ڕوودەدەن. لە ناو پێڕەوی گشتیی زماندا ژمارەیەکی زۆر وەچەپێڕەو بەدیدەکرێت، هەربۆیە ناسین و زانیاریی دەربارەی پێڕەوە گشتییەکە تاڕادەیەک کارێکی ئاسانەو ئەستەم نییە، بەوپێیە زیاتر هەڵە گشتییەکانی یاسا ڕێزمانییەکانی تێدا ئاشکراو ڕونن، وەک ڕیزبوون و جێکەوتەی یەکە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردیی پێکدێت. لەناو وەچە پێڕەوەکاندا ئەگەری بونی چەندین پێواژۆی شاراوە هەیە، کە کۆی زانیارییە گەنجکراوەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیدا خاوەنی جێکەوتەیەکی پتەون، ئەگەرچی لەوانەیە لە هەندێک سات و بارودۆخدا لە ئەنجامی گوێزانەوە لە ئاستی ژێرەوە بۆ سەرەوە جۆرێک لە گۆڕانکاریی، یان ناتەبایی بەدیبکرێت. نیشانەو ئەدگاری گرنگ بۆ ناسینەوەی فۆڕمە جۆراوجۆرەکانی (مۆرفیم/ وشە) یەک، وەکو ئەلۆمۆرفەکان، ئەوەیە کە هەمویان بەهۆی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکانەوە لە دەوروبەری جیاوازدا هەمان واتایان هەیە (مەحویی: ٢٠٢١: ١٥). کەواتە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت، لێکۆڵینەوە لە مۆرفۆلۆژیی بەبێ فۆنۆلۆژیی، یان بەپێچەوانەوە، بە ئەنجامێکی زانستیی دروستمان ناگەیێنێت. لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێناندا پەیوەندیی نێوان نواندنی فۆنەتیکیی و فۆنۆلۆژیی (وشە)کان، لە ڕێگەی پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکانەوە نیشاندەدرێن. واتا زانیاریی دەنگیی پەیوەست بە دەربڕینە جیاوازەکان دەخاتەڕوو. (الدینی: ١٣٧٧: ١٦٢). لە هێڵکاریی (٣)دا نیشاندراوە.




هێڵکاریی (٣)

بەپێی هێڵکاریی (٣) نواندنی فۆنۆلۆژیی وشەکان، بەهۆی پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکانەوە نواندنی فۆنەتیکییان گۆڕانیان بەسەردا دێت. بە واتا وشە فەرهەنگییەکان، وەک: (/ڕشتن، کوشتن/) لە مێشکدان، گۆڕانی:

[ʃ → ʒ]  لە  (/ڕشتن /)  ← (/دەڕێژم/)

نواندنی فۆنەتیکییە، ئەو گۆڕانکارییەی بەسەریاندا دێت، هێشتا لە مێشکدایەو، پێیدەوترێت فۆنۆلۆژیی، وەچەبەشەکانی مۆرفۆلۆژیی، کە پتر پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان تێیاندا ڕوودەدەن، بریتیین لە:




هێڵکاریی (٤)

## ١-٧-١) وشە دروستکردن- word-formation

مەبەست لە مۆرفۆلۆژیی وشە دروستکردن، ئەو زانستەیە، کە لە چۆنێتیی دروستکردن و پێکهاتنی وشەکانی ئەمڕۆی زمان دەکۆڵێتەوە (عبدالله: ٢٠٠٧: ١٨) ئەویش لە ڕێگەی (مۆرفێمە وشەداڕێژ)ەکانەوە، یاخود مۆرفێمە سەربەخۆکانەوە جێبەجێدەکرێن. واتە ئەو تەرزانە پێکدەهێنرێنەوەو پەسەنددەکرێن، کە بە پەیڕەوکردنیان دروستەی ناوەوەی وشەکانی زمانی کوردیی دروستبووە و وشەی نوێیشیان پێدروستدەکرێن (مەحویی:٢٠٢١: ٤٠). لە کاتی خستنەپاڵیەکی مۆرفێمەکان بە مەبەستی دروستکردنی وشەی مۆرفۆلۆژیی، هەندێک لە مۆرفێمەکان کارلێکدەکەن و هەندێک پێواژۆی فۆنۆمۆرفۆلۆژیی ڕودەدەن، وەک:

١)/دەست+گر/ = دەزگر [dəst . gɨr ~ dəz . gɨr]

ئەگەر بڕوانینە نمونەی (١)، دەبینین هەندێک گۆڕانی فۆنۆمۆرفۆلۆژیی ڕویانداوە، وەک:

ا) گۆڕینی دەنگی [س~ s ] بۆ [ز~ z ]. واتە، گۆڕینی دەنگەکە لە (+کپی)یەوە بۆ (+دەنگداریی) گۆڕاوە .

ب) هەروەها پێواژۆی کەوتنیش بەدیدەکرێت، وەکو کەوتنی دەنگی[ت~t ] لە وشەی [dəs . gɨr] کەوتووەو وشەکە بوەتە وشەیەکی لێکدراو. ئەمەیش وەها دەکات بەپێی مەرجە فۆنۆتاکتیکییەکانی زمانی کوردیی، زمان پێڕەوبەندێتی هەبێت زانیارییەکانیش پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی پێڕەوبەندانەیە لە پێناو گەیشتن بە پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان، بۆ زانیاریی زیاتر: (بڕوانە بەشی سێهەمی ئەم نامەیە).

## ١-٧-٢)شکاندنەوە

مەبەست لە مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە ئەو مۆرفێمە بەندانەن، کە گۆکردنی سینتاکسییان هەیە و بۆ دروستکردنی وشەی نوێ نییە، بەڵکو هەندێک جۆری وشە لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە بە فۆڕمی جۆراوجۆرەوە بەرجەستەدەکرێن، کە یاسابەندانە گۆکردنی سینتاکسیی جیاوازیان پێدەدرێت (مەحویی: ٢٠٢١: ٢٠١). ئەمەش هەمان ئەو واتاو چەمکەیە، کە لێرەدا فۆنۆمۆرفۆلۆژیی لە ڕوانگەی پەیوەندیی و وابەستەگێتیی نێوان فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی دەگەیەنێت. مۆرفێمەکانی شکاندنەوە ژمارەیان سنوردارن، ئەو مۆرفێمانەن کە هەڵگری واتای ڕێزمانین، کە لە داڕشتەی دروستەی فرێز و ڕستەکاندا بەشدارییدەکەن، لکاندنی پێشگر و پاشگرە سینتاکسییەکان، بۆ پێواژۆی سینتاکسین

(عەلی: ٢٠١٤: ٢٠٠). لە کاتی شکاندنەوەی وشەکان و لکاندنی لاگرەکانی شکاندنەوە، هەندێک جار گۆڕانی فۆنۆمۆرفۆلۆژیی بەرجەستەدەکرێن، وەک:

ناوی کرداریی          ڕەگ          پۆلەڕەگەزەکانی شکانەوە

١)/ کوشتن/ ⟵ /کوش/ ⟵ <دە+ کوژ+ ێت>          [də . Ku . ʒet]

نمونەی (١) ئەو ڕاستییە نیشاندەدات، کە هەندێک گۆڕانی فۆنۆمۆرفۆلۆژیی ڕوویانداوە، وەک: پێواژۆی گۆڕینی دەنگ(ش~ʃ)،[+کپیی، +خشۆک] بۆ (ژ~ʒ)،[- کپی، +خشۆک ]. واتە گۆڕینی دەنگەکە لە (+کپیی)یەوە بۆ(-کپیی)، یان (+دەنگداریی) گۆڕاوە. ئەو دابەشبونە جیاوازانە لە فەرهەنگ و سینتاکسدا، دەربڕینی فۆنەتیکیی لە نمونەی ( ١ )دا هاتووەتەئاراوە، کە لەگەڵ تێکەڵبونی پێکهاتەکانی ڕێزمانیشدا، جیاوازیی پێکهاتوی مۆرفۆلۆژیی لەگەڵ سینتاکس هەر هەیەو ئاشکرایە، کە دیاردە فۆنەتیکییەکەش هەر لە ئەمانەوە سەرچاوەی گرتووە.

واتە لە پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکاندا، پاش ئەنجامدانی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکانی (وشە دروستکردن و شکاندنەوە) هەندێک گۆڕانکاریی دەنگیی ڕودەدەن، لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها هەندێک زانیاریی و شیکاریی بۆ پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکانی (وشە دروستکردن) لە شێوەزارەکەدا دەکرێت

.

# بەشی دوهەم

## پێڕەوی فۆنێمەکان لە شێوەزارەکەدا

## ٢) پێڕەوی فۆنیمەکان لە شێوەزارەکەدا

## ١/٢) دەنگە بیستراوەکان

لە فۆنۆلۆژییدا، بە مەبەستی پۆلێن و دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردیی بە شێوەیەکی گشتیی و شێوەزاری شارەزوور بەتایبەتیی، پێویستە سەرەتا ئەو دەنگانە پۆلێن و جیابکرێنەوە، کە ئەمڕۆ لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا گۆدەکرێن و دەبیسترێن (مەحویی: ٢٠١٦: ١٤١). لە زمانی کوردییدا، دەنگەکان لە ڕوی ئۆرگانییەوە بۆ دوو جۆر پۆلێنکراون، وەک:

### ١-١/٢) کۆنسۆنانتەکان

لە ڕوی فۆنەتیکییەوە، بە ئەو دەنگانە دەوترێت، کە لە کاتی درکاندنیاندا، ئەو ئەندامانەی بەشداریی لە دروستبوونیاندا دەکەن، (دێنەوە یەک)، یان (لەیەکدیی نزیک دەبنەوە)، لە دەربڕین و ئاخاوتندا گرانن و بە ئاسانی لە دەم نایەنە دەرەوە، بەڵکو هەمیشە بەربەستێک دێتە ڕێگایان، کەواتە لە کاتی بەرهەمهێنانی دەنگە کۆنسۆنانتەکان لە هەندێک شوێندا ڕێگە لەو هەوایە دەگیرێت، کە لە سییەکانەوە دەردەچێت و لە دەم، یان لە لوتەوە بە ئارەزوی خۆی نایەتە دەرەوە. بۆ نمونە کۆنسۆنانتەکانی: [ف، ن، ت، ڵ،...هتد] بەپێی ئۆرگانەکانی دروستکردنیان پۆلێنکراون بۆ (گەرویی، پشتەوەیی – مەلاشویی، ڕەقە مەلاشویی، پوکیی، لچولێویی و ددانیی)، دەنگە کۆنسۆنانتەکان دەنگەکانیان بەوە جیا دەکرێتەوە کە ئاوازی جیاواز دەردەکەن (غەریب: ٢٠١٩: ٥٣).

#### ١-١-١/٢) تەقاوەکان

دەنگە تەقاوەکان، پۆلێکن لە دەنگی کۆنسۆنانت لە زمانەوانیدا، کە بە ڕێگرییەکی تەواو لە ڕۆشتنی هەوا لە کۆئەندامی دەنگدا تایبەتمەندن، دواتر ئازادکردنی لەناکاو. ئەم شێوازە جیاوازەی قسەکردن تەقینەوەی دەنگێک دروستدەکات و هەر ئەم ئازادکردنی فشارەیە، کە ناوی خۆیان بە تەقیوەکان دەبەخشێت، دەنگە تەقیوەکان لە زۆر زماندا دەبینرێن و ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرهەمهێنانی (بڕگە، مۆرفێم، وشە)دا دەگێڕن، کەواتە پەیوەندیکردنی تەقیوەکان پرۆسەیەکی دوو قۆناغی لە خۆدەگرێت، ئەوانیش قۆناغی داخستن و قۆناغی ئازادکردنە. لە قۆناغی داخستندا ئەندامەکانی گۆکردن دێنەوەیەک و بەربەستێک دروستدەکەن لە ڕێگەی هەوای سەرکەوتوو، بەمەش هەواکە لە پشتی

بەربەستەکەوە کۆدەبێتەوە و لە قۆناغی دوهەمدا کاتێک بەربەستەکە ئازاددەکرێت هەوای پەنگخواردوو دەردەپەڕێتە دەرەوەو شێوەیەک لە تەقینەوە دروستدەکات، لە فۆنۆلۆژییدا دەنگەکانی ([p, b, t, d, k, g, q, ʔ ]) بە تەقاو، یان گیراوەکانیش ناسراون. (2000: 32 ،Roach). بۆیە دەنگەکان لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا نیشاندەدرێن، وەک:

١) [p] / پ /

سەرەتای بڕگە

/ پیاز/ [pya:z] / پییر/ [Pi:r]

کۆتایی بڕگە

/ تیپ/ [ti:p] /تۆپ/ [to:p]

دەنگێکی هەناساوییە، لە دروستبونی ئەم دەنگەدا هەردوو لێو دادەخرێن و پاشان دەکرێنەوە، ئەو هەوایەی، کە ئازاددەبێت لەشێوەی تەقین دێتەدەرەوە و دەنگەکەی لێ دێتەبوون، ئەم دەنگە لە بنەڕەتدا دەنگێکی (- دەنگدار)ە و لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەشدا هەر بە (- دەنگدار)یی بەرجەستەدەکرێت.

٢) [b] / ب/

سەرەتای بڕگە

/ بزمار/ [bɨz . ma:r] / بیبەر/ [bi: . bər]

کۆتایی بڕگە

/ نایاب/ [na: . ya:b̥] / کتێب/ [kteb]

دەنگێکی کۆنسۆنانتی گیراوی لچولێوی (+ دەنگدار)ە، ئەم دەنگە لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا بەشداری لە وشەی فۆنۆلۆژییدا دەکات. لە شێوەزارەکەدا نیشانیدەدات، کە فۆنێمی (/ب/) لە جێکەوتەی سەرەتای بڕگەی فۆنۆلۆژییدا (+دەنگدار) ییە، بەڵام لە کۆتایی بڕگەدا بە شێوەی دەنگی [پ~p] ی (-دەنگدار)یی بەرجەستەدەکرێت،

کەواتە دەربڕینی ئەم فۆنیمە بە شێوەی جیاجیا نەبووەتە هۆی گۆڕینی واتا، بۆیە دەکرێت وەکو ئەلەفۆن نیشانبدرێن.

٣) [t] / ت /

سەرەتای بڕگە

/ تییر/ [ti:r] /تارا / [ta . ra:]

کۆتایی بڕگە

/ دەست/ [dəst] / سەروەت/ [sər . wət]

دەنگێکی کۆنسۆنانتی تەقیوی ددانیی (- دەنگدارِیی)یە، لە کاتی درکاندنیدا سەری زمان دەنوسێت بە بەشی پێشەوەی پوک و ددانەکانی سەرەوە، لە سەرەتاو کۆتایی بڕگەو وشەدا فۆنیمیی خۆی دەسەلمێنێت.

٤) [d] /د/

سەرەتای بڕگە

/ دۆ/ [do:] / دەوار/ [də . wa:r]

کۆتایی بڕگە

/ قەد/ [qəd] ~ [qəḍ] / مەهاباد/ [mə . ha . ba:d] ~ [mə . ha . ba:ḍ]

دەنگێکی ناهەناساویی دەنگداری پووکیی تەقاوەیە، نمونەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە فۆنیمی(/d/) لە جێکەوتەی (سەرەتا، کۆتایی)ی بڕگەدا، فۆنیمیی خۆی نیشاندەدات لە ڕووی فۆنۆتاکتیکەوە، لە سەرەتای بڕگەو وشەی فۆنۆلۆژییدا (+دەنگدار، - هەناساویی)یە، بەڵام لە کۆتایی بڕگەو وشەدا بە (-دەنگدار، +تەقیو) دەردەبڕدرێت. کەواتە فۆنیمی(/d/) لە ڕووی فۆنەتیکییەوە، لە جێکەوتەکانی وشەی فۆنۆلۆژییدا بە شێوەی جۆراوجۆر بەرجەستەدەبێت، هەروەها هەردوو فۆنیمەکە پێیان دەوترێت ئەلەفۆن، چونکە نەبوونەتە هۆی گۆڕینی واتا ( غەریب: ٢٠٢١: ٦٥٢-٦٥٣).

٥) [k]          /ک/

سەرەتای بڕگە

/ کەتان/     [kə . ta:n]          /کوێر /     [kœ:r]

کۆتایی بڕگە

/ پاک/     [pa:k]          / چاک /     [ʧa:k]

دەنگێکی کۆنسۆنانتی ناهەناساویی مەڵاشوویی تەقاوەی (– دەنگدار)ە، لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەشدا هەر هەمان سیفەتی هەیە، واتە لەڕووی فۆنەتیکیشەوە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت.

٦) [g]          /گ/

سەرەتای بڕگە

/ گۆزە/     [go: . zə]          / گەرم/     [gə . rɨm]

کۆتایی بڕگە

/ مەرگ/     [mərg] ~ [mərK] ~ [mər$^{h}$]          / بەرگ/     [bərg] ~ [bərK]

دەنگدارێکی ناهەناساویی مەڵاشویی تەقاوەیە، لە جێکەوتەی (سەرەتا، کۆتایی) بڕگە و وشەدا فۆنێمیی خۆی نیشاندەدات، لە ڕووی فۆنۆتاکتیکەوە لە سەرەتای بڕگەدا (+دەنگدار)ە، لە کۆتایی بڕگەیشدا وەکو دەنگی /ک/ی (–دەنگدار) دەردەبڕرێت، کەواتە هەندێکجار دەنگی (/گ/)، کە دەکەوێتە کۆتایی بڕگە و وشەکانەوە بە دەنگی (/ک/) دەبیسترێت.

٧) [q] /ق/

سەرەتای بڕگە

/ قۆریی/ [qo . ri:] / قەل/ [qəl]

کۆتایی بڕگە

/ بۆق/ [bo:q] /ڕەق/ [Rəq]

دەنگدارێکی پشتە مەڵاشویی تەقاوەیە، لە ئەنجامی بەریەککەوتنی نەرمە مەڵاشو و تەواوی بەشی دواوەی زمانەوە دروستدەبێت.

٨) [ʔ] / ئـ /

سەرەتای بڕگە

/ ئاو/ [ʔa:w] / ئاش/ [ʔa:ʃ]

کۆتایی بڕگە

/نەء/ [nəʔ] #_______

دەنگە ژێییەکی گیراوەیە، لە سەرەتای بڕگەدا دەردەکەوێت. کەمترین دەرکەوتنی هەیە لە ناوەڕاست و کۆتایی بڕگەدا، دەبێت فۆنەتیکیی بێت، بوون و نەبونی ئەم دەنگە و هاتنی لە سەرەتای بڕگەدا و گۆڕینی بە دەنگێکی تر، نابێتە هۆی گۆڕینی واتا، بۆیە بە فۆنێم دانانرێت، بەڵکو تەنها دەنگێکەو بەر پێناسەی فۆنێم ناکەوێت، چونکە فۆنێم بە گۆڕینی شوێنی، وشەی تر دروستدەکات و دیاردەیەکی فۆنەتیکیی گشتییە. هەروەها دەنگی (/ ئـ /) وەک فۆنێمەکانی تر چالاک نییەو نامێنێت بە تایبەت لە ناوەڕاستی بڕگە و وشەدا، بۆ نمونە (/ ماستاو، سڵقاو/ )، کەواتە (/ ئـ /) دەنگێکی یارمەتیدەرە و لە سەرەتای بڕگەدا بۆ یارمەتیدانی دەنگە ڤاوڵەکان دێت، چونکە دەنگی ڤاوڵ لە سەرەتای وشەدا نایەت، ئەم دەنگە لە بری (/د/) ی کرداری ڕانەبوردوو وەک ئەڵتەرناسوێنی ئازاد بەکاردێت، وەک: [ دەکەم ~ ئەکەم ]، [ دەنوسم ~ ئەنوسم]، بۆیە دەبێت فۆنەتیکی بێت، فۆنۆلۆژیی نەبێت (مەحویی: ٢٠٠٨: ١٦٨). هەروەها وشەی(/نەء/) لە شێوەزارەکەدا بە (/نەئا/) دەردەبڕدرێت.

### ٢-١-١/٢) خشۆکەکان

مەبەست لەو دەنگانەن، کە لە کاتی بەرهەمهێنانیاندا ئەندامەکانی ئاخاوتن دێنەوەیەک و بەوهۆیەوە رێ لەو هەوایە دەگیرێت، کە لە سییەکانەوە هاتووە، بەڵام وەک تەقیوەکان بە تەواوی رێ لە هەوا ناگیرێت، بەڵکو بۆشاییەکی تەسک دەمێنێتەوە، کە هەواکە ناچار بەو بۆشاییە تەسکەدا تێپەڕدەبێت و بە ئەندامەکانی ئاخاوتن دەخشێت و خشە دەنگێک پەیدا دەبێت، بۆیە پێی دەوترێت دەنگە خشۆکەکان. وەک ( [f, v, s, z, ʃ, ʒ] ). (دزەیی و ئەوانی تر، ٢٠١٣: ٤٧).

٩) [f] / ف /

سەرەتای بڕگە

/ فیل / [fil] / فەقیر / [fə . qi:r]

کۆتایی بڕگە

/ دەف / [dəf] / ماف/ [ma:f]

دەنگێکی خشۆکی لچولێویی ددانیی (-دەنگدار)ە، لە سەرەتاو کۆتایی بڕگە و وشەدا دێت.

١٠) [v] /ڤ/

سەرەتای بڕگە

/ ڤیان/ [vya:n] / ڤینۆس/ [vi . no:s]

کۆتایی بڕگە

/ مرۆڤ / [ mɨ . ro:v] /سۆلاڤ/ [so . la:v]

دەنگدارێکی لچو ددانیی خشۆکە، نمونەکان ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە لە شێوەزارەکەدا لە سەرەتاو کۆتایی بڕگەدا دێت و لە سەرەتادا زۆر چالاک نییە، بەڵکو لە کۆتایی بڕگەوە بە شێوەی فۆنەتیکی لە کاتی درکاندنیدا بە دەنگی (/ف/) دەردەبڕرێت

کەواتە /سۆلاڤ/ لە کۆتایی بڕگەدا بەمجۆرە دەنوێنرێت : [so . la:F ].

١١) [s] / س/

سەرەتای بڕگە

/ سابوون/ [sa . bu:n] ~ [sa . wɨn] ~ [ṣa . bu:n]

/ سەوزە/ [sə . wzə] ~ [ṣə . wzə]

کۆتایی بڕگە

/ داس/ [da:s] / کەس/ [kəs]

کپێکی پوکیی خشۆکە و (–دەنگدار)ە، زانیارییەکانی سەرەوە دەیسەلمێنن، کە فۆنێمی (/س/) لە دابەشبوونی تەواوکارانەدا لە جێکەوتەکانی (سەرەتا و کۆتایی)ی بڕگەدا دەبیسترێت و فۆنێمیی خۆی دەسەلمێنێت، لە ڕووی فۆنۆتاکتیکەوە، لە سەرەتای بڕگە و وشەی فۆنۆلۆژییدا (–دەنگدار)ە، لە سەرەتای بڕگەدا هەندێک جار، لە شێوەزارەکەدا لە شێوەی دەنگی [ṣ] دەردەبڕرێت. واتە، لە ڕوی فۆنەتیکییەوە دەنگەکە بە (/ ص/ ~/ س/) دەبیسترێت.

١٢) [z] / ز/

سەرەتای بڕگە

/ زیاد/ [zi . ya:d] / بزمار/ [bɨz . ma:r]

کۆتایی بڕگە

/ ئەفرۆز/ [ʔəf. roz] / فانۆز/ [fa . no:z]

دەنگێکی خشۆکی ددانیی پوکیی (+دەنگدار)ە، ئەم دەنگە لە سەرەتا و کۆتایی بڕگە و وشەدا دەبیسترێت و فۆنێمیی خۆی دەسەلمێنێت، هەندێکجار ئەم دەنگە، کە دەکەوێتە کۆتایی بڕگە و وشەکانەوە، بە دەنگی / س/ی (–دەنگدار) دەبیسترێت.

١٣) [ ʃ ] /ش/

سەرەتای بڕگە

/ شیر/ [ʃi:r] / شار/ [ʃa:r]

کۆتایی بڕگە

/ ڕەش/ [Rəʃ] / باش/ [ba:ʃ]

کپێکی خشۆکی ڕەقە مەڵاشوییە، لە شێوەزارەکەدا ئەم دەنگە لە باری ئاسایی لە سەرەتاو کۆتایی بڕگەدا بە (-دەنگداریی) دەردەبڕێت.

١٤) [ ʒ] / ژ /

سەرەتای بڕگە

/ ژیان/ [ʒya:n] / ژن/ [ʒɨn]

کۆتایی بڕگە

/ نوێژ/ [nœʒ] / کەژ/ [kəʒ]

دەنگدارێکی پوکیی ڕەقە مەڵاشویی خشۆکە، لە سەرەتاو کۆتایی هەندێک بڕگەو وشەدا وەک(-دەنگدار) دەبیسترێت.

١/٢-١-٣) دەنگە گەرویی و ژێییەکان، وەک [h, ʕ, ħ, ɣ, x]

١٥) [x] / خ/

سەرەتای بڕگە

/ خودا/ [xu . da:] ~ [xwa:] / خۆر/ [xo:r]

کۆتایی بڕگە

/ چیخ /　　[ʧix]　　/ زیخ/　　[zix]

دەنگێکی خشۆکی مەڵاشویی (– دەنگدار)ە، لەباری ئاسایی سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا بە (– دەنگدار)ی بەرجەستەدەکرێت.

١٦)　[ɣ]　/ غ/

سەرەتای بڕگە

/ غەزەل/　　[ɣə . zəl]　　/ غەمگین/　　[xəm. gi:n ]　~　[ɣəm . gi:n ]

کۆتایی بڕگە

/ قەرەداغ /　　[qə . ra:x] ~ [qə . rə . da:ɣ]　　/ باغ/　　[ba:x]　~　[ba:ɣ]

دەنگێکی کۆنسۆنانتی مەڵاشویی خشۆکی (+دەنگدار)ە، لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا دەبینرێت. نمونەکانی سەرەوە نیشاندەری ئەو ڕاستییەن، کە فۆنێمی (/ غ/) لە هەندێک وشەو بڕگەدا بە دەنگی/ خ/ دەبیسترێت، ئەم دوو دەنگە لە بنەڕەتدا هەمان دەنگن، بەڵام تەنها ئەوەیە هەندێک وشە داوای/ خ/ دەکات، هەندێکیان داوای / غ/ دەکات، ئەم دوو فۆنێمە ئەڵتەرناسیۆنی یەکترن، دەنگی/ غ/ لە هەندێک وشەدا بە دەنگی/ خ/ دەردەبڕرێت.

١٧)　[ɦ]　/ ح/

سەرەتای بڕگە

/ حەیدەر/　　[ɦəy . dər]　　/ حوشتر/　　[ɦuʃ . tɨr]

کۆتایی بڕگە

/گوناح/　　[gu . na:ɦ]　~ [gu . na:h]　　/ ڕۆح/　　[ro:ɦ]

دەنگێکی کۆنسۆنانتی خشۆکی گەروییە، لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەو وشەدا دێت، بەتایبەت لەو وشانەی، کە لە زمانی عەرەبییەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە.

١٨)   [ʕ]     / ع /

سەرەتای بڕگە

/ عەیب /     [ʕəyb ]     / عەیار /     [ʕə . ya:r]

کۆتایی بڕگە

/ بەلوعە /     [bə . lu . ʕə]  ~  [bə . lu . ʕa:]     / قانع /     [qa: . nɨʕ]

کۆنسۆنانتێکی گەرویی خشۆکی (+ دەنگدار)ە، ئەم دەنگە لە بنەڕەتدا دەنگێکی عەرەبیە و لە زمانی کوردیدا وشەیەک نییە، کە دەنگی (/ ع / )ی تێدا بێت، بەڵکو ئەم دەنگە یەکێکە لە فۆنێمەکانی زمانی عەرەبی و لە زمانی کوردییدا نەبوە، بەڵام دواتر بە هەمان شێوەی فۆنێمیی/ ح / بەهۆی کاریگەریی زمانی عەرەبی و هاتنی ئاینی ئیسلام، ئەم دەنگە هاتووەتە ناو زمانی کوردی و لە شێوەزارەکەدا زۆر چالاکەو بەکاردێت. لە هەندێک وشەدا لە جێکەوتەی سەرەتادا دەنگی کۆنسۆنانتی (/ ʕ / لەگەڵ دەنگی/ ʔ /) تێکەڵ دەبن وەک: (ئاسمان~ عاسمان [ʕa:sma:n] ~ [ʔa:sma:n])، کەواتە ئەڵتەرناسیۆنی ئازادن.

١٩)   [h]     / هـ /

سەرەتای بڕگە

/ هەنار /     [hə . na:r]     / هیوا /     [hi . wa:]

کۆتایی بڕگە

/گوناهـ /     [gu . na:h]     # ______

دەنگێکی کۆنسۆنانتیی خشۆکیی (–دەنگدار)ە، لە شێوەزارەکەدا لە سەرەتای بڕگەدا دێت، بەڵام لە کۆتایی بڕگەدا زۆر چالاک نییە و تەنها لە وشەی (گوناهـ)دا لە کۆتاییدا دەبینرێت، بەڵام هەندێکجار بە دەنگی [h] دەرنابڕێت، بەڵکو بە دەنگی (ح) دەردەبڕێت.

**٣-١-١/٢) ئەفریکەیت**

ئەو دەنگانەن، کە لە ئاوێتەبوونی دوو دەنگ بەرهەمدێن، ئەویش تێکەڵبوونی دەنگێکی تەقیوە لەگەڵ دەنگێکی خشۆک، کە پێکەوە دەنگێکی جیاواز دروستدەکەن و لە کاتی درکاندنیاندا هەست بە تێکەڵبوونیان دەکرێت، هەربۆیە پێیاندەوترێت دەنگی تەقیوی خشۆک، ئەوانیش دەنگەکانی [tʃ, dʒ]ن، بە جۆرێک دەنگی یەکەمیان واتە / چ/ (-دەنگدار)ەو دووەمیان، کە دەنگی / ج/ یە، (+دەنگدار)ە.

٢٠) [ tʃ ] / چ/

سەرەتای بڕگە

| | | | |
|---|---|---|---|
| /چیمەن/ | [ʧi . mən] | /چرا/ | [ʧɨ . ra:] |

کۆتایی بڕگە

| | | | |
|---|---|---|---|
| / قاچ/ | [qa:ʧ] | / ورچ/ | [wɨrʧ] |

کۆنسۆنانتێکی ڕەقەمەڵاشویی خشۆکی (-دەنگدار)ە، لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا دەبینرێت.

٢١) [dʒ] / ج/

سەرەتای بڕگە

| | | | |
|---|---|---|---|
| / جوانە/ | [ʤwa . nə] | / جوچکە/ | [ʤuʧ . kə] |

کۆتایی بڕگە

| | | | |
|---|---|---|---|
| / برنج/ | [bɨ: . rɨnʤ] | / گەنج/ | [gənʤ] |

دەنگێکی کۆنسۆنانتی ڕەقەمەڵاشویی خشۆکی (+ دەنگدار)ە، لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا دەبیسترێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین دەنگە (گیراو، ئەفریکات، خشۆک)ە دەنگدارەکان لە کۆتایی وشەو برگەدا دەنگدارییان کپ دەکرێتەوە بەو مەرجەی کە وشەو بڕگەی تریان بەدوادا نەیەت ئەو دەنگەش کە پەیدا دەبێت لە نێوان (کپ) و (+دەنگدار)ە. بۆ نمونە دەنگی گیراوی [ب~b] لە وشەی (/زۆراب/)دا، لە کۆتایی وشەوە وەک دەنگی[پ~p]ی (–دەنگدار)یی بەرجەستەدەکرێت.

## ٤-١-١/٢) لووتییەکان – Nasals

ئەو دەنگانەن، کە لە ناو لوتدا دروستدەبن و نەرمە مەڵاشوو بە یارمەتیی نەرمە گۆشتی دوای مەڵاشوو دادەبەزێتە خوارەوە، ڕێگە لە هەوای سەرکەوتوو دەگرێت بچێتە ناو بۆشایی دەم، بۆیە هەواکە بە ناچاریی لە ڕێگەی کونە لوتەکانەوە دەکرێتە دەرەوەو بەم شێوەیەش دەنگەکە دروستدەبێت و پێیدەڵێن دەنگە لوتییەکان، کە بریتیین لە ( [n ,m ,ŋ ]) . ( Chomsky and Halle: 1968: 317 )

(٢٢) [n] / ن /

سەرەتای بڕگە

/ نەریمان/ [nə . ri . ma:n] / نیاز/ [nya:z]

کۆتایی بڕگە

/ نیان/ [nya:n] / ئاسن/ [ʔa . sɨn]

کۆنسۆنانتێکی پوکیی ــ ددانیی لوتییەو (+ دەنگدار)ە، لە کاتی درکاندنیدا سەری زمان بە پوکی سەرەوە دەنووسێت و لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا دەبینرێت.

(٢٣) [m] / م /

سەرەتای بڕگە

/ میوان/ [mi . wa:n] / مەل/ [məl]

کۆتایی بڕگە

/ ئارام/ [ʔa . ra:m] / بارام/ [ba . ra:m]

کۆنسۆنانتێکی لێویی ـ لوتیی (+دەنگداریی)یە، لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەو وشەدا دەبینرێت.

٢٤) [ŋ] / نگ/

سەرەتای بڕگە

# ــــــــ # ــــــــ

کۆتایی بڕگە

/ مانگ/ [ma:ŋ] / برژانگ/ [bɨr . ʒa:ŋ]

دەنگێکی تەواو نەرمەمەڵاشویی لوتییە، ئەم دەنگە لە شێوەزارەکەدا لە کۆتایی بڕگەدا زۆر چالاکە و بەرجەستەدەکرێت، بەڵام لە سەرەتای بڕگەدا ئەم دەنگە نابیسرێت.

**١/٢-١-٥) دەنگە لاییەکان**

مەبەست لەو دەنگانەن، کە لە کاتی درکاندنیاندا زمان لەناو دەمدا بەرزدەبێتەوە و بەم هۆیەشەوە ئەو هەوایەی، کە لە سییەکانەوە دەردەچێت، ڕێڕەوی بایەکە دەگۆڕێت بۆ ئەملاولای زمان و لەوێوە دێتەدەرەوە، واتە لە کاتی دروستبونیاندا با لە ناوەڕاستی بۆشایی دەمەوە گیردەبێت و لە ئەنجامدا تەوژمی بایەکە لادەدات و بە ئەملاولای زماندا تێپەڕدەبێت، کەواتە دەنگە لاییەکان ئەو دەنگانەن لە کاتی بەرهەمهێنانیاندا ئەو هەوایەی، کە پێویستە بۆ دەربڕینی دەنگەکە، لە لاتەنیشتی زمانەوە دێتەدەرەوە. (فوئاد: ١٩٩٥: ١٧). دەنگە لاییەکانیش بریتین لە ( [ ɫ, l ] ).

٢٥) [l] / ل/

سەرەتای بڕگە

/ لانە/ [la . nə] / لەولاو/ [ləw . la:w]

کۆتایی بڕگە

/ کل /　　[kɨl]　　/ شل /　　[ʃɨl]

کۆنسۆنانتێکی مەڵاشوویی پووکیی لایی (+ دەنگدار)ە، لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا دەبیسرێت.

٢٦) [ɫ] / ڵ /

سەرەتای بڕگە

\# ______　　# ______

کۆتایی بڕگە

/ دڵ /　　[dɨɫ]　　/ دەڵاڵ /　　[də . ɫa:ɫ]

دەنگدارێکی مەڵاشوو ـ پووکیی لاییە، لە شێوەزارەکەدا بە هەمان شێوەی زمانی کوردیی دیالێکتی ناوەڕاست، لە سەرەتای بڕگەی یەکهەمی وشەی فۆنۆلۆژییدا نابینرێتەوە، بەڵام لە سەرەتای بڕگەی دوهەم و کۆتایی بڕگەدا بەرجەستەدەکرێت، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا لەگەڵ دەنگی (ل)دا، ئەڵتەرناسیۆنن (/لیڵ/ ~ / لێڵ/، / لاڵ/ ~ / ڵاڵ/)، بەڵام لە نوسیندا نانوسرێن.

## ١/٢-١-٦) دەنگە لێدراو و لەرزۆکەکان

ئەو دەنگانەن لە ئەنجامی لەرینەوە و لێدانی سەری زمان لە پووک دروستدەبێت، لە کاتی بەرهەمهێنانی دەنگە لەرزۆکەکاندا نوکی زمان (دەلەرزێت)، ئەمەش پشت بە گرژیی ئەندامەکانی قسەکردن و پەستانی ئەو هەوایەی، کە لە سییەکانەوە هاتووە دەبەستێت. دەنگە لەراوەکانیش وەک [ R, r ] (خورشید: ٢٠١٠: ١٤٨-١٤٩). دەنگی (/ ر/) دەنگێکی لێدراوە، دەنگی(/ ڕ/)یش لە ئەنجامی بەیەکدادانی خێرای ئەندامەکانی ناودەم و لەرزینی زمانەوە دروستدەبێت و بە دەنگێکی لەرزۆک دادەنرێت.

۲۷) [r] / ر/

سەرەتای بڕگە

# ______ # ______

کۆتایی بڕگە

/ کار/ [ka:r] / بڕیار/ [bɨR . ya:r]

دەنگدارێکی پووکی ـ زرنگدەرەوەییە، لە زمانی کوردیی و شێوەزارەکەدا تەنها لە ناوەڕاست و کۆتایی بڕگەدا دەبینرێت لە سەرەتای وشە و بڕگەدا دەرناکەوێت.

۲۸) [R] / ڕ/

سەرەتای بڕگە

/ ڕابەر/ [Ra: . bər] / ڕەوا/ [Rə . wa:]

کۆتایی بڕگە

/ کەڕ/ [kəR] / شەڕ/ [ʃəR]

کۆنسۆنانتێکی لایی ـ پوکیی، یان پشتە مەڵاشوویبە، لە هەمو جێکەوتەکانی سەرەتا و کۆتایی وشە و بڕگەشدا دەبینرێت لە شێوەزارەکەدا و زۆر چالاکە.

**۲-۱/۲) نیمچە کۆنسۆنانتەکان – Semiconsonants**

بەو دەنگانە دەوترێت، کە لە ڕوی بیچم و ئۆرگانییەوە، وەک دەنگە ڤاوڵەکانن، لە ڕوی ئەرک و بەکارهێنانیانەوە وەک کۆنسۆنانتەکانن، لە ئەنجامی تەسککردنەوەی ئەو شەپۆلی بایەی دێت لە نێوان لێوەکان، یان بۆشایی دەم، دروستدەبێت، لە بۆشایی دەمدا زار زیاتر نزیک مەڵاشوو دەبێتەوە بە بەراورد لەگەڵ دەنگێکی ڤاوڵی ئاسایی، واتە ڕێڕەوی با هێندە زۆر نییە، کە دەنگێکی خشۆکی لێ بەرهەمبێت، یان ئەو دەنگانەن، کە تەنها لە وەچەپێکهاتەی سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا دەردەکەون و لە کاتی درکاندنیاندا لە دەنگە ڤاوڵەکان دەچن، بەڵام بڕگە دروستناکەن، هەروەها ئەو ماوەیەی کە بۆ درکاندنیان پێویستە، کەمترە لە دەنگە ڤاوڵەکان. (غەریب: ۲۰۱۹: ٦۰).

٢٩) [Y] / يـ/

سەرەتای بڕگە

/ یادگار/ [ya:d . ga:r] / یاداشت/ [ya: . da:ʃt]

کۆتایی بڕگە

/ چایی/ [ ʧa . yi:] / شایی/ [ʃa . yi:]

نیمچەکۆنسۆنانتێکی ڕەقە مەڵاشویی (+دەنگداریی)یە، لە شێوەزارەکەدا لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا بەکاردێت.

٣٠) [W] / و/

سەرەتای بڕگە

/ وریا/ [wɨr . ya:] / وەڵام/ [wə . ɫa:m]

کۆتایی بڕگە

/ ڕاو/ [ Raw] / لاو/ [Law]

دەنگێکی لچولێوییە، ئەگەر بڕوانینە نموونەکانی سەرەوە دەنگی [W]ی نیمچە کۆنسۆنانت، کە لێخشاندنی بەردەوامی (+ دەنگدار)ە، لە شێوەزارەکەدا لە سەرەتا و کۆتایی بڕگە و وشەدا دەبینرێت، نمونەکان نیشانی دەدات، کە فۆنیمەکان زۆر چالاکن، بەڵام مەرج نییە هەموو فۆنیمەکان لە شێوەزارەکەدا چالاک بن، هەروەک لە نمونەکاندا نیشاندراون.

| دەنگە کۆنسۆنانتەکان بەپێی شوێنی گۆکردنیان | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لچولێویی | | لێویی و ددانی | | پووک | | لێویی و ددانی | | پوکی مەلاشوو | | ڕەقە مەلاشوو | | نەرمە مەلاشوو | | نەرمە گۆشت | | گەروو | | لێو و مەلاشووی | | | |
| گڕ | کپ | گڕ | کپ | گڕ | کپ | گڕ | کپ | گڕ | کپ | گڕ | کپ | گڕ | کپ | گڕ | کپ | گڕ | کپ | گڕ | کپ | گرووپی دەنگەکان | |
| B | P | | | D | t | | | | | | | G | Q<br>K | | | | ʔ | | | تەقیو | دەنگە کۆنسۆنانتەکان بەپێی چۆنییەتی دەرچوونی هەوا |
| | | V | f | Z | S | | | ʒ | ʃ | ɣ | X | | | | | ʕ | ħ<br>H | | | خشۆک | |
| | | | | ʤ | ʧ | | | | | | | | | | | | | | | ئەفریکات | |
| M | | | | N | | | | | | | | ŋ | | | | | | | | لوتی | |
| | | | | l<br>ɫ | | | | | | | | | | | | | | | | لایی | |
| | | | | R | | | | | | | | | | | | | | | | لەرزۆک | |
| | | | | R | | | | | | | | | | | | | | | | لێدان | |
| W | | | | | | | | Y | | | | | | | | | | | | نیمچە نابزوێنەکان | |

خشتەی (١) دەنگە کۆنسۆنانتەکان لەڕوی ئۆرگانییەوە، بە دەستکارییەوە لە (دزەیی و ئەوانی تر: ٢٠١٣: ٦٨) و (zsiga: ٢٠١٣، ٣٤) وەرگیراوە.

## ٣-١/٢) ڤاوڵەکان- Vowels

دەنگە ڤاوڵەکان ئەو دەنگانەن لە ڕوی ئۆرگانییەوە وەک (+دەنگدار) دیارییدەکرێن و پێناسەیان بۆ دەکرێت، چونکە لە کاتی دروستکردن و درکاندنیاندا بێ ئەوەی هیچ بەربەستێک بێتە ڕێگایان، هەوا بە ئاسانی لە دەم دێتەدەرەوە، واتە دەنگی ڤاوڵ دەنگێکی قسەکردنە، کە بەهۆی ڕێگەدان بە ڕۆیشتنی هەوا بە ئازادی لە ڕێڕەوی دەنگیدا بە بێ هیچ بەربەستێکی بەرچاو بەرهەمدێت. ڤاوڵەکان بە پێکهاتەیەکی تا ڕادەیەک کراوە تایبەتمەندن. لە کاتی بەرهەمهێنانی دەنگی ڤاوڵدا ڕەوتی هەوا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دەڕژێتە دەرەوە و دەتوانرێت شوێنی زمان و لێو و ئەندامەکانی تری ئاخاوتن ڕێکبخرێت، بۆئەوەی سیفەتی جیاوازی ڤاوڵ دروستبکرێت، هەروەها ڤاوڵەکان پێکهاتەیەکی بنەڕەتیی قسەکردنن و ناوکی بڕگەکان لە زۆربەی وشەکاندا پێکدەهێنن (زرقة: ٢٠١١: ٣٩-٤٢). لە شێوەزارەکەدا دوو جۆر ڤاوڵ بەدیدەکرێت، ئەوانیش:

### ١-٣-١/٢) ڤاوڵە یەک دەنگییەکان

### ا) ڤاوڵەکانی ڕیزی سەرەوە

لەبەرئەوەی دەنگە ڤاوڵەکان لە سەرەتای بڕگە و وشەدا نایەن، بۆیە لە خستنەڕوی نمونەکاندا، تەنها لە ناوەڕاست و کۆتایی بڕگەو وشەی فۆنۆلۆژییدا نیشاندەدرێن.

(٣١) [uː] / وو/ ی خاو

ناوەڕاستی بڕگە

/ دوور/ [duːr] / بوون/ [buːn]

کۆتایی بڕگە

/ هێشوو/ [he . ʃuː] / مورروو/ [mu . ruː] ~ [mu . rɨg]

(٣٢) [u] / و/ ی کورت

ناوەڕاستی بڕگە

/ کوڕ / [kuR] / گوڵ/ [guɫ]

٣٣)     [i:]  / یی/  خاو

/ سیی/     [si:]     / سەرەتایی/     [sə . rə . tai:]

٣٤) [i]  / ی/  گرژ

/ گیسک/  [gesk]  ~  [gisk]  / ویست/  [wist]

ا) ڤاوڵەکانی ڕیزی ناوەڕاست

٣٥)  [o]  / ۆ/

ناوەڕاستی بڕگە

/ بۆر/     [bo:r]     / قۆری/     [qo: . ri]

کۆتایی بڕگە

/ هەڵۆ/     [hə . ɫo:]     / چەقۆ/     [ʧə . qo:]

٣٦)    [ə]     / ــە /

ناوەڕاستی بڕگە

/ پەری/     [pə . ri]     / شەڕ/     [ʃəR]

کۆتایی بڕگە

/ مەشکە/     [məʃ . kə]     / دەستە/     [dəs . tə]

٣٧) [ ɨ ] بڕگەییە (سارد)ەکە، دەنگە و فۆنێم نییە، تەنها لە کاتی ناچاریدا بەکاردێت لەبەرئەوەی هەمو بڕگەیەک پێویستی بە ڤاوڵە بنوسرێت، واتا ئەم دەنگە فۆنەتیکییە، تەنها لە ناوەڕاستی بڕگە و وشەدا دێت، لە سەرەتا و کۆتاییدا نابینرێتەوە.

ناوەڕاستی بڕگە

/ ژن/     [ʒɨn]     / پڕ/     [pɨr]

کۆتایی بڕگە

/ بخۆر/ [bɨ . xo:r] / بکوژ/ [bɨ . kuʒ]

لە زمانی کوردیی و شێوەزارەکەدا، وشەیەکی سادە نابینرێتەوە، کە کۆتایی بە بزرۆکە هاتبێت، بۆیە نمونەکانی سەرەوە وشەی مۆرفۆلۆژیی ناسادەن و لە دوو بڕگە پێکهاتوون، ڤاوڵە ساردەکە کرۆکی بڕگەی یەکەمی پێکهێناوە ئەم ڤاوڵە بۆیە هاتووە، چونکە بڕگە بە بێ ڤاوڵ دروستنابێت.

٣٨) [œ] / وێ/

ناوەڕاستی بڕگە

/ گوێز/ [gœz] / توێژ/ [tœʒ]

کۆتایی بڕگە

/ گوێ/ [gœ] / سوێن/ [sœn] ~ [sœnd]

دەنگدارێکی لێوییە، هاتنی ئەم دوو دەنگە پێکەوە بە دیفتۆنگ دادەنرێت، یەکێکە لە فۆنێمە چالاکەکانی شێوەزارەکە و زۆر بەکاردێت، کەواتە ئەو وشانەی، کە ڤاولی[œ]ی تێدا بەدیدەکرێت و بە یەک بڕگە، واتە بە یەک دەنگی ڤاوڵ دادەنرێت لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا لە شێوەی (/ وێ/)دا دەردەبڕدرێت.

دیفتۆنگ: مەبەست لە دیفتۆنگ تێکەڵبوونی دوو ڤاوڵە واتە ئەم دوو دەنگە/ وێ – وی/ لە زمانی کوردییدا هەندێکیان بە فۆنێم ئەژماردەکرێت و هەندێکیان ئەژمارناکرێت، واتە ڤاولی (/وێ/ ئاڵۆزی لە یەک بڕگە دەربڕاوی وەک یەک دەنگی ئاخاوتن خۆنواندوو. (مارف: ٢٠١٤: ١٢٨). لە شێوەزارەکەدا ڤاولی(/وی/) چالاک نییە و نابیسترێت، بەڵام فۆنێمی (/وێ/) زۆر چالاکە و لە زۆربەی وشەکاندا دەبینرێت.

٣٩) [e] / ێ/

ناوەڕاستی بڕگە

/ هێشوو/ [he . ʃu:] / شێر/ [ʃer]

کۆتایی بڕگە

/ لادێ/ [la . de] / مێ/ [me]

ا) بڕگەییەکانی ڕیزی خوارەوە


٤٠) [a] /ا/

ناوەڕاستی بڕگە

/ باڵ/ [ba:ɫ] / خاڵ/ [xa:ɫ]

کۆتایی بڕگە

/ چرا/ [ʧɨ . ra:] / حەڵوا/ [ɦəɫ . wa]




هێڵکاری ژمارە (٦) ڤاوڵە یەک دەنگییەکان

ئەم هێڵکارییە بە دەستکارییەوە لە (Zsiga: ٢٠١٣: ٣٤) وەرگیراوە.

کەواتە لە شێوەزارەکەدا، بەهەمان شێوەی زمانی کوردیی، لە ڕوی دەربڕینەوە دەنگەکانی ([u:~ wi, u, i:, i, ə, ɨ, œ, o, e, a]) بە ڤاوڵە یەک دەنگییەکان دانراون، بەم شێوەیە زانیارییەکانی سەرەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە دەنگە ڤاوڵەکان بە هیچ شێوەیەک لە سەرەتای بڕگەو وشەوە نایەن و لە ڕوی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ڕێگەپێدراو نیین. لەگەڵ ئەوەیشدا، تەنها ئەوە نەبێت، کە لە شێوەزارەکەدا ڤاولی ([wi] ~ [u: ] ) ئەلتەرناسیۆنی ئازادن و لە گۆکردندا بەکاردێن.

## ٢/٢) پۆلێنکردنی فۆنێمەکان

لە زمانی کوردییدا دەنگەکان بە فۆنێم دادەنرێن، کەواتە لەپێناو پۆلێنکردن و دەستنیشانکردنی فۆنێمەکانی زمانی کوردیی و بۆئەوەی فۆنێمە ڤاوڵ و کۆنسۆنانتەکان لە شێوەزاری شارەزووردا دەستنیشان و پۆلێنبکرێن، چەند هەنگاوێک دەگرینەبەر بۆ سەلماندنی ئەوەی، کام لەو دەنگانە فۆنێمن و ئەرک لە پێکهاتەی وشەی فۆنۆلۆژییدا دەبینن و کام دەنگ فۆنێمەو ئەرکی فۆنێمی هەیە لە بڕگەو وشەدا، کەواتە بۆ دەستنیشانکردنی فۆنێمەکانی زمانەکە، چەند هەنگاوێک جێبەجێدەکرێت.

## ٢/٢-١) هەنگاوی یەکهەم

پۆلێنکردن و دابەشبوونی فۆنێمەکانی شێوەزارەکە، بە پێویستی دەزانین لەسەر بنەمای گۆڕینی واتای وشەکان جیابکرێنەوە، چونکە لە سنوری فۆنۆلۆژییدا بە فۆنێم دانراون، باشترین ڕێگا بۆ دابەشکردن و دەستنیشانکردنی فۆنێمەکانی هەر زمانێک ئەوەیە، کە فۆنێم بە نیشانەی جیاکەرەوە دابنرێت لە چوارچێوەی زمانێکی تایبەتیدا، لەم هەنگاوەدا دەکرێت ئەوە بخەینەڕوو، کە دەنگەکانی زمان بە شێوەی لەیەکدانیان بۆ دروستکردنی بڕگە و وشە دانراون، پاشان شیکردنەوەی تەکیەک هاتن/ جێنشین و دەستنیشانکردنی دەنگەکان بۆ بچوکترین یەکەیان، دواتر زنجیرە دەنگەکان بۆ فۆنەکان و لەیەکجیاکردنەوەیان، ئەم پرۆسەیەش لە ڕێگای بیستنەوە پەیڕەودەکرێت، هەربۆیە بۆ دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی فۆنێمەکان، بە هێنانەوەی جوتە وشە ئەم پرۆسەیە ئەنجامدەدرێت.

ئەم هەنگاوەش کاتێک ڕوودەدات، کە بە گۆڕینی دەنگێک بە دەنگێکی تر، واتای وشە بگۆڕدرێت و واتایەکی تر بێتەئاراوە، کەواتە بە گۆڕینی دەنگێک لە گچکەترین جووتدا واتای وشەکە دەگۆڕێت و گۆڕینی دەنگێک بە دەنگێکی تر واتای نوێ دێنێتەئاراوە. (ئەمین: ٢٠٢٣: ٨١-٨٢).

(٤١)

| | | |
|---|---|---|
| [d] [a] [ɫ] | : | [t] [a] [ɫ] |
| [ʃ] [a] [n] | : | [ʒ] [a] [n] |
| [g] [e] [l] | : | [k] [e] [l] |
| [z] [a] [ɫ] | : | [s] [a] [ɫ] |

## ٢-٢/٢) هەنگاوی دوهەم

لەم هەنگاوەدا بە دوای ئەو دەنگانەدا دەگەڕێین، کە وەک فۆنێمن و مۆرکی فۆنێمیان وەرگرتووەو بەکارهێنانیان لە جێگای یەکتردا واتای وشەکانیان گۆڕیوە، واتە بە گۆڕینەوەی فۆنێمەکان بە فۆنێمکی تر، دواتر لەیەکترازاندنی دەنگەکان و جیاکردنەوەیان بۆ گچکەترین جووتۆکە، هەروەها بە بەراوردکردنی ئەم جووتۆکانەو جیاکردنەوەی دەنگەکان لە فۆنەکان و ئەو دەنگانەی، کە چۆن توانیویانە وەکو فۆنێم واتای وشەکان بگۆڕن، واتە ئەو یەکانە لە ڕێگای گچکەترین جووتەوە لە زمانی نوسیندا دیاریکراون، هەریەک لە دانەکانی گچکەترین جووت - minimal pairs خۆی تەنها لە ڕێی سەگمێنتێکەوە لە ئەوی تر جیادەکاتەوە و واتایەکی نوێ دێنێتەئاراوە، مەبەست لەم هەنگاوە ئەوەیە، کە چۆن دەنگەکان وەک فۆنێم دەستنیشانبکرێت، یان مۆرکی فۆنێمی وەربگرن، پێویستە بە گۆڕینی شوێنیان و گۆڕینی دەنگێک بە دەنگێکی تر، واتای نوێ بێننەئاراوە، لە خوارەوە فۆنێمەکانی زمانی کوردی دەستنیشاندەکەین وەک نمونەکانی (٤٢) لە خوارەوە:

٤٢) جیاکردنەوەو لەیەکترازاندنی فۆنەکانی نمونەکانی (٤١) لە خوارەوە، وەکو فۆنێم ڕوندەکرێنەوە، وەک:

| ٣ | ٢ | ١ | ٣ | ٢ | ١ |
|---|---|---|---|---|---|
| ɫ | a | / t / | ɫ | a | / d / |
| n | a | / ʒ/ | n | a | / ʃ / |
| l | e | / g/ | l | e | / k/ |
| ɫ | a | / z/ | ɫ | a | / s/ |

نمونەکانی (٤٢) دەیسەلمێنن، کە هەریەک لە ڕیزە ئاسۆییەکانی سەرەوە دەستەیەک پێکدەهێنن، کە لە فۆنەکانی [d, t, ʃ, ʒ, k, g, s, z] پێکهاتوون و لە جێکەوتەی (١)دا جیاوازە لە تەک جێکەوتەکانی (٢،٣)دا، کە فۆن بوون و لە جێکەوتەی یەکدا (١)ی نمونەکانی(٤٢)دا، پێویستە وەکو فۆنێم دیاریبکرێن، چونکە هەر دەستەیەک بەرامبەر بە یەک وەستاوە و واتایەکی نوێی هێناوەتەئاراوە وەک:

٤٣)

| | | |
|---|---|---|
| taɫ | : | daɫ |
| ʒan | : | ʃan |
| gel | : | kel |
| zaɫ | : | saɫ |

## ٤٤) تەقاوە/ گیراوەکان لە جووت وشەی فۆنۆلۆژییدا:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| [t] [a] [ɫ] | : | [d] [a] [ɫ] | / داڵ/ | : | / تاڵ / |
| [q] [o] [ɫ] | : | [k] [o] [ɫ] | / کۆڵ / | : | / قۆڵ / |
| [g] [e] [l] | : | [k] [e] [l] | / کێل / | : | / گێل / |
| * [ʔ] [a] [r] | : | [d] [a] [r] | / دار/ | : | */ ئار / |

نمونەکانی (٤٤) ئەوە هەڵدەهێنجێنن، کە ئەو یەکانە لە ڕێگای گچکەترین جووتەوە لە زمانی نوسییندا دیاریکراون، هەر یەکێک لە دانەکانی گچکەترین جووت – خۆی تەنها لە ڕێی سەگمێنتێکەوە لە ئەوی تر جیادەکاتەوە، چونکە بە گۆڕینی فۆنیمێک بە فۆنێمێکی تر

واتای نویَ هاتووەتەئاراوە، ئەگەرچی وەکو هەمبەری بەکارهاتوون، بەڵام دەنگی [د] فۆنیمێکی سەربەخۆیە و دەنگی [ ئـ ]ی هەمزەیش دانراوە، بەڵکو فۆنێم نییەو دەنگێکی یارمەتیدەرەو لە کاتی پێویست دانراوە، هەرچەندە دەنگی [ئـ] وەک فۆنێم ڕەفتاردەکات، بەوەی هەڵگری بەشێک لە سیماکانی فۆنێمە، بەڵام هەموو خەسڵەتەکانی فۆنێم لەم دەنگەدا نابینرێت، دەنگی [ئـ] لە پێش دەنگە ڤاوڵەکانەوە دەردەکەوێت، چونکە لە زمانی کوردییدا دەنگی ڤاوڵ لە سەرەتای بڕگەوە نایەت و ئەم دەنگە بۆ یارمەتیدانی دەنگە ڤاوڵەکە هاتووە، واتە کاتێک کە ڤاوڵ دەکەوێتە سەرەتای بڕگەوە، پێویستی بە هێزێک دەبێت بۆ گۆکردن، چونکە لە کاتی دەربڕینی دەنگی ڤاوڵدا دەم بە ڕێژەیەک کراوەیە، هەوا بە بەردەوامی لە سییەکانەوە دێتەدەرەوە و تاڵەژێیەکان دەلەرێنەوە، بۆیە پێویست بە دەنگێک دەکات، دەنگی [ئـ] بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنین.

## ٤٥) خشۆکەکان لە جووت وشەی فۆنۆلۆژییدا

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| [ʒ] [y] [a] [n] | : | [v] [y] [a] [n] | / ڤیان / | : | / ژیان / |
| [z] [a] [w] [a] | : | [s] [a] [w] [a] | / ساوا/ | : | / زاوا / |
| [ʒ] [ə] [m] | : | [ʃ ] [ə] [m] | / شەم/ | : | / ژەم/ |
| *[f] | : | *[v] | */ڤینۆس/ | : | */ فینۆس / |

نمونەکانی سەرەوە نیشاندەری ئەو ڕاستییەن، کە ئەو یەکانە لە گچکەتریین جووتدا دەبینرێنەوە، چونکە بە گۆڕینیان بوونەتە هۆی هاتنەئارای وشەیەکی نویَ، بەڵام دەنگی(/v/ و/f /) ئەم دوو دەنگە لە گچکەتریین جووتدا نابینرێنەوەو گچکەتریین جوتیان نییە و نابنە هۆی گۆڕینی واتا، هەروەها دەنگی (/v/) چالاک نییەو بەگشتی لە سەرەتای بڕگەو وشەوە بەرجەستەناکرێت.

## ٤٦) گەرویی و دەنگە ژێیەکان لە جووت وشەی فۆنۆلۆژییدا

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| [ħ] [a] [ɫ] | : | [x] [a] [ɫ] | / خاڵ/ | : | / حاڵ/ |
| [ɣ] [a] [z] | : | [h] [a] [z] | / هاز/ | : | / غاز/ |
| [ʕ] [a] [r] | : | [h] [a] [r] | / هار/ | : | / عار/ |
| *[x] | : | *[ ɣ] | / غەم / | : | / خەم / |

له شێوەزارەکەدا، هەرچەندە دەنگەکانی [x, ɣ] وەکو دوو فۆنێمی جیاواز دادەنرێن، بەڵام لە گچکەترین جووت وشەدا نابینرێن و جێگای یەکتر ناگرنەوە، بەڵکو لە جێگای یەکتر دادەنرێن و نابنە هۆی گۆڕینی واتا و وەک دوو ئەلۆفۆن دەبینرێن، کەواتە ئەم دوو دەنگە وەکو دەنگ بوونیان هەیە، بەڵام لە گچکەتریین جووتدا نابینرێنەوە، هەروەها دەنگی / ع/ لە سەرەتاو ناوەڕاستی بڕگەو وشەکاندا بەدیدەکرێت، بەڵام لە گچکەتریین جووتدا نابینرێت، چونکە ئەم دەنگە دەنگێکی عەرەبییەو لەو وشانەدا دەبینرێت، کە عەرەبین و بەهۆی زۆر بەکارهێنانیان لە زمانی کوردییدا هاتونەتە ناو زمانەکەوە، دەنگی /ع/یش تەنها لە وشەی عەرەبییدا بەرجەستەدەبێت، وەک [ʕəyb],[qurʕan],[ʕazəb] ، لەگەڵ ئەوەیشدا دەنگی [ʕ] و[ɦ] لە جێکەوتەکاندا جووت دروست ناکەن، بەڵام لە دابەشبوونی فۆنێمەکاندا فۆنێمی خۆیان دەنوێنن.

## ٤٧) ئەفریکاتەکان لە جووت وشەی فۆنۆلۆژییدا

[ʤ] [a] [r] : [ʧ ] [a] [r] / چار/ : / جار/

نمونەکانی(٤٧) ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە دەنگەکانی (/چ/ ، /ج/) لە گچکەتریین جووتدا دەبینرێنەوە، واتە لە هەمبەرییدا واتایان گۆڕیوە، بۆیە دوو فۆنێمی جیاوازن، چونکە بە گۆڕینی دەنگی (/چ/) بۆ دەنگی (/ج/)، واتای وشەکە گۆڕاوە، کەواتە دەنگی (/چ/ و/ج/) فۆنێمن، لەبەرئەوەی بونەتە هۆی گۆڕینی واتا.

## ٤٨) دەنگە لوتییەکان لە جووت وشەی فۆنۆلۆژییدا

[m] [a] [n] : [n] [a] [n] / مان/ : / نان/

[b] [a] [ŋ] : [b] [a] [n] / بان/ : / بانگ/

[ʧ] [ɨ] [ŋ] : [ʧ] [ə] [m] / چەم/ : / چنگ/

نمونەکانی(٤٨) ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە دەنگە لوتییەکان لە شێوەزارەکەدا لە سەرەتاو کۆتایی بڕگەو وشەدا لە گچکەترین جووت وشەی هەمبەریدا واتا دەگۆڕن، بەڵام دەنگی کۆنسۆنانتی /نگ/ لە سەرەتای بڕگە و وشەدا بەدیناکرێت، بەڵکو لە ناوەوەی وشەدا لە پێش ڤاوڵەکاندا بەرجەستەدەبێت و دەنگی/نگ/ لە زمانی کوردییدا بە

فۆنێم دانانرێت، بەڵکو ئەلۆفۆنی فۆنی/ن/ەو لە شێوەزارەکەدا لە زۆر وشەدا بەدیدەکرێت و زۆر زۆر چالاکە. ( عەلی: ٢٠١٤: ١٤٧).

### ٤٩) دەنگە لاییەکان لە جووت وشەی فۆنۆلۆژییدا

[ɫ] [ ɨ] [ʃ] : [l] [ɨ] [ʃ] / شل/ ، / شڵ/

### ٥٠) دەنگە لەرزۆکەکان لە جووت وشەی فۆنۆلۆژییدا

[R] [ ə] [ k ] : [r] [ə] [k] / کەر/ ، / کەڕ/

نمونەکانی(٤٩-٥٠) ئەوە هەڵدەهێنجێنن، کە دەنگە کۆنسۆنانتەکانی (/r/،/ɫ/) لە هەمبەرییدا واتایان گۆڕیوە، کەواتە لە جێکەوتەی سەرەتای وشەدا نابیسترێن و لە جێکەوتەکانی ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا وەکو فۆنێم بەرجەستەدەکرێن، چونکە بە گۆڕینی شوێنیان واتای نوێیان هێناوەتەئاراوە.

### ٥١) نیمچە – کۆنسۆنانتەکان لە جووت وشەی فۆنۆلۆژییدا

[k] [ə] [y] :[k] [ə] [w] / وەک/ : / یەک/

نمونەکانی (٥١) ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە دەنگە نیمچە کۆنسۆنانتەکانی(/و/ و/ی/) لە گچکەترین جووتدا واتا گۆڕن، کەواتە ئەم دوو دەنگە بە فۆنێم دادەنرێن.

### ٥٢) برگەییە یەک دەنگییەکان لە جووت وشەی فۆنۆلۆژییدا

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| [t] [u] [n] | : | [t] [u:] [n] | / تون/ | : | / توون/ |
| [t] [i:] [r] | : | [t] [e] [r] | / تێر / | : | / تیير/ |
| [m] [o:] [r] | : | [m] [a:] [r] | / مار/ | : | / مۆر / |
| [t] [ɨ] [n] | : | [t] [ə] [n] | / تەن/ | : | / تن/ |
| [x] [œ] | : | [x] [wi] | / خوی/ | : | / خوێ/ |

نمونەکانی (٥٢) نیشاندەری ئەو ڕاستییەن، کە ڤاوڵە یەک دەنگییەکان لە جێکەوتەی سەرەتای وشەدا گچکەترین جووت دروستناکەن، واتە لە سەرەتای برگەو وشەدا دەرناکەون، بەڵام لە جێکەوتەکانی ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دەبینرێن و وەکو فۆنێم

دەخرێنەڕوو. بڕگەییە (سارد)ەکەیش، هەرچەندە وەها دەردەکەوێت، کە لە گچکەترین جووت وشەی هەمبەرییدا هەبێت، بەڵام دەرکەوتنی ئۆتۆماتیکیی پێشبینیلێکراوە، واتا دیاردەیەکی فۆنەیتیکییە.


لە نمونەی(٥٢)دا، ڤاوڵە ساردەکە لە وشەی (/تن/) لە ناوەڕاستی بڕگەدا دەرکەوتووە. هەروەها لە زمانی کوردیی و شێوەزارەکەدا وشەیەکی سادە نابینرێتەوە، کە کۆتایی بە بزرۆکە هاتبێت..

بە شێوەیەکی گشتیی، لە نمونەکانی سەرەوەدا، ئەوە هەڵدەهێنجێنین، کە ئەو یەکانە لە ڕێگای گچکەترین جووتەوە لە زمانی نوسییندا دیارییکراون، هەر یەکێک لە دانەکانی گچکەترین جووت – minimal pairs خۆی تەنها لە ڕێی سەگمێنتێکەوە لە ئەوی تر جیادەکاتەوە و واتایەکی نوێ دێنێتەئاراوە. ئەمە بۆ وشە هەمبەرییەکان دەخوات، بەڵام مەرج نییە هەمیشە بەمجۆرە بێت. هەندێک لە نابڕگەییەکان، کە بە خشۆک و گیراوەکان ناسراون (/v/ و/f/ ) و ( /x/ و/ɣ/ ) و (/h/ و /ħ/)، گچکەترین جوتییان نییە.

### ٣/٢) مۆدێلی بڕگە لە زمانی کوردییدا:

مۆدێلی بڕگە بەپێی پێوەری فۆنۆلۆژیی، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، واتە هەر زمانێک بە پێی تایبەتمەندێتیی خۆی، مۆدێلە جیاوازەکانی بڕگەی زمانەکەی دەخاتەڕوو، زمانی کوردیش وەک زۆربەی زمانەکانی تر، چەندین مۆدێلی بڕگەی جیاوازی هەیە و لەناو ئەو مۆدێلانەدا، بڕگە یەکەی بنچینەیی ئاخاوتنە لە ناو (مۆرفێم/ وشە)دا، کە تێیدا تەنها ڤاولێک، لەگەڵ کۆنسۆنانتێکدا، یان زیاتر پێکەوە، دەبنە هۆی دروستبوونی بڕگەیەک، پێکهاتەی سەرەکیی دروستبوونی هەر وشەیەک، بریتییە لە بڕگەیەک، یان چەند بڕگەیەک (Rojers: 2000: 88 ). لەم پێناسەیەوە دەردەکەوێت، کە بڕگەکانی زمانی کوردیی پرۆژەی ڤاوڵەکانن (مەحویی: ٢٠٠٠: ٢٢). بەو واتایە، ئەو هەوایەی لە سییەکانەوە دەردەچێت و بە ڕێڕەوی هەناسەدا سەردەکەوێت، لە کردەی قسەکردندا ڕۆڵدەبینێت، بە جۆرێک هەر وەستانێک، کە توشیدەبێت، دەبێتە هۆی دروستبوونی بڕگە،

هەروەها هیچ بڕگەیەک بەبێ دەنگی ڤاوڵ دروستنابێت و بزوێن کرۆکی دروستبونی بڕگەکانە. لە زمانی کوردیدا پێکهاتوی بڕگە بەپێی یاسای دوو پەلکی دەبێت بە سەروا و سەرەتای بڕگە و سەروایش لە بنە- وەچەپێکهاتەکانی، کرۆکی بڕگە و کۆتایی بڕگە پێکهاتووە (مەحویی: ٢٠٠٨: ٨٦).




**هێڵکاریی ژمارە (٦)**

- بڕگە Ó
- پێش چەق (سەرەتای بڕگە) Onset
- سەروا Rhyme
- چەق (کرۆکی بڕگە) Nucleus
- پاش چەق (کۆتایی بڕگە) Coda

هێڵکاریی (٦) نیشانیدەدات، کە هەموو بڕگەیەک لە زمانی کوردییدا پێویستە بە لایەنی کەم دوو لەم وەچە پێکهاتانەی هەبێت، هەرچەندە ڤاوڵ هەوێنی دروستبوونی بڕگەیە، بەڵام ئەمیش بە تەنها ناتوانێت بڕگە دروستبکات، بەڵکو بە هاوبەشی لەگەڵ دەنگە کۆنسۆنانتەکان بڕگە دروستدەکەن بە شێوەیەک سەرەتای هەموو بڕگەیەک بە کۆنسۆنانت دەستپێدەکات،واتە سەرەتای بڕگە لە کۆنسۆنانتێکی ناچاری بە تەنها، یان لەگەڵ کۆنسۆنانتێکی ئازاد پێکدێت لە پاشان سەروا دێت، ئەمیش لە کرۆک (Nucleus)ی بڕگە و کۆتایی بڕگە پێکدێت، هەبوونی چەق لە بڕگەدا ناچارییە و هیچ بڕگەیەکی زمانی کوردی نابینین (چەق)ی نەبێت، واتە چەق دڵی بڕگەیە،

سەرەتای بڕگەش هەرگیز بە ڤاوڵ دەستپێناکات. دەکرێت کۆتایی بڕگە بەتاڵبێت (Ø)، بەڵام سەرەتای بڕگە ڕێگەپێنەدراوە (Ø) بێت، بەڵکو هەمیشە کۆنسۆنانتێک، یان زیاتر لەخۆدەگرێت.

بەپێی ئەو هێڵکارییەی سەرەوە، مۆدێلەکانی بڕگە بەپێی ڕیزبوون و فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیی و شێوەزارەکە دیاریدەکرێن. کرۆکی بڕگەیش هەمیشە ڤاوڵە، وەک:

١) مۆدێلی(cv): باوترین و کورتترین مۆدێلی بڕگەیە، کە لە کۆنسۆنانتێک و ڤاوڵێک پێکدێت، وەکو:

ا- /با/ [ba:]   ب- /شا/ [ʃa:]

٢) مۆدێلی (cvc): ئەم بڕگەیە پێکهاتووە لە (سەرەتا، کرۆک، کۆتایی) بڕگە، وەکو:

ا- / کار/ [ka:r]   ب- /شیین/ [ʃi:n]

٣) مۆدێلی (ccv): سەرەتای بڕگەکە (هێشووە کۆنسۆنانت) و کۆتایی بڕگەکەش، لە ڤاوڵێک پێکدێت ،وەک:

ا-/برا/ [bra]   ب-/برۆ/ [bro]

٤) مۆدێلی (cvcc): لە کۆنسۆنانتێکی سەرەتاو ناوکێک، کە ڤاوڵێکەو هێشووە کۆنسۆنانتی کۆتایی پێکدێت، وەک:

ا-/ بەرد / [bərd]   ب-/ هەشت / [həʃt]

٥) مۆدێلی(ccvc) ئەم مۆدێلە سەرەتای بڕگە دوو کۆنسۆنانتەو ناوک و ڤاوڵێک و کۆتایی بڕگەش کۆنسۆنانتێکە، وەک:

ا-/ کراس/ [kra:s]   ب-/ کڵاو/ [kɫa:w] (نادر: ٢٠٢٢: ٤٩-٦٥).

٦) مۆدێلی (ccvcc): بە درێژترین مۆدێلی بڕگەی زمانی کوردیی ناسراوە، کە لە هێشووە کۆنسۆنانتی سەرەتاو ڤاوڵێک و هێشووە کۆنسۆنانتێکی کۆتایی پێکدێت، وەک:

ا) /خوارد/ [xwa:rd]   ب) /خواست/ [xwa:st]

نمونەکانی(ا، ب) وشەی یەک بڕگەیین، لە هێشووە کۆنسۆنانتێک و ڤاوڵێک و هێشووە کۆنسۆنانتێکی تر پێکدێت.

**١-٣/٢) دابەشبوونی بڕگە:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی سەرەوەدا، کە لەسەر بڕگە خرانەڕوو، دەکرێت بڕگە لە ڕوانگەی (فۆنەتیکیی و فۆنۆلۆژیی)یەوە دەستنیشانبکرێت، بۆ زیاتر ئاشنابونی ئەم دوو چەمکە، لە خوارەوە ڕوونیان دەکەینەوە :

**یەکهەم: بڕگەی فۆنەتیکیی:**


بڕگە لەڕووی فۆنەتیکەوە، بەو کۆمەڵە دەنگە دەوترێت، کە لەناو وشەدا درکاندنێکی بەرزی هەبێت و بیسەر بە ئاشکرا هەست بەو درکاندنە بەرزە بکات و بتوانێ بە گوێرەی ئەو سنورەی، کە لە وشەدا هەیەتی لە بڕگەکانی تری جیابکاتەوە. ئەمە لەڕووی درکاندنەوە، بەڵام لەڕووی فیزیکییەوە، بڕگە بەپێی چڕی و درێژیی لەرینەوە دەستنیشاندەکرێت (وەیس: ١٩٨٤: ٨٣). واتە لە کاتی درکاندنی دەنگەکاندا ئەو کەسەی، کە گوێگرە هەست بەو دەنگە بکات، کە ئاخێوەر دەریدەبڕێت، بەم شێوەیە ڕوونبووەوە، کە بڕگە لەڕووی فۆنەتیکییەوە زیاتر گرنگیی بە شێوازی خوێندنەوە و چۆنیەتیی دەربڕینی دەنگەکان دەدات.

**دوهەم: بڕگەی فۆنۆلۆژیی:**

مەبەست لە بڕگەی فۆنۆلۆژیی ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی تایبەت لە بڕگە دەکۆڵێتەوە و پەیوەندی هەیە بە تاکە زمانێکەوە، یان شێوە زمانێکەوە، هەروەها بەپێی یاسا فۆنۆتاکتیکییەکانی زمانەکە لە بڕگەکان دەکۆڵێتەوەو سنوریان بۆ دیاریدەکات. ((سیستەمی ڕیزبوونی فۆنیمەکان لەناو بڕگەی فۆنۆلۆجی زمانەکەدا، ڕێگە بە دروستبوونی هێشووە ڤاوڵ نادات)) (عەلی: ٢٠١٤: ٢٨). واتە ئەم جۆرە بڕگەیە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، چونکە هەمو زمانێک یاسای فۆنۆتاکتیکیی تایبەتیی خۆی هەیە و لە زمانێکی دیکە جیاوازە. دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانرێت، کە هەر کۆمەڵە دەنگێک بەیەکەوە بەبێ پێڕەوی زمانەکە بڕگە دروستناکات، چونکە بڕگە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانەکەوە، بۆیە زمانەوانان لە پێناسەی بڕگەدا زمانەکان لەیەکجیادەکەنەوە، چونکە هەر زمانەو تایبەتمەندیی خۆی لە داڕشتەی بڕگەدا هەیە (عەلی: ٢٠١٥: ٣٣).

## ٢-٣/٢) بڕگە لە ڕوی ئۆرگانییەوە:

لە (زمانی کوردیی – شێوەزارەکە)دا، دیاریکردنی جۆری بڕگە، وابەستەیە بە کۆتایی بڕگەوە، یاخود پەیوەستە بە دەنگەکانەوە.




هێڵکاریی ژمارە (٧)

### ١-٢-٣/٢) بڕگەی داخراو:

بریتییە لەو بڕگەیەی، کە لە کاتی ئاخاوتندا لچولێو بە داخراویی، یان شێوەی داخراویی دەمێننەوە، واتە دەنگی کۆتایی ئەم بڕگەیە کۆنسۆنانتە، بەوپێیە بڕگەی داخراو لەباری داخراوەیی بۆشایی دەمدا سازدەبێت (حاجی مارف: ٢٠١٤: ٥٨). کەواتە لە زمانی کوردییدا لە ڕوانگەی کرانەوەو داخرانی سازگەی دروستبونەوە، تەنها دوو جۆر بڕگەمان هەیە، کە ناسینەوە و لێکجیاکردنەوەیان تا ڕادەیەک ئاسانە، وەک:

١-ا) CVC ، / کار / [ ka:r ]

ب) CCVC ، /خوار/ [ xwa:r ]

پ) CVCC ، / سارد/ [sa:rd ]

ت) CCVCC ، /خوارد/ [ xwa:rd ]

نمونەکانی (١-ا، ب، پ، ت)، ئەوە نیشاندەدەن، کە بڕگەی داخراو لەم قاڵبە بڕگانە ( CVC, CVCC, CCVC, CCVCC) پێکدێت، ئەم جۆرە بڕگانە بە بڕگەی داخراو ناسراون، چونکە باری لچولێو بەشێوەی داخراوەیی دەبینرێن و بڕگەکانیش کۆتاییان بە دەنگی کۆنسۆنانت هاتووە.

**٢-٣/٢-٢) بڕگەی کراوە:**

بەو بڕگانە دەوترێت، کە کۆتاییان بە دەنگی بزوێن دێت، ئەم جۆرەیان لە ڕوی ئۆرگانییەوە لچولێو بە شێوەی کراوەیی دەوەستن، لەم جۆرە بڕگەیەدا پاش لوتکە (کۆنسۆنانتی دواوە دەرناکەوێت). واتە بڕگەکە بە دەنگێکی ڤاول کۆتاییدێت، وەک:

٢-ا) CV ،/دۆ/ [ do ]

ب) CCV ، /خوێ/ [xœ]

نمونەکانی (١- ا، ب) ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە لە زمانی کوردیدا بڕگەی کراوە دوو قاڵبی هەیە، ئەم دوو قاڵبە کۆتاییان بە دەنگی (ڤاوڵ) هاتووە و لچولێو بە شێوەی کراوەیی دەوەستن.

# بەشی سێهەم

## پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان لە شێوەزارەکەدا

## ١/٣) پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان لە پێکهاتەی وشەی مۆرفۆلۆژیدا

پێشتر و لە بەشی یەکهەمی نامەکەدا، هەندێک زانیاریی و ڕونکردنەوەی فۆنەتیکیی و فۆنۆلۆژیی لەبارەی پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکانی (کەوتن، دەنگگۆڕکێ، هەڵتۆقین) پەیوەست بە ناسینەوەیان لە وشەی مۆرفۆلۆژییدا نیشاندران (بەراوردیبکە) لەگەڵ: ( محمد: ٢٠٠٨: ١٨-٥٥، شاڵی: ٢٠٠٠: ٥٢-١١٠، عەلی: ٢٠١٥: ٩٩-١٦٢)و سەرچاوەکانی تری فۆنۆلۆژیی. هەر لەو زانیارییانەوە هەنگاو بەرەو خستنەڕوی پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان تایبەت بە وشەی مۆرفۆلۆژیی گۆڕانە دەنگییەکان دەنێین. مۆرفۆلۆژیی بەپێی یاساو ڕێساکانی، کەرەستەی فەرهەنگیی بۆ پرۆسەکانی هەڵگواستن و لێکدان وەردەگرێت، بەوەش لەم پێکهاتەیەدا فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمدێت، واتە وشە مۆرفۆلۆژییەکان وشەی نسادەن و لە فۆڕمە فەرهەنگییەکانەوە (وشە سادە و مۆرفیمەکان)ەوە بەرهەمدەهێنرێن. وشە (فۆنۆلۆژیی/ فەرهەنگیی)یەکان ئەوانەی لە پێواژۆی لێکداندا بەشدارییدەکەن، ئەو توخمانەن، کە پرۆژەسازدەرن و توانای بەرهەمهێنانی کەرەستەی مۆرفۆلۆژییان هەیە. هەر پەیوەست بە (مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی)ەوە، گرنگە هەندێک ڕونکردنەوە لەسەر ئەو لێکسیمانەیش بدەین، کە لە ڕوی واتاوە هەمان واتایان هەیە، بەڵام بەهۆی مەرجی فۆنۆتاکتیکەوە (+/-دەنگدارییی)ەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت. دەستنیشانکردنی پێواژۆ و جۆری پێواژۆکان بە یەکێک لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی فۆنۆمۆرفۆلۆژیی دەژمێردرێت. واتە هەردوو پێکهاتوی (فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی) بە تەواوکەری یەکتری دادەنرێن، ئاشکرایشە، بە لێکدانی فۆنیمەکان وشەی (فۆنۆلۆژیی/ سادە) دروستدەبێت، پێکهاتوی مۆرفۆلۆژیش، مەبەست لە ئەو وشە مۆرفۆلۆژییانەیە، کە لە ئەنجامی چونەپاڵیەکی مۆرفیمەکان، بە یارمەتیی (پێشگر و بناغە، بناغە و پاشگر، بناغە و بناغە) دروستدەبن، ئەم جۆرە وشە دروستکراوانەش فەرهەنگی زمان دەوڵەمەنددەکەن، بەوپێیەی هەموو زمانەکانی جیهان لە هەوڵی دەوڵەمەندکردنی زمانەکەیاندان لە ڕێگەی دروستکردنی وشەی نوێوە، چونکە بەرەوپێشچونی هەمو زمانێک پێویستی بە نوێبوونەوە و زیادکردنی وشەی تازە هەیە تا دوانەکەوێت لە زمانەکانی تری جیهان و هاوتەریب لەگەڵیاندا لە گەشە و پێشکەوتندا بێت، دەتوانرێت لە ڕێگەی وشە (مۆرفۆلۆژییە/ نسادە)کانەوە فەرهەنگی زمانی کوردیی دەوڵەمەندبکرێت. وشە مۆرفۆلۆژییەکانیش لە (وشە نسادەکان) پێکدێن.

واتە وشەی (داڕێژراو و لێکدراو) دەگرێتەوە، کە لە ڕێگەی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکانی (داڕشتن و لێکدانەوە) دروستدەبن. وشەی داڕێژراو لە بناغە و پێشگرێک، یان پاشگرێک پێکدێت، وشەی لێکدراویش بەلای کەمەوە لە دوو بناغە پێکدێت، کاتێک (مۆرفێم و وشە)کان لێکدەدرێن، لە ئەنجامدا کۆمەڵێک پێواژۆی فۆنۆمۆرفۆلۆژیی دێنەئاراوە، چونکە کاتێک (مۆرفێم/ فۆنێم)ەکانی زمان دەکەونە پاڵ یەکتر، گۆڕانی فۆنۆلۆژیی ڕوودەدات، بە هۆی کەوتنەپاڵیەکی دەنگە کۆنسۆنانت و ڤاوڵەکان، دەنگ هەڵدەتۆقێت، یان دەکەوێت، یان دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی دیکە، کاتێک ئەم دەنگانە لەیەکبدرێت، واتە پێواژۆی فۆنۆمۆرفۆلۆژی بۆ دروستکردنی وشە پشتی پێدەبەسترێت. بەو واتایەی، لە کاتی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکاندا هەندێک پێواژۆی فۆنۆمۆرفۆلۆژیی بەهۆی ((نواندنی فۆنەتیکییانەی فۆنێمەکان وابەستەی ئەو مەرج وکۆتوبەندانەن، کە لە نواندنی فۆنۆلۆژیدا پەیڕەوکردنیان خورتییە)). بۆیە، کاتێک مۆرفێمەکان لەیەکدەدرێن هەندێک لەفۆنێمەکان پێواژۆی دەنگییان بەسەردادێت (سەعید:٢٠١٩: ١٥، غریب و ئەوانی تر: ٢٠٢١: ٤٦٥). ئەم گۆڕانانەش لە فۆنێمەکاندا دەبێتە هۆی پەیدابوونی پێواژۆ فۆنۆمۆرلۆژییەکان، وەک:

## ١/٣-١) کەوتنی دەنگ – Dissimilation

ئەم پێواژۆیە، بریتییە لە کەوتنی فۆنێمێک، یان زیاتر لە سەرەتا، یان کۆتایی بڕگەدا بەرجەستەدەکرێت. بە واتا کاتێک مۆرفێمەکان بە مەبەستی دروستکردنی وشەی مۆرفۆلۆژیی لەیەکدەدرێن، پێواژۆی کەوتن بەرجەستەدەکرێت. واتە کاتێک دوو فۆنێمی (کۆنسۆنانت/ ڤاوڵ)ی لێکچوو، یاخود نزیک لەیەکەوە لە پێکهاتەی مۆرفێم و وشەکاندا دەکەونە پاڵ یەکتر، بە شێوەیەکی خورتیی ڕودەدات و لەژێر جڵەوی ئاخێوەری زمانەکەدا نییە. ئەم پێواژۆیە لە ڕوی فۆنەتیکییەوە زۆرجار لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بە مەبەستی ئابوریکردنی زمان بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕۆژانەدا بەرجەستەدەکرێن، پێواژۆی فۆنەتیکیین، نەک فۆنۆلۆژیی (مەحویی: ٢٠٢١: ٧٨١). لە پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکانی وشەدروستکردندا، کە لە ڕێگەیەوە وشەی مۆرفۆلۆژیی دروستدەکرێت، پێواژۆی کەوتنیش لەژێر کاریگەریی پێکەوەهاتنی مۆرفێمەکان، کە زۆرجار پێکەوە ناگونجێن، بۆیە بە شێوەیەکی خورتیی لە (سەرەتا، یان کۆتایی) بڕگەی فۆنۆلۆژییدا پێواژۆی کەوتن، بەپێی مەرجە فۆنۆتاکتیکییەکانی زمانەکە بەرجەستەدەکرێت.

**١/٣-١-١) کەوتنی دەنگ لە وشەی داڕێژراودا:**

مەبەست لە کەوتنی دەنگ لە وشە داڕێژراوەکاندا، ئەوەیە لە کاتی دروستکردنی وشە ناسادەکاندا هەندێک گۆڕان لە وشە داڕێژراوەکاندا دێتە ئاراوە. لە زۆر زماندا پێواژۆی کەوتنی دەنگ هەیە، بە تایبەتی کاتێک لە وشەیەک یان دوو وشەدا، کە پێکەوەبێن و دوو دەنگی وێکچوو یەک بەدوای یەکدا بێن... ئەمەش بۆ خۆ دوورخستنەوە لە زۆریی بزوتنەوەی ئەندامانی ئاخاوتن و ئاسانکردنی کاری دەربڕیینە. (حاجی مارف: ٢٠٠٢ :٢٣).

بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین، کەوتنی دەنگ بریتییە لە کەوتنی دەنگێک یان زیاتر، گۆڕانیان بەسەردا دێت و لە ڕوی نوسین و دەربڕینەوە جیاواز دەبن، بەڵام لەڕوی واتاوە هەمان واتایان هەیە و ناگۆڕێن. وشەی داڕێژراو ئەو وشانەن، کە لە ئەنجامی یەکگرتنی بناغە لەگەڵ پێشگرێک، یان پاشگرێک دروستدەبن، لە خوارەوە جۆری کەوتنی فۆنیمەکان پۆلێندەکرێن بۆ:

**١/٣-١-١-١) کەوتنی دەنگە کۆنسۆنانتەکان لە وشەی مۆرفۆلۆژیی (پێشگر+بناغە)دا**

لە شێوەزارەکەدا بە هەمان شێوەی زمانی کوردیی، هەندێک (پێشگر+ بناغە)هەن وشەی داڕێژراو دروستدەکەن، کاتێک وشە ناسادەکان دروستدەکرێن، یان مۆرفیمەکان لێکدەدرێن، وشەی نوێ دروستدەبێت، بەهۆی ئەنجامدانی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکانەوە، هەندێک پێواژۆی فۆنۆمۆرفۆلۆژیی ڕودەدات، وەک:

١-ا)/بەر+بەست/ ← بەربەست [bər . bəst ~ bər. bəs]

ب)/پێ +ویست/ ← پێویست [pe . wist ~ pe . wis]

ت > Ø

نمونەکانی (١-ا، ب) ئەوە نیشاندەدەن، کە وشە ناسادەکان لە(پێشگر+ بناغە) پێکهاتوون و وشەی داڕێژراویان دروستکردووە و لە وشە داڕێژراوەکانیشدا دەنگی [ت~t] ی [-دەنگدار] لە کۆتایی بڕگەی دوهەمدا کەوتووە. واتا کاتێک بە دوای دەنگی [س~s]ی [-دەنگدار]دا دێت و دەنگی [ت~t] لەدەربڕیندا دەکەوێت، ئەمیش زیاتر

پێواژۆیەکی فۆنەتیکییە، نەک فۆنۆلۆژیی، بەڵام لەبەرئەوەی لە کاتی پێواژۆی مۆرفۆلۆژییدا کەوتووە، بۆیە ئاماژەی پێدراوە.

٢-ا) /نا + پەسەند/ ← ناپەسەند [na . pə , sənd ~ na . pə . sən]

د > Ø

ب)/هەڵ + هات/ ← هەڵهات [həɫ . hat ~ hə . ɫa:t]

پ)/بێ + هۆش/ ← بێهۆش[ be . hoʃ ~ be . wɨʃ]

هـ > Ø

نمونەی(٢-ا) دەریدەخات، کە دەنگی [د~d]ی [+دەنگدار] لە کۆتایی بڕگەی دوهەمدا لە دەربڕینی ڕۆژانەدا زۆرجار بەرجەستەناکرێت و دەکەوێت، چونکە قورسە و لە کاتی دەربڕیندا پێویستی بە وزەیەکی زیاترە، بۆیە دەنگی [د~d] زۆرجار لە کۆتایی بڕگەکانەوە دەکەوێت. هەروەها نمونەی (٢-ب) ئەوە نیشاندەدات، کە دەنگی [هـ~h] ی کۆنسۆنانت لە سەرەتای بڕگەی دوهەمدا کەوتووە. بە هەمان شێوەی نمونەی (٢-پ) دەنگی [ە~h] لە وشەی( /بێهۆش/)دا لە سەرەتای بڕگەی دوهەم کەوتووە، لەبەرئەوەی سەرەتای بڕگەی دوهەم بە بۆشیی و بەتاڵیی ماوەتەوە، بەپێی پێڕەوی دوو پەلکی بڕگە، وەچەپێکهاتەی سەرەتای بڕگە نابێت بۆش بێت، بۆیە سەرەتای بڕگە لە نمونەکەدا بۆش نییە، بەڵکو نیمچە کۆنسۆنانتی [w] وەچەپێکهاتەی سەرەتای بڕگەی پڕکردووەتەوە. بۆیە دەنگی [ۆ~o]یش گۆڕاوە بە نیمچەکۆنسۆنانت، چونکە لە زمانی کوردیدا سەرەتای بڕگە بە ڤاوڵ دەستپێناکات، بۆیە ئەو دەنگە لە وشەی (/هۆش/)دا لە ڤاوڵەوە دەبێتە نیمچە کۆنسۆنانتی [و~w] بۆ ئاسان دەربڕینی وشەکە، دەنگی [هـ~h] دەکەوێت.

**١/٣-١-١-٢) کەوتنی دەنگە کۆنسۆنانتەکان لە وشەی مۆرفۆلۆژیی (بناغە+ پاشگر)دا**

بە هەمان شێوەی (پێشگر+ بناغە) لە زمانی کوردیدا، هەندێک (بناغە+ پاشگر) هەن وشەی دارێژراو دروستدەکەن، کاتێک مۆرفیمە وشەدارێژەکان لەیەکدەدرێن، زۆرجار پێواژۆی کەوتن بەدیدەکرێت، وەک:

٣-ا)/دۆست+ ایەتی/ ← /دۆستایەتی/[dos . ta . yə . ti : ~ do . sa . yə . ti:]

ب)/دەست+ەک/←/دەستەک/[ dəs . tək ~ də. sək]

پ)/پەرست + گە/← /پەرستگە/ [pə . rɨst . gə ~ pə . rɨs . gə]

ت > Ø

نمونەکانی (٣-ا، ب، پ ) دەیسەلمێنن، کە لە وشە دارێژراوەکاندا پێواژۆی کەوتنی دەنگیی ڕودەدات، لە (٣-ا)دا وشەکە لە ناوی (/دۆست/) و پاشگری (/-ایەتی/) دروستبووە، لە ئەنجامدا دەنگی [ت~t]ی[-دەنگدار]یی لە ناوەڕاستی بڕگەی دوهەمدا کەوتووە، هەروەها لە(٣-ب)دا، لە ناوی (/دەست/)و پاشگری (/-ەک/)، ناوی (/دەسەک/)دروستکراوە، بەڵام بە هەمان شێوە دەنگی[ت~t]ی سەرەتای بڕگەی دووەم کەوتووە. نمونەی(٣-پ)یش، وشەکە لە قەدی(/پەرست/) و پاشگری(/-گە/)پێکهاتووە و دەنگی[ت~t] لە کۆتایی بڕگەی دوهەمدا کەوتووە.

٤-ا)/بەهرە + مەند/ ← /بەهرەمەند/ [bəh . rə . mənd ~ bəh . rə . mən ]

ب)/ ئارەزوو + مەند / ← /ئارەزوومەند/ [a: . rə . zu: . mənd ~ a: . rə . zu: . mən ]

پ)/ دەوڵەت + مەند / ← /دەوڵەمەند/ [dəw . ɬə . mand ~ dəw . ɬə . mən]

د > Ø

داتا و نمونەکانی(٤-ا، پ) ئەوە نیشاندەدەن، کە دەنگی[د~d]ی [+دەنگدار]یی لە کۆتایی بڕگەی سێهەم و لە نمونەی (٤-ب) لە کۆتایی بڕگەی چوارەم، بە تایبەتیی کاتێک لە پاش دەنگی [ن~n]ی [+دەنگدار، +لووت]ییەوە لە کۆتایی بڕگەدا دەردەکەوێت، لە ئاخاوتندا بەرجەستەناکرێت.

٥-ا)/ قولّ+/-ینگە/ ← /قولّینگە/←قولّینە [qu . ɬin . gə ~ qu . ɬi .nə]

ب)/بێژ+ نگ/ ← /بێژنگ/ [be . ʒɨŋ ~ be . ʒɨn]

گ > Ø

لە نمونەکانی (٥-ا، ب)دا لە وشە دارِێژراوەکانی (/قولّینگە، بێژنگ/)دا دەنگی[گ~g]ی [+دەنگدار]یی، کە دەکەوێتە سەرەتای برِگەی دووەم و لەوشەی /بێژنگ/ دەکەوێتە کۆتای برِگەی دووەم دەکەوێت، کەوتنی ئەم دەنگەش لە وشەکاندا، زیاتر پێواژۆیەکی فۆنەتیکییە و بە مەبەستی ئاسان دەربرِینیان دیاردەی کەوتن روِیداوە. هەروەها بەهۆی زالّبونی دەنگی [ن~n] بەسەر دەنگی [گ~g]دا، بەرزبونەوەی مەلاشوی نەرم بە شێوەیەکی تەواو روِونادات، دەنگی [گ~g] و [ن~n] تا رِادەیەک بەیەکەوە دروستدەبیت و دەبێتە هۆی دروستبونی دەنگێکی پەنگ خواردوی قەبە (وەیس: ١٩٨٤ : ٦٢).

### ١/٣-١-١-٣) کەوتنی دەنگە ڤاولّەکان لە وشەی دارِێژراو( بناغە+پاشگر)دا

بە هەمان شێوەی دەنگە کۆنسۆنانتەکان، دەنگە ڤاولّەکانیش لە وشەی دارِێژراو( بناغە + پاشگر)دا، کاتێک مۆرفیمەکان بۆ دروستکردنی وشەی نوێ دەدرێنەپالّ یەکتر و بەتایبەتی کاتێک دوو دەنگی ڤاولّ پێکەوە دەردەکەون، لەبەرئەوەی بەپێی مەرجی فۆنۆتاکتیکیی زمانی کوردیی، دوو ڤاولّ لەیەک برِگەدا رِێگەپێدراو نین، بۆیە یەکێکیان دەکەوێت، وەک:

٦-ا) برا + /-ەلە/ ← /برالە/ [bra . lə]

ب) مەشکە + /-ۆلّە/← /مەشکۆلّە/ [ məʃ . ko . ɬə ]

پ) نامە+/-یلکە/← نامیلکە/ [na . mil . kə] (مستەفا، ٢٠١٩ : ١٤٣-١٤٤).

ە > Ø

نمونەکانی (٦-ا، ب، پ) ئەو رِاستییە نیشاندەدەن، کە لە وشە دارِێژراوەکاندا دەنگی ڤاولّیش دەکەوێت، لە نمونەی (٦-ا)دا، برِگەی یەکهەم بە ڤاولّ کۆتاییهاتووە و سەرەتای برِگەی دوهەمیش بە دەنگی ڤاولّ دەستپێکردووە، وەکو وتمان لەبەرئەوەی دوو دەنگی ڤاولّ بە دوای یەکدا رِێگەپێدراو نین، ئینجا دەنگی [ە~ə]ی ڤاولّ لە سەرەتای برِگەی دوهەمدا هاتووە و بەپێی مەرجی فۆنۆتاکتیکیی زمانی کوردیی لە سەرەتای برِگەدا رِێگەپێدراو نییە، بۆیە دەنگەکە کەوتووە. هەروەها لە نمونەکانی(٦-ب، پ)یشدا، وشە دارِێژراوەکانی (/مەشکۆلّە، نامیلکە/) لە (ناو) و پاشگرەکانی(/-ۆلّە، -یلکە/) دروستبوون

و کۆتایی ناوەکان و بە تایبەتی برگەی دوهەمیان بە دەنگی ڤاوڵی [ə~ە] کۆتاییان هاتووە، پاشگرەکانیش، کە بەدوای بناغەکاندا دێن بە دەنگی ڤاوڵ دەستیانپێکردووە بۆیە دەنگی[ə~ە]ی کۆتایی برگەی دوهەم دەکەوێت، کەوتنی ئەم دەنگەش لە وشەکاندا دەگەرێتەوە بۆئەوەی لە زمانی کوردیدا دوو دەنگی ڤاوڵ بە دوای یەکدا نایەن و سەرەتای برگەیش بە ڤاوڵ رێگەپێدراو نییە. چونکە وشەکان کۆتاییان بە دەنگی ڤاوڵ هاتووە و پاشگرەکەش، کە لەگەڵ وشەکە لێکدەدرێت بە ڤاوڵ دەستپێکردووە، بۆیە دەنگی [ə~ە]ی ڤاوڵ لە وشەکاندا کەوتووە.

٧-ا) /جام + وڵکە/ ← /جامولّکە/ > /جامڵکە (جامکە) /

[ʤa . muɫ . kə ~ ʤa . mɨɫ . kə ~ ʤam . kə ]

Ø < [w~و]

ب)/گوفت + ار/← /گوفتار/ > /گفتار/ [ guf . ta:r ~ gɨf . ta:r ]

Ø < [u~و]

لە نمونەکانی(٧-ا، ب)دا پێواژۆی کەوتن دەبینرێت. بۆ نمونە لە (٧-ا) پێواژۆیەکی کەوتن روویداوە، لە کاتی لێکدانی مورفیمەکانی ناوی(/جام/)و پاشگری (/-وڵکە/)دا، سەرەتا دەنگی[و~w]، کە دەنگێکی [+دەنگدار، + نیمچە کۆنسۆنانت]ە لە سەرەتای برگەی یەکهەمی پاشگرەکەدا هاتووە، دەکەوێت و ڤاوڵە ساردەکە جێکەوتەکە پردەکاتەوە، سەرەرای ئەوەیش، زۆرجار لە شێوەزارەکەدا جگە لە ئەوەی دەنگی [و~w] دەکەوێت، هەندێکجاریش دەنگی [ڵ~ɫ] ی (+دەنگدار)یش لە کۆتایی برگەی دوهەمدا پێکەوە دەکەون و وشەکە لە شێوەی (جامکە) دەردەبرێت و بەرجەستەدەکرێت. نمونەی (٧-ب) لە وشەی دارێژراوی (/گوفتار/)، کە لە قەدی (/گوفتن/) و پاشگری (/-ار/) دروستکراوە، دەنگی[و~u]ی ڤاوڵ لە ناوەراستی برگەی یەکهەمدا کەوتووە و بە (/گفتار/) بەرجەستەدەکرێت.

٨)/قوفڵ+دان/ ← /قوفڵدان/ [qu . fɨɫ . da:n ~ qɨ . fɨɫ . da:n]

نمونەی (٨) دەریدەخات، کە لە وشەی دارێژراوی [/قفڵدان/]دا، دەنگی [و~u]ی ڤاوڵ، کە دەنگێکی [+دەنگدار]ە لە ناوەراستی برگەی یەکهەمدا و لە ئاخاوتنی رۆژانەی شێوەزارەکەدا دەکەوێت.

٩)/نا + شیرین/← /ناشیرین/ [ na . ʃi . rin ~ naʃ . rin]

[ی~i] > Ø

نمونەی (٩) دەریدەخات، کە لە هاوەڵناوی (/ناشیرین/) دا، دەنگی [ی~i]ی ڤاوڵی [+ دەنگدار] لە ناوەڕاستی بڕگەی دوهەمدا کەوتووە و دوای کەوتنی ڤاوڵەکە، کۆنسۆنانتی سەرەتای بڕگەی دووەم کۆتایی بڕگەی یەکەمی دروستکردووە و بڕگەی دووەمیش خۆی ڤاوڵی تێدایە، لە شێوەی (/ناشرین/) بە هۆی ئاسان دەربڕینی وشەکە لە لایەن قسەپێکەرانی شێوەزارەکەوە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا دەردەبڕێت.

**٣/١-١-٢) کەوتنی دەنگ لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی- لێکدراو)دا:**

وشەی لێکدراویش ئەو وشانەن، کە لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو بناغەی واتادار، یان دوو بناغەی واتادار و زیادەیەک دروستدەبن. کاتێک وشەکان لێکدەدرێن بەهۆی مەرجی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردییەوە، هەندێک دەنگ دەکەوێت، بۆ نمونە:

**٣/١-١-٢-١) کەوتنی دەنگە کۆنسۆنانتەکان لە وشەی مۆرفۆلۆژیی (لێکدراو)دا:**

١٠-ا)/ئیمان+دار/← ئیماندار[ ʔi . man . da:r ~ ʔi . man . nar ~ ʔi . ma . nar]

ب)/ناز + دار/← نازدار [naz . da:r ~ na . za:r]

پ)/زام + دار/ ← زامدار [ zam . da:r ~ za . ma:r]

د > Ø

ئەوەی لە نمونەکانی (١٠-ب، پ)دا تێبینیدەکرێت، وشەکانی(/ئیمان، ناز، زام/) لەگەڵ وشەی (/دار/)، کە ڕەگی (/داشتن/)ەو لەگەڵ ناوی کرداریی(/هەبوون/)دا هاوواتان، کاتێک بۆ دروستکردنی وشەی نوێ لێکدراون، دەنگی[د~d]ی کۆنسۆنانت، کە دەنگێکی [+دەنگدار]ە، لە سەرەتای بڕگەی دوهەمی وشەکاندا کەوتووە و لە نمونەی (١٠-ا)دا لە وشەی (/ئیماندار/) دەنگی [د~d] لە سەرەتای بڕگەی سێهەمدا کەوتووە، کاریگەریی لەسەر بڕگەکانیش هەبووە، واتە زۆرجار دەنگی [د~d] لە وشە ناسادەکاندا بەهۆی کارتێکردنی ئەو دەنگەی، کە بە دوایدا دێت دەکەوێت.

١١-ا) /خۆر + هەتاو/ ← /خۆرەتاو/ [xor . hə . ta:w ~ xo . rə . ta:w]
ب)/دەست + هاڕ/ ← /دەستهاڕ/ [dəst . ha:R ~ də . sa:R]
هـ > Ø

نمونەکانی (١١-ا)، ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە لە وشەی لێکدراوی (/خۆرهەتاو/)دا، کە لە سێ بڕگە پێکهاتووە، هەروەها لە (١١-ب)یش کە لە دوو بڕگە پێکهاتووە دەنگی [هـ~h] ی [+دەنگدار] لە سەرەتای بڕگەی دوهەمی نمونەی (ا-ب)دا کەوتووە.

١٢)/بەڵێن+نامە/ ← /بەڵێننامە/ [bə . ɫen . na . mə ~ bə . ɫe . na . mə]
ن > Ø

نمونەی(١٢) ئەوە دەردەخات، کە لە ناوی لێکدراوی(/بەڵێن+نامە/)دا، پێواژۆی کەوتن لە دەنگی[ن~n]ی [+کۆنسۆنانت، +دەنگدار] لە کۆتایی بڕگەی یەکهەمدا ڕوویداوە، چونکە هەندێکجار یەکێک لە دەنگە [ن~n]ەکان دەرنابڕدرێت، هەربۆیە یەکێک لە دەنگە [ن~n] ەکان دەکەوێت.

١٣-ا)/دەست+ماڵ/ ← /دەستماڵ← /[dəst . maɫ ~ dəs . ma:ɫ ~ daz . ma: ɫ]
ب)/دەست+کورت/← دەستکورت ← [dəst . kurt ~ dəs . kurt]
پ)/مام+وەستا/ ← /مامۆستا/ ← [ma:m . wəs. ta ~ ma . mo . sa ~ ma . mos . ta]
ت > Ø

ئەگەر سەیری هەریەک لەنمونەکانی(١٣-ا، ب، پ) بکەین، دەبینین دەنگی[ت~t]ی [+کۆنسۆنانت، -دەنگدار] کەوتووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەنگی [ت~t]ی [-دەنگدار] کاتێک لە پاش دەنگی[س~s]ی [+دەنگدار]دا دێت، لە زۆربەی ئەو وشانەی، کە کۆتاییان بە دەنگی[ت~t] هاتووە، دەنگێک لەدەنگە [ت~t]ەکان بەرجەستەناکرێت.

١٤-ا)/ شێخ+ عەبدوڵڵا/ ← /شێخەولا/ [ ʃe . ɣəw . ɬa: ~ ʃex . əw . ɬa: ]
(سالح: ٢٠١٢: ١٠٣ ).
ب)/شێخ + عەلی/← /شێ عەلی/ [ʃe. əli]
پ)/شێخ + مەحموود/ ← /شێخ مەحموود/[ ʃe . məħ . mu: ~ ʃex . məħ . mu:d ]
خ > Ø

لە نمونەکانی(١٤-ا، ب، پ)دا، دەنگی [خ~x] ی[-دەنگدار]یی لە کۆتایی بڕگەی یەکەم دەکەوێت، لەبەرئەوەی لە شێوەزارەکەدا هەندێکجار، کە وشەی (/شێخ/) دەکەوێتە پێش ناوەکان، دەنگی[خ~x] ی کۆتایی بڕگەی یەکەم بۆ ئاسان دەربڕینی وشەکە دەکەوێت. لە ناوی (شێغەولا) دەنگی [خ] گۆڕاوە بۆ دەنگی [غ]ی (+دەنگدار)یی، هەروەها کەوتنی دەنگیش لە ناوی (شیغەولا)دا ڕویداوە، دەنگەکانی [ع، ب، د، ڵ) کەوتووە.

١٥-ا)/ زەرد + ئاو/← زەرداو [zər . daw]
ب)/گۆشت + ئاو/ ← /گۆشتاو/ [goʃ . ta:w]
پ)/کانی + ئاسکان/ ← /کانێسکان/ [ ka . ni . ʔas . ka:n ~ ka . nes . ka:n ]
(ئەو ڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٨٤).
ئـ > Ø

لە نمونەکانی(١٥-ا، ب، پ)دا، لە وشە لێکدراوەکانی (/زەردئاو، گۆشتئاو، کانێسکان/ )دا، دەنگی هەمزە [ ئـ~ʔ] ی [-دەنگدار] لە سەرەتای بڕگەی دوهەم و نمونەی(١٥-پ)یش، لە سەرەتای بڕگەی سێهەم کەوتووە، بەهۆی لێکدانی وشەکان بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، چونکە لە زمانی کوردییدا دەنگی هەمزە [ ئـ~ʔ] لە سەرەتای بڕگەوە نایەت، بەڵکو تەنها دەنگێکی یارمەتیدەرە، واتە کاتێک ڤاوڵەکان دەکەونە سەرەتای بڕگەوە، پێویستیان بە هێزێک بۆ گۆکردن دەبێت، چونکە لە کاتی دەربڕینی دەنگی ڤاوڵدا دەم بە ڕێژەیەک کراوەیە و هەوا بە بەردەوامی لە سییەکانەوە دێتەدەرەوە و تاڵە ژێیەکان دەلەرێتەوە، بۆیە پێویست بە دەنگێک دەکات بۆ یارمەتیدانی دەنگە ڤاوڵەکە ئەم شێوە کەوتنەش لە زۆربەی ناوچەکاندا ڕودەدات، بە تایبەتی (ناوچەی شارەزوور و سۆران....) دەنگی [ ئـ~ʔ] بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنن. (ڕەسوڵ، ١٩٩٥ :١٢٠ )

١٦-ا) /پاک+کردن/← /پاککردن/ [pak . kɨr . dɨn ~ pa . kɨr . dɨn]

ب) /چاک+کردن/← /چاککردن/ [ʧak . kɨr . dɨn ~ ʧa . kɨr . dɨn]

ک > Ø

نمونەی(١٦-ا، ب) نیشانیدەدات، کە لە ناوی لێکدراوی (/پاککردن، چاککردن/)دا، دەنگی [ک~k ی [-دەنگدار] لە کۆتایی بڕگەی یەکەمدا کەوتووە، ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، دەنگی [ ک~k] لە کۆتایی بڕگەی یەکەم و سەرەتای بڕگەی دوهەمدا پێکەوە هاتوون، بۆیە ئەو پێواژۆیە بەرجەستەدەکرێت (عمر: ١٩٧٦: ٣٢٤).

### ١/٣-١-٢-٢) کەوتنی دەنگە ڤاوڵەکان لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی-لێکدراو)دا:

١٧)/گەردەن+ بلوور/ ← /گەردەنبلوور/

[gər . dən . bɨ . lu:r ~ gər . dɨn . bɨ . lu:r]

ه > Ø

لە نمونەی (١٧)دا، لە وشەی لێکدراوی (/گەردەنبلوور/)دا، کە لە دوو بناغە پێکهاتووە، دەنگی[ ە~Ə] ی [+دەنگدار] لە ناوەڕاستی بڕگەی دووهەمدا کەوتووە، بەهۆی ئاسان دەربڕینی ئەم وشەیەوە دەنگەکە لە شێوەزارەکەدا دەرنابڕێت.

١٨-ا)/گەلا + توو/ ← /گەلاتوو/ > /گلاتوو/ [gə . ɬa: . tu: ~ gɬa . tu:]

ه > Ø

لە نمونەی (١٨-ا)دا و لە وشەی لێکدراوی (/گەلاتوو/)دا، ڤاوڵی [ ە~Ə]، کە دەنگێکی [+دەنگدار]ە، لە کرۆکی بڕگەی یەکەمدا کەوتووە، بە هۆی گونجان و ئاسان دەربڕینی وشەکە لە کاتی ئاخاوتندا، چونکە زۆرجار لە شێوەزاری شارەزووردا وشەی (/گەلا / ) لە شێوازی دەربڕیندا بە (/ گلا / ) دەردەبڕێت.

١٩)/ئاڵ + و + گۆڕ/← /ئاڵوگۆڕ/ [ʔa . ɬu . goR ~ ʔaW. goR]

ڵ > Ø

نمونەی( ١٩ ) دەیسەلمێنێت، کە لە وشەی لێکدراوی (/ئاڵوگۆڕ/)دا، دەنگی[ ڵ~ɬ] ی [+دەنگدار] لە کۆتایی بڕگەی یەکەمدا کەوتووە، کاریگەریی لەسەر ژمارەی بڕگەکانیش هەبووە و بە (/ئاوگۆڕ/) دەردەبڕێت و بەرجەستەدەکرێت.

## ٢/٣) هەڵتۆقین - Epenthesis

### ٢/٣-١) هەڵتۆقینی دەنگ لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی- دارِێژراو)دا:

لە زمانی کوردیی و شێوەزارەکە بە تایبەتیی، پێواژۆی هەڵتۆقینی دەنگ، زۆرجار لە کاتی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکانی دارِشتنی وشەدا، بەتایبەتیی لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفیمەکان بە مەبەستی دروستکردنی وشەی نویَ، دەنگێکی نویَ هەڵدەتۆقێت. کەواتە مەبەست لە هەڵتۆقینی دەنگ، هەڵتۆقینی دەنگێکی نوێیە، لە ئەنجامی پێکەوەهاتنی کۆمەڵێک دەنگ، کە ناتوانرێت لەگەڵ یەکدا بێن، یان دوو کۆنسۆنانت، کە دەربرِینیان بە یەکەوە قورسە، پێواژۆی هەڵتۆقینی دەنگ دێتەئاراوە، چونکە لە زمانی کوردییدا دوو دەنگی ڤاوڵ بە دوای یەکدا نایەن، لەبەرئەوەی هێشوە کۆنسۆنانتیش لە ناو وشەکاندا دروستنەبێت، بۆیە دەنگێکی نویَ هەڵدەتۆقێت.

### ٢/٣-١-١) هەڵتۆقێنی دەنگی (نیمچەکۆنسۆنانت) لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی-دارِێژراو)دا، کە لە ئەنجامی لێکدانی (پێشگر+ بناغە) هەڵدەتۆقێن، وەک:

١-ا) /لیَ + نان/ ← /لێنان/ [ le . na:n. ~ le . nya:n]

ب)/پیَ + گەشت/←/ پێگەشت/ [pe . gəʃt ~ pe . gə . yiʃt]

Ø < [ی~y ]

زانیارییەکانی ( ١-ا، ب) ئەو راستییە دەخەنەروو، کە ناوە دارِێژراوەکانی سەرەوە، لە پێشگر و بناغە پێکهاتوون لە هەریەک لە ئەو نمونانەدا دەنگی [ی~y ] نیمچە کۆنسۆنانت لە ناوەراستی برِگەی دوهەمی وشەی(/لێنیان/) و لە سەرەتای برِگەی سێیەمی وشەی (/پێگەیشت/) دا هەڵتۆقیووە.

٢-ا)/ مامۆستا + ان / ← / مامۆستایان / [ma . mos . ta . ya:n]

ب) / کۆ + ان / ← / کۆیان / [ko . ya:n]

/ برا + ان / ← / برایان / [bɨ . ra . yan]

Ø < [ی~y ]

لە وشە دارِێژراوەکانی (/مامۆستایان، کۆیان، برایان/)دا، کە لە ناوی (/مامۆستا، کۆ، برا+ان/)ی پاشگر پێکهاتوون، دەنگی[ی~y ]ی نیمچە کۆنسۆنانت پەیدابووە، چونکە

سەرەتای بڕگە نابێت بۆش و بەتاڵ بێت. واتە ڤاوڵ لە سەرەتای بڕگەوە ڕێگەپێدراو نییە، سەرەڕای ئەوەیش ناگونجێت دوو دەنگی ڤاوڵ بە دوای یەکدا بێن، بۆیە نیمچە کۆنسۆنانتی [ی~y ] هەڵتۆقیوە.

**٢/٣-١-٢) هەڵتۆقێنی دەنگە کۆنسۆنانتەکان لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی-داڕێژراو)دا، لە ئەنجامی لێکدانی (پێشگر+بناغە):**

هەڵتۆقێنی دەنگی (کۆنسۆنانت) لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی-داڕێژراو)دا، کە لە ئەنجامی لێکدانی(پێشگر+بناغە) هەڵدەتۆقێن، وەک:

٣-ا) /برژ+ /-ان/← /برژان/ > برژیان (برژیاگ)
[ bɨr . ʒa:n ~ bɨr . ʒya:n ~ bɨr . ʒyag]
ب)/ کوژ+/-را/← /کوژرا/ > کوژیاگ [kuʒ . ra: ~ kuʒ . yag]
پ) /لێژ + /-ایی/← /لێژایی/ > لێژگایی [le . ʒa . yi ~ leʒ . ga . yi]
[ g~گ] < Ø

لە نمونەکانی(٣-ا، ب، پ)دا دەردەکەوێت، کە هەڵتۆقینی دەنگی[گ~g ] ی کۆنسۆنانتی [+دەنگدار] لەم نمونانەدا ڕودەدات، لە هەریەک لە وشەکانی(/برژان، کوژرا/)دا لە کۆتایی بڕگەی دووەمدا هەڵتۆقیوە، بەڵام لە وشەی(/لێژگایی/)دا، لە سەرەتای بڕگەی دوهەمدا هەڵتۆقیووە.

٤-ا) /زەرد + /-ێنە/ ← /زەردێنە/ [zər . de . nə ~ zər . dwe . nə]
[ w~و] < Ø
ب) /چۆڵ + /-انی/ ← /چۆڵەوانی/ [ʧo . ɫa . ni ~ ʧo . ɫə . wa . ni]
[ w~و]،[ ə~ە ] < Ø

نمونەی (٤-ا)یش، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە وشەی داڕێژراوی (/زەردێنە/)، لە سێ بڕگە پێکهاتووە، لە ناوەڕاستی بڕگەی دوهەمدا نیمچە ڤاوڵی [و~w] هەڵتۆقیوە، ئەم دیاردەیەش تایبەتیی و چۆنێتیی دەربڕینی وشەکان لە شێوەزارەکەدا نیشاندەدات. هەروەها نمونەی (٤-ب)، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە لە وشەی داڕێژراوی

(/ چۆڵ+ انی/)دا، ڤاوڵی [ ə~ه ] و نیمچە ڤاوڵی [و~w ] هەڵتۆقیون، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بڕگەی یەکهەم تەنها یەک کۆنسۆنانتە و پێویستی بە ڤاوڵێکە، چونکە بڕگە بە بێ ڤاوڵ دروستنابێت. بۆیە دەنگی[ه ~ ə] لە کۆتایی بڕگەی دوهەمدا هەڵتۆقیوە. هەروەها بڕگەی سێهەمیش بەڤاوڵ دەستپێکردووە، بۆیە نیمچە ڤاوڵی [ و~w ] هەڵتۆقیوە. ئەم پێواژۆیەش تایبەتمەندیی زمانی کوردیی و شێوەزارەکە نیشاندەدات.

**٢/٣-١-٣) هەڵتۆقینی دەنگە ڤاوڵەکان لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی-داڕێژراو)دا، لە ئەنجامی لێکدانی (پێشگر+بناغە)دا:**

هەڵتۆقینی دەنگی ڤاوڵ لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی-داڕێژراو)دا:

٥-ا) /نیشت+مان/ ← نیشتمان > نیشتیمان [nɨʃ . tɨ . maːn ~ niʃ . ti . maːn]

Ø > [ی~i ]

لە نمونەی (٥-ا)دا، وشەی داڕێژراوی (/نیشتمان/)، لە بنەڕەتدا لە مۆرفیمەکانی(/نیشت+مان/) دروستکراوە و لە سێ بڕگە [nɨʃ . tɨ . maːn] پێکهاتووە. (/نیشتیمان/)، لەبەرئەوەی ناوەڕاستی بڕگەی دوهەم (ڤاوڵە ساردەکە) بڕگەکەی دروستکردووە، بۆئەوەی هێشووە کۆنسۆنانت دروستنەبێت، بۆیە ڤاوڵی [ی~i ] هەڵگری نیشانەی [+دەنگداریی]یە و لە جێگەی ڤاوڵە ساردەکە [ niʃ . ti . man ] هەڵتۆقیوە.

٦-ا)/کورد + /-ستان/ ← /کوردستان/ [kur . dɨs . taːn ~ kur . dus . taːn]

Ø > [و~u ]

نمونەی (٦-ا) ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە وشەی داڕێژراوی (/کوردوستان/) لە سێ بڕگە پێکهاتووە، لەبەرئەوەی لە ناوەڕاستی بڕگەی دوهەمدا ڤاوڵە ساردەکە بڕگەکەی دروستکردووە، بۆ ئەوەی هێشووە کۆنسۆنانت دروستنەبێت، بۆیە ڤاوڵی [و~u ] هەڵگری نیشانەی [+دەنگداریی]یە و لەجێگەی ڤاوڵە ساردەکە هەڵتۆقیوە.

٧-ا) /کۆڵ + /-وانە/ ← /کۆڵوانە/ [koɫ . wa . nə ~ ko . ɫə . wa . nə]

Ø > [ه~ə ]

ب)/چۆڵ + انی/ ← چۆڵەوانی[ ʧoɫ . wa . ni ~ ʧo . ɫə . wa . ni]

لە نمونەکانی (٧-ا، ب)دا دەردەکەوێت، ڤاوڵی [ه~ə ] دەنگێکی [+دەنگدار]ە، لە کۆتایی بڕگەی دوهەمی وشەکانی (/کۆڵەوانە، چۆڵەوانی/)دا هەڵتوقیوە، ئەمیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەبەرئەوەی سەرەتای بڕگەکە بۆش و بەتاڵە، بۆیە بڕگەکەی دروستکردووە.

٨–ا) /زستان + ە/ ← /زستانە/ > زوسانە [zɨs . ta . nə ˜ zu . sa . nə]

ب) /شاد+مان/← /شادمان/ > شادومان [ ʃad . maːn ~ ʃa . du . maːn ]

[ u~و ] < Ø

نمونەکانی(٨–ا، ب)نیشانیدەدەن، کە لە وشە دارێژراوەکاندا، دەنگی[و~u ] ی (+دەنگدار)، کە دەنگێکی ڤاوڵە هەڵتوقیوە، بۆ نمونە لە(٨–ا)دا، لە کۆتایی بڕگەی یەکهەم و لە (٨–ب)دا، لەکۆتایی بڕگەی دوهەم پەیدابووە، ئەمیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەبەرئەوەی کۆتایی بڕگەکان بۆش و بەتاڵن، بۆیە بڕگەی فۆنۆلۆژییان دروستکردووە و لە شێوەزارەکەدا بەو شێوازە دەردەبڕرێن.

**٢/٣–٢) هەڵتۆقینی دەنگی کۆنسۆنانت لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی–لێکدراو)دا:**

**٢/٣–٢–١) هەڵتۆقێنی دەنگی (نیمچەکۆنسۆنانت) لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی– لێکدراو)دا**

لە ئەنجامی لێکدانی دوو (بناغە + بناغە) هەڵدەتۆقێن، ئەمەش وەهایکردووە لە کاتی ئەنجامدانی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکان و بە مەبەستی دروستکردنی وشەی (مۆرفۆلۆژیی لێکدراو)، لە ئەنجامی لێکدانی دوو وشەی سەربەخۆ، یاخود دوو وشەی سەربەخۆ و ناوبەندێک، دەنگێکی نوێ هەڵبتۆقێت.

٩–ا)/ گڵ + ئاو/ ← /گڵاو / گڵیاو/ [gɨɫ . ʔaw ـ gɨɫ . yaw]

ب)/مل + نان/ ← /ملنان/ ملنیان/ [mɨl . naːn ـ mɨl . nyaːn]

[y~ی] < Ø

لە نمونەکانی(٩–ا، ب)دا تێبینیی ئەوە دەکرێت، کە لە وشە لێکدراوەکانی (/گڵاو، ملنان/)دا، دەنگی [ی~y] ی (+دەنگدار، + نیمچە کۆنسۆنانت) پەیدابووە، بە نمونە لە ناوەکانی (/گڵیاو، ملنیان/)دا، دەنگی [ی~y]ی نیمچە کۆنسۆنانت لە سەرەتای بڕگەی دوهەمیاندا هەڵتۆقیوە.

**۲/۳-۲-۲) هەڵتۆقێنی دەنگی (کۆنسۆنانت) لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی- لێکدراو)دا**
لە زمانی کوردیی و شێوەزارەکەدا بە شێوەیەکی گشتیی بە دەگمەن نمونەیەک دەبینرێتەوە، کە پێواژۆی هەڵتۆقێنی دەنگی (کۆنسۆنانت) لە وشە لێکدراوەکاندا هەبێت.
**Ø < Ø**

**۲/۳-۲-۳) هەڵتۆقێنی دەنگی (ڤاوڵ) لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی- لێکدراو)دا،** بە هەمان شێوەی دەنگە کۆنسۆنانتەکان، لە زمانی کوردیی و شێوەزارەکەدا بە شێوەیەکی گشتیی، بە دەگمەن نمونەیەک دەبینرێتەوە، کە پێواژۆی هەڵتۆقێنی دەنگی (ڤاوڵ) لە وشە لێکدراوەکاندا هەبێت.
**Ø < Ø**

**۳/۳)دەنگگۆڕکێ– Appearance the sound**

دەنگگۆڕکێ بریتییە لەوەی، کە دەنگێک لەژێر کاریگەریی دەنگەکانی دراوسێیدا بەشێک یان هەموو سیما دەنگییەکانی خۆی لەدەستدەدات و سیمای دەنگی پێش یان پاش خۆی وەردەگرێت (حاجی مارف: ۲۰۰۲: ۲۸). باوترین پێواژۆ، کە دەدەبڕرێت بە هۆی پێواژۆکانی فۆنۆلۆژییەوە، گونجانی دەنگە، کە تیایدا هەندێک تایبەتمەندیی دەنگێک دەگۆڕێت و وەکو دەنگەکەی تەنیشتی لێدێت و لەگەڵیدا هاوشێوەی دەبێت. (سەعید:۲۰۱۰: ۲٦).
لە کاتی قسەکردندا دەنگێک، کە کەسێک دەریدەبڕێت جیاوازە لە دەربڕینی کەسێکی تر، هەرچەندە سەر بەهەمان زار یان شێوەزاریش بن، بێ ئەوەی کار لە واتای وشە دەربڕاوەکە بکات. واتە دەنگەکە لە ڕوی دەربڕین و نوسینەوە دەگۆڕێت، بەڵام گۆڕانەکە کار لە واتای وشەکە ناکات. بە کورتیی گۆڕانی دەنگێک بە دەنگێکی ترو مانەوەی بەهەمان واتا، پێیدەوترێت دەنگگۆڕکێ. لە زمانی کوردیی و شێوەزارەکەدا پێواژۆی دەنگگۆڕکێ، لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی لێکدراو)یشدا، لە نێوان دەنگە کۆنسۆنانت و ڤاوڵەکانی وشەدا ڕودەدات و بەرجەستەدەکرێت، لێرەدا تەنها باسی گۆڕانی دەنگ دەکەین لە وشە ناسادەکاندا.

**١-٣/٣) دەنگگۆڕکێ لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی- داڕێژراو)دا:**

لە زمانی کوردیدا پێواژۆی دەنگگۆڕکێ لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی-داڕێژراو)دا، لە ئەنجامی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکان دێنەئاراوە، ئەوەی پێواژۆی دەنگگۆڕکێ لە پێواژۆکانی تر جودادەکاتەوە، ئەوەیە لە کاتی دروستبونی وشە داڕێژراوەکاندا، واتە مۆرفیمێک و زیادەیەک، دەشێت ئەو مۆرفیمە (پێشگر+ بناغە)، یان (بناغە+پاشگر) پێکەوە وشەیەکی داڕێژراو پێکبهێنن و مۆرفیمەکان کاریگەریی لەسەر دەنگەکانی دەوروبەر دروستبکەن، بۆ ئەم مەبەستەش دەنگی (سەرەتا و کۆتایی)ی مۆرفیمەکان دەبێت. واتە وشە داڕێژراوەکان، کە پێواژۆی دەنگگۆڕکێیان تێدا ڕودەدات، بەهۆی پێواژۆی وشەدروستکردنەوە گۆڕانی دەنگ دروستدەبێت، دەنگگۆڕکێ لە دەنگە کۆنسۆنانت و ڤاوڵەکاندا ڕودەدات.

**١-١-٣/٣) دەنگگۆڕکێی کۆنسۆنانتەکان (پێشگر+ بناغە)**

ئەو جۆرە وشە ناسادانەن، لە مۆرفیمێکی داڕشتن و سەربەخۆ پێکدێن، لەکاتی ئەم جۆرە پێواژۆیەدا، پێواژۆی فۆنۆمۆرفۆلۆژیی دێتەئاراوە، وەک:

١-ا) /بێ + خەبەر/⟵ /بێخەبەر/ [be . xə . bər ~ be . xə . wər]

ب)/بە + تام/ ⟵ /بەتام/ [bə . ta:m ~ wə . ta:m]

پ)/بە + هێز/⟵ /بەهێز/ [ bə . hez ~ wə . hez ]

[ ب~b] > [و~w] نمونەکانی (١-ا، ب، پ ) ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە دەنگی[ب~b]ی کۆنسۆنانت لە وشە داڕێژراوەکانی (/بێخەبەر، بەتام، بەهێز/)دا گۆڕاوە بۆ دەنگی[و~w] ی نیمچە ڤاوڵ. واتە لە وشەی داڕێژراوی(/بێخەوەر/)دا دەنگی [ب~b]ی (+دەنگدار) لە سەرەتای بڕگەی سێهەمدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [و~w]ی نیمچە ڤاوڵ. هەروەها لە وشەکانی (/بەتام، بەهێز/)یشدا، دەنگی [ب~b] لە سەرەتای بڕگەی یەکەمیاندا گۆڕاوە بۆ دەنگی [و~w]ی نیمچە ڤاوڵ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە کاتی دەربڕیندا دەردەکەوێت. بە مەبەستی پاراستنی زمانە ستانداردەکەیش، نابێت ئەو گۆڕانکارییانە لە نوسیندا پێڕەوبکرێن، چونکە لە دەربڕینی فۆنەتیکیی ڕۆژانەدا، قسەکەر ئازادە چۆن وشەکان دەردەبڕێت، بەڵام پێڕەوی فۆنۆلۆژیی نوسینی وشەکان ئازاد نیین.

٢-ا) /هاو+زاوا / ⟵ / هاوزاوا/[haw . za . wa: ~ ʔaw . za . wa ~ ha . wəɫ . za . wa:]

ب)/هاو + دەم/ ⟵ / هاودەم/ [haw . dəm ~ ʔaw . dəm ]

[ʔ~ئـ] < [h~هـ]

نمونەکانی(٢-ا، ب) دەیسەلمێنن، کە وشە داڕێژراوەکانی (/هاوزاوا، هاودەم/) کە لە پێشگری (/هاو/) و ناوی (/زاوا، دەم/) پێکهاتوون، دەنگی [h~هـ] ی سەرەتای بڕگەکانی یەکهەم گۆڕاوە بۆ دەنگی[ʔ~ئـ] ی (-دەنگدار)، گۆڕینی دەنگی[h~هـ] بۆ دەنگی [ʔ~ئـ] دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندیی و چۆنێتیی دەربڕینی وشەکان لە شێوەزارەکەدا.

٣-ا) / نا + ئومێد/ ⟵ /نائومێد/ [na: . ʔu . med ~ na . hu . mew]

[h~هـ] < [ʔ~ئـ]

نمونەی(٣-ا) نیشانیدەدات، لە وشەی داڕێژراوی (/نائومێد/)دا، بە پێچەوانەی نمونەی (٢-ا)ەوە، ئەم جارە دەنگی[ ʔ~ئـ] ی هەمزەی (-دەنگدار) گۆڕاوە بۆ دەنگی [h~هـ] ی (-دەنگدار)، چونکە لە شێوەزاری شارەزووردا وشەی داڕێژراوی (/نائومێد/) زۆرجار بە وشەی (/ناهومێو/) دەردەبڕرێت، لەم وشەیەدا هەرچەندە دەنگی[ ʔ~ئـ] گۆڕاوە بۆ دەنگی[h~هـ] ، لە کۆتایی بڕگەی سێهەمیشدا دەنگی [d~د] بۆ دەنگی[ w~و] گۆڕاوە .

٤-ا) /نا + ساغ/ ⟵ /ناساغ/ [na: . sa: ɣ ~ na . saq]

[q~ق] < [ɣ ~غ]

نمونەی(٤-ا) دەریدەخات، کە وشەی داڕێژراوی(/ناساغ/)، لە پێشگری (/نا-/)و هاوەڵناوی (/ ساغ/) دروستکراوە، دەنگی [ɣ ~غ] ی (+دەنگدار) کە دەنگێکی خشۆکە لە کۆتایی بڕگەی دوهەمدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [q~ق] ی (-دەنگدار)، چونکە لە شێوەزارەکەدا بەو شێوازە دەردەبڕێت.

٥-ا) /بێ + عەقڵ/⟵ /بێعەقڵ/[ be . ʕə . qɨɫ ~ be . ʔə . qɨɫ]

[ʔ~ئـ] < [ʕ~ع]

نمونەی(٥-ا) نیشانیدەدات، کە لە وشەی داڕێژراوی (/بێعەقڵ/بێئەقڵ/)دا، لە پێشگری (/بێ/) و ناوی (/عەقڵ/ ئەقڵ/)دروستکراوە، دەنگی[ʕ~ع] ی (+دەنگدار)، کە دەنگێکی خشۆکە لە سەرەتای بڕگەی دوهەمدا گۆڕاوە بۆ[ʔ~ئـ]، چونکە دەنگی [ʕ~ع] لە بنەڕەتدا دەنگێکی کوردیی نییە و لە شێوەزارەکەدا دەنگی [ʔ~ئـ] لە دەربڕیندا ئاسانترە، بۆیە ئەو گۆڕانە دەنگییە ڕودەدات.

**٣/٣-١-٢) دەنگگۆڕکێی کۆنسۆنانتەکان لە وشەی داڕێژراو (بناغە+پاشگر)دا**

٦-ا)/مێروو + لە/ ← /مێرووڵە/ [me . ru . lə ~ me . ru . ʧə ]

[ل~l] < [چ~ʧ]

لە نمونەی (٦)دا دەردەکەوێت، کە وشەکە لە ناوی (/مێروو/)و پاشگری(/ لە/)، وشەیەکی مۆرفۆلۆژییان دروستکرووە، دەنگی[ل~l]ی کۆنسۆنانتی (+دەنگدار) لە سەرەتای بڕگەی سێهەمدا گۆڕاوە بۆ دەنگی[چ~ʧ]ی [-دەنگدار]. سەرەڕای ئەوەیش ڤاوڵی خاو[وو~u:] لە کۆتایی بڕگەی دوهەمدا، بەهۆی هێزەوە خاو و درێژ بەرجەستەدەکرێت، بەڵام کاتێک پاشگرەکە دەخرێتەپاڵ وشەکە بە مەبەستی دروستکردنی وشەی نوێ، هێزەکە ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر پاشگرەکە و ڤاوڵەکە [و ~u] ی گرژ/ کورت دەردەبڕرێت و بەرجەستەدەکرێت.

٧-ا) /جام + ولکە/ ← /جاموولکە/ [ʤa . mul . kə ~ ʤa . muɫ . kə]

ب) /سپی+کەلە/← /سپیکەلە/ [ sɨ . pi . kə . lə ﹏ sɨ . pi . kə . ɫə]

پ)/سوور+کەلە/ ← /سوورکەلە/ [su:r . kə . lə ﹏ su:r . kə . ɫə]

[ل~l] < [ڵ~ɫ]

نمونەکانی (٧-ا، ب، پ) ئەوە نیشاندەدەن، کە لە وشە داڕێژراوەکانی (/جامولکە، سپیکەلە، سورکەلە/)دا، دەنگی[ل~l] ی کۆنسۆنانتی [+دەنگدار] گۆڕاوە بۆ دەنگی [ڵ~ɫ] ی [+دەنگدار]، لەڕوی ئۆرگانییەوە هەمان جێکەوتەیان هەیە، بەڵام دوو فۆنێمی جیاوازن. لە وشەی (/جامولکە/)دا، دەنگی[ل~l] لە کۆتایی بڕگەی دوهەمدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [ڵ~ɫ] . هەروەها لە نمونەکانی(٧-ب، پ)دا، گۆڕانە دەنگییەکە لەکۆتایی برگەی سێهەمدا ڕویداوە، تایبەت بە خاویی و گرژیی دەنگەکانی[وو~u:]، [و~u] (بڕوانە: مەحویی: ٢٠١٦: ٢٠٢-٢٠٨، غریب:٢٠٢٣: ٧٠ ).

٨-ا)/زەرد + ک/ ← زەردک [zər . dɨk ﹏ zər . dɨg]

[ک~k] < [گ~g]

لە نمونەی(٨-ا)دا دەردەکەوێت، کە لە هاوەڵناوی (/زەرد/) و پاشگری(/ ک/)، وشەیەکی داڕێژراو دروستکراوە، دەنگی [ک~k] ی کۆنسۆنانتی[-دەنگدار] لە کۆتایی بڕگەی دوهەمدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [گ~g] ی کۆنسۆنانتی (+دەنگدار).

٩-ا)/ فیڵ + باز/← /فیڵباز/ [feɫ . ba:z ~ feɫ . wa:z]

ب)/قەساب+خانە/ ← /قەسابخانە/[qə . sab . xa . nə ~ qə . saw . xa . nə]

[ب~b] > [و~w]

لە نمونەکانی(٩-ا، ب)دا دەردەکەوێت، کە لە وشە داڕێژراوەکانی (/فیڵباز، قەسابخانە/) دا، دەنگی[ب~b] ی (+دەنگدار) لەوشەی (/فیڵباز/)دا گۆڕانە دەنگییەکە لە سەرەتای بڕگەی دوهەمدا بۆ دەنگی [و~w] ی نیمچە کۆنسۆنانت گۆڕاوە. هەروەها لە وشەی (/قەسابخانە/)دا لە کۆتایی بڕگەی یەکهەم پێواژۆکە ڕویداوە.

١٠)/ دەست + گا/← /دەزگا/ [dəst . ga ~ dəz . ga ]

[t] > Ø

[س~s] > [ز~z]

نمونەی (١٠) نیشانیدەدات، کە سەرەڕای ئەوەی دەنگی [ت~t] کەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا کەوتنی دەنگەکە بووەتە هۆی ئەوەی، دەنگی[ س~s] ی (-دەنگدار) لە کۆتایی بڕگەی یەکهەمدا بگۆڕێت بۆ دەنگی[ز~z] ی (+دەنگدار).

١١-ا)/ پشت + دەر/← /پشدەر/ [pɨʃt . dər ~ pɨʃ . dər ~ pɨʒ . dər ]

ب)/پشت + ێن/ ← /پشتێن/ [ pɨʃ . ten ~ pɨʒ . wen ]

پ)/بەش + دار/← /بەشدار / [bəʃ . da:r ~ bəʒ . da:r]

[ش~ʃ] > [ژ~ʒ]

نمونەکانی (١١-ا، ب) بە هەمان شێوەی نمونەکانی(١٠-ا)، ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە سەرەڕای ئەوەی دەنگی [ت~t] کەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا کەوتنی دەنگەکە بووەتە هۆی ئەوەی، دەنگی[ ش~ʃ] ی (-دەنگدار) لە کۆتایی بڕگەی یەکهەمدا بگۆڕێت بۆ دەنگی [ژ~ʒ] ی (+دەنگدار). لە نمونەی(١١-پ)یشدا، بەهەمان شێوە دەنگی[ ش~ʃ] ی (-دەنگدار) لە کۆتایی بڕگەی یەکهەمدا گۆڕاوە بۆ دەنگی[ژ~ʒ] ی (+دەنگدار)، چونکە دەنگداریی خشپەدەنگەکان لە کۆتایی بڕگەدا بە زۆریی کپ و هەروەها گیراوە کپەکانیش لە کۆتایی بڕگەدا کپن (مەحویی: ٢٠٠٩: ٢٠٩).

١٢-ا) / ناس + یار/← /ناسیار/ [na:s . ya:r ~ na:s . yaw ~ na:s . yag ]

[ر ~r] > [و ~w] / [گ~g]

ب)/کوژ + راو/← کوژراو/ [kuʒ . raw ~ kuʒ . yag]

[ش ~ʃ] > [ژ ~ʒ] / [گ~g]

نمونەی (١٢-ا) ئەو ڕاستییە نیشاندەدات، لە وشەی(/ناسیار/)دا، دوو پێواژۆی دەنگیی لە شێوەزارەکەدا ڕودەدەن و بەرجەستدەکرێن، دەنگی [ر ~r] ی (+دەنگدار) لە کۆتایی بڕگەی دوهەمدا دەگۆڕێت بۆ دەنگی[و~w]ی نیمچە کۆنسۆنانت و [گ ~g] ی (+دەنگدار)یی. هەروەها لە نمونەی (١٢-ب)یشدا، سەرەتا ناوی کرداریی (/کوشتن/) ڕەگەکەی(/کوش/)ە و دەنگی[ ش~ʃ] ی (-دەنگدار)یی لە کۆتایی بڕگەی یەکهەمدا گۆڕاوە بۆ دەنگی[ژ~ʒ] ی (+دەنگدار)یی، لەگەڵ ئەوەیشدا، لە کۆتایی بڕگەی دوهەمدا دەنگی[و ~w]ی نیمچە کۆنسۆنانت گۆڕاوە بۆ [گ ~g] ی(+دەنگدارییی)ی.

**٣/٣-١-٢) دەنگگۆڕکێی ڤاوڵەکان لە وشەی داڕێژراودا**

١٣-ا)/مرد + وو/ ← مردوو/ [ mɨr . du: ~ mɨr . dɨg]

ب)/شۆرد+ وو/ ← شۆردوو/ [ ʃor . du: ~ ʃor . dɨg]

[g~گ] < [u: ~وو]

لە نمونەی (١٣-ا، ب) دا تێبینیی ئەوە دەکرێت، کە بە یارمەتیی قەدی (/مرد، شۆرد/) و پاشگری (/-وو/)، وشەی داڕێژراو دروستدەکرێت، لە شێوەزارەکەدا دەنگی [وو~u:] ی ڤاوڵی(+دەنگدار) لە کۆتایی برگەی دوهەمدا گۆڕاوە بۆ دەنگی[گ~g] ی کۆنسۆنانتی (+دەنگدار)ی وەستاو.

١٤-ا) /گوناه + بار/← /گوناهبار/ [gu . nah . ba:r ~ gu . naɦ . ba:r]

[ɦ~ح]< [h~ﻫ]

نمونەی(١٤-ا) ئەوە نیشاندەدات، کە وشەی داڕێژراوی (/گوناهبار/) لە سێ برگە پێکهاتووە، دەنگی[ﻫ~h] ی کۆنسۆنانت، کە دەنگێکی(-دەنگدار)ە لە کۆتایی برگەی سێهەمدا گۆڕاوە بۆ دەنگی[ح~ɦ] ی (-دەنگدار)، لە شێوەزارەکەدا لە جیاتی وشەی(/گوناهبار/) زیاتر (/گوناحبار/) بەکاردێت.

١٥-ا) /نامە + یلکە← /نامیلکە/ [na . mil . kə ~ na . mel . kə]

ب) /چاو + یلکە← /چاویلکە/ [ ʧa . wil . kə ~ ʧa . wel . kə]

[e~ێ] < [i~ی]

نمونەکانی(١٥-ا، ب) ئەوە نیشاندەدەن، کە وشە داڕێژراوەکانی (/نامیلکە، چاویلکە/) لە سێ برگە پێکهاتوون، دەنگی [ی~i] ی نمیچە کۆنسۆنانتی سەرەتای پاشگرەکە، کە لە بنەڕەتدا دەنگێکی (+دەنگدار)ە، لە ناوەڕاستی برگەی سێهەمدا بۆ دەنگی [ ێ~e] ی ڤاوڵ [+دەنگدار] گۆڕاوە.

١٦-ا)/خەت + دار/ ← /خەتدار/ [xət . da:r ~ xəd . da:r]

[d~د] < [t~ت]

نمونەی(١٦-ا) دەریدەخات، کە دەنگی[ت~t] ی کۆنسۆنانتی [-دەنگدار] لە کۆتایی برگەی یەکهەمدا گۆڕاوە بۆ دەنگی[د~d] ی کۆنسۆنانتی (+دەنگدار)، چونکە لەڕوی ئۆرگانییەوە هەمان جێکەوتەیان هەیە. واتە، کاتێک دەنگی [د~d] لە پاش دەنگی [ت~t] دێت زۆرجار توشی پێواژۆی گۆڕان دەبێت و لەجێکەوتەکانی (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی)ی وشەدا،

فۆنێمیی خۆی دەسەلمێنێت، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە، لە سەرەتای برگە و وشەی فۆنۆلۆژیدا [–دەنگدار، + هەناساویی]ە، هەروەها لە ناوەڕاستی برگە و وشەدا، بەتایبەتیش لە ڕوی فۆنۆتاکتیکەوە، لە کۆتایی برگەیشدا [–دەنگدار، +تەقیو] بەرجەستەدەکرێت. واتا فۆنێمی(/ت/) لە ڕوی فۆنەتیکییەوە، بەپێی جێکەوتەکانی لە وشەی فۆنۆلۆژییدا بە شێوەی جۆراوجۆر بەرجەستەدەکرێت، بەهەمو ئەو فۆنانە دەوترێت ئەلەفۆن ( غەریب و ئەوانی تر: ٢٠٢١: ٦٥٤ ).

١٧–ا) /جنێو + دان/ ← /جنێودان/ [ ʤɨ . new . daːn ˷ ʤɨ . men . daːn]

ب)/بەر + ان+ بەر/← /بەرانبەر/ [bə . ran . bər ~ bə . ram . bər]

[m~م] < [n~ن]

نمونەکانی (١٧–ا، ب ) ئەوە نیشاندەدەن، لە وشەی داڕێژراوەکانی (/جنێودان، بەرانبەر/) دا دەنگی[ن~n] ی [+ دەنگدار]، لە نمونەی(١٧–ا)دا، لە سەرەتای بڕگەی دوهەم و لە نمونەی (١٧–ب) لە کۆتایی بڕگەی دوهەمی وشەکاندا بۆ [م~m] ی [+دەنگدار] گۆڕاوە.

١٨–ا)/قەبر + ستان/ ← /قەبرستان/[qə . bɨ . rɨs . taːn ˷ qə . wɨr . san]

ب)/قەساب+ خانە/ ←/قەسابخانە/[qə . sab . xa . nə ˷ qə . saw . xa . nə]

[w~و] < [b~ب]

لە نمونەکانی (١٨–ا، ب) دا دەردەکەوێت، کە لە وشە داڕێژراوەکانی (/قەبرستان، قەسابخانە/) دا دەنگی[ب~b] ی (+دەنگدار) لە وشەی (/قەبرستان/)دا گۆڕانە دەنگییەکە لە سەرەتای بڕگەی دوهەمدا بۆ دەنگی[و~w] ی نیمچە کۆنسۆنانت گۆڕاوە. هەروەها لە وشەی (/قەسابخانە/)دا، لە کۆتایی بڕگەی دوهەم پێواژۆکە ڕویداوە.

١٩–ا)/ دز + یەتیی/ ← / دزێتیی/ [dɨz . yə . tiː ~ dɨ . ze . tiː]

Ø < [y]

[e~ێ] < [ə~ە]

ب)/ ئارایشت + گا/← /ئارێشگا/ [ʔa . ra . yɨʃ . gaː ˷ ʔa . reʃ . gaː]

Ø < [t]

[e~ێ] < [a~ا]

نمونەی (١٩–ا) ئەو ڕاستییە نیشاندەدات، کە وشەی (/دزیەتیی/)، وشەیەکی داڕێژراوە، لە سێ بڕگە [dɨz . yə . ti] پێکهاتووە و لە بڕگەی [یە~yə] ی دوهەمدا، پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکە ڕویداوە. واتە سەرەتا دەنگی [ی~y] لە سەرەتای بڕگەکەدا کەوتووە، پاشان ڤاوڵی [ە~ə] بۆ دەنگی[ێ~e] ی ڤاوڵ گۆڕاوە. هەروەها لە نمونەی (١٩–ب) یشدا، وشەی (/ئارایشتگا/)، بەهەمان شێوە لەسێ بڕگە پێکهاتووە و سەرەتا پێواژۆی کەوتنی دەنگی [ت~t] ڕویداوە، ئینجا پێواژۆی گۆڕانی دەنگی ڤاوڵی[ ا~a] بۆ دەنگی[ێ~e] گۆڕاوە. لە ناوەڕاستی بڕگەی دوهەمدا ئەم گۆڕانە ڕویداوە.

٢٠) /زێڕ + ین/← /زێڕین/ [ze . Rin ˷ zə . Rin]

[ێ~e] > [ە~ə]

لە نمونەکانی(٢٠) دا دەردەکەوێت، کە لە وشەی (/زێڕین/)دا، دەنگی [ێ~e] ی ڤاوڵ لە کۆتایی بڕگەی یەکهەمدا پێواژۆ دەنگییەکە بۆ دەنگی [ە~ə] ی ڤاوڵ گۆڕاوە.

٢١–ا)/تۆمار+گە/← /تۆمارگە/ > تۆمارگا {to . ma:r . ga: ˷ to . ma:r . gə]

[ە~ə] > [ا~a]

لە نمونەکانی(٢١) دا دەردەکەوێت، کە لە وشەی(/تۆمارگە /)دا، دەنگی [ە~ə] ی ڤاوڵ، لە کۆتایی بڕگەی سێهەمدا، پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکەی بەسەردا جێبەجێبووە و بۆ دەنگی[ا~a] ی ڤاوڵ گۆڕاوە.

٢٢–ا) /لەرز + وک/ ← /لەرزۆک/ [lər . zuk ˷ lər . zok]

ب) /خش + وک/ ← /خشۆک/ [xɨ . ʃuk ˷ xɨ . ʃok]

[و~w] > [ۆ~o]

نمونەکانی(٢٢–ا، ب) نیشانیدەدات، کە لە وشە داڕێژراوەکانی (/لەرزۆک، خشۆک/)دا، پاشگری(/–وک/) بە دەنگی [و~w] ی نیمچەکۆنسۆنانت دەستپێدەکات، بەڵام کاتێک دەبێت بە بەشێک لە وشەکە، ئەو دەمە و بەپێی بڕگەو بڕگەسازیی زمانی کوردیی لە ناوەڕاستی بڕگەی دوهەمدا دەبینرێتەوە، بۆیە بۆ ڤاوڵی [ۆ~o] گۆڕاوە.

٢٣) بچکۆل + ە ← بچکۆلە [ bɨʧ . ko . lə ˷ bɨʧ . kə . lə ˷ pɨʧ . ko . lə]

[ب~b] > [پ~p]

نمونەی(٢٣–ا) نیشانیدەدات، کە لە وشەی دارێژراوی (بچکۆلە)دا دەنگی [ب~b] ی کۆنسۆنانتی [+دەنگدار] گۆڕاوە بۆ دەنگی [پ~p] ی کۆنسۆنانتی [–دەنگدار]، ئەمەش بۆ چۆنێتیی قسەکەرانی شێوەزارەکە دەگەڕێتەوە.

٢٤) /خەفەت + بار/ ← /خەفەتبار/ [xə . fət . baːr ~ xə . fəw . baːr]

[ت~t] > [و~w]

نمونەی(٢٤) دەریدەخات، کە لە وشەی داڕێژراوی (/خەفەتبار/)دا دەنگی [ت~t] ی کۆنسۆنانتی [–دەنگدار] لە کۆتایی بڕگەی دووەمدا بۆ دەنگی [و~w]ی نیمچە کۆنسۆنانت گۆڕاوە، ئەمیش تایبەتمەندیی شێوەزارەکە نیشاندەدات.

**٢–٣/٣) دەنگگۆڕکێی کۆنسۆنانتەکان لە (وشەی مۆرفۆلۆژیی– لێکدراو)دا:**

ئەو وشانەن، کە لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ، یان مۆرفیمێکی ناوبەند دروستدەکرێن.

٢٥–ا)/دەست+نوێژ/← /دەستنوێژ/ [dəst . nœʒ ~ dəz . nœʒ]

ب)/دەست+ گر/← /دەستگر/ [dəst . gɨr ~ dəz . gɨr]

پ)/ مس + گەر/← /مسگەر/ [mɨs . gər ~ mɨz . gər]

[س~s] > [ز~z]

نمونەکانی (٢٥–ا، ب) ئەوە نیشاندەدەن، کە لە وشە لێکدراوەکانی (/دەستنوێژ، دەستگر/)دا، دەنگی [ت~t] ی [–دەنگدار] کە دەنگێکی کۆنسۆنانتە کەوتووە، بەڵام ئەوەی تایبەت بێت بە پێواژۆی گۆڕانەوە، کاتێک پێواژۆی کەوتن ڕویداوە، پاشان ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر دەنگی [س~s] هەبووە، بۆیە لە کۆتایی بڕگەی یەکهەمی نمونەکاندا، پێواژۆی گۆڕانی دەنگی [س~s] لە [–دەنگدارییەوە] گۆڕاوە بۆ [ز ~z] ی[+دەنگداریی]و بەو شێوازە بەرجەستەدەکرێن.

٢٦–ا) /دار+لاستیک/← /دارلاسیک/ [daːr . las . tik ~ daːr . la :siq]

[ک~k] > [ق~q]

ب)/چاو + ساغ/← /چاوساغ/ [ʧaw . saɤ ~ ʧaw . saq]

[غ~ɤ] > [ق~q]

لە نمونەی (٢٦–ا ) دا، وشەی لێکدراوی (/دارلاستیک/) لە سێ بڕگە پێکهاتووە، دەنگی [ک ~k] ی (–دەنگدار)، کە دەنگێکی وەستاوە لە کۆتایی بڕگەی سێهەم بۆ دەنگی [ق ~q] ی [–دەنگدار] گۆڕاوە. لە نمونەی(٢٦–ب )یشدا، وشەی لێکدراوی (/چاوساغ/) کە لە دوو بڕگە پێکهاتووە، دەنگی [غ ~ɤ] ی [+دەنگدار] لە کۆتایی بڕگەی دوهەمدا بۆ دەنگی [ق ~q] ی [–دەنگدار] گۆڕاوە.

٢٧–ا)/گیان + دار/ ← گیاندار/ [gya:n . da:r ~ gya:n . na:r ]

[د~d] > [ن~n]

لە نمونەی (٢٧–ا)دا دەردەکەوێت، کە لە وشەی لێکدراوی (/گیاندار/)دا دەنگی[د~d] ، کە دەنگێکی وەستاو و گڕە لە سەرەتای بڕگەی دووەمدا گۆڕاوە بۆ دەنگی [ن~n] ی [+دەنگدار].

٢٨–ا)/ مندالْ+ و + مەزن/← / منالْ و مەزم/

[mɨn . da . ɫu . mə . zɨm ~ mɨ . na . ɫu . mə . zɨn]

[ن~n] > [م~m]

نمونەی(٢٨–ا ) ئەوە نیشاندەدات، کە وشەکە لە بنەڕەتدا لە (مندالْ و مەزن/) دروستبووە (سدیق: ٢٠١٥: ١١٦). لە ناوی (/مندالْ/) و هاوەڵناوی (/مەزن/) پێکهاتووە، بەڵام بە هۆی گۆڕانی فۆنۆلۆژییەوە ئەم گۆڕانکارییە بەسەر وشەکەدا هاتووە. واتە یەکێک لە یاسا فۆنۆلۆژییەکان ڕوویداوە، ئەویش پێواژۆی (کەوتن) و(دەنگگۆڕکێی)یە، کە دەنگی [ن ~n] ی[+دەنگدار] بۆ دەنگی [م ~m] ی [+دەنگدار] گۆڕاوە، دەنگی (/ د/)یش لە سەرەتای بڕگەی دووەمدا کەوتووە.

٢٩–ا)/پێش+مەرگە/ ← پێشمەرگە [ peʃ . mər . gə ~ peʒ . mər . gə]

ب)/هەشت + دە/← /هەژدە/ [həʃ . də ~ həʒ . də]

پ/)بەش + دار/← /بەشدار/ [bəʃ . da:r . bəʒ . da:r]

[ش~ʃ] > [ژ~ʒ]

لە نمونەکانی(٢٩–ا، ب، پ)دا، تێبینیی ئەوە دەکرێت، کە لە کاتی لێکدانی وشەکاندا زۆرجار پێواژۆی دەنگگۆڕکێ ڕوودەدات. واتە دەنگی [ش ~ʃ] ی کۆنسۆنانتی [–دەنگدار] ی خشۆک لە کۆتایی بڕگەی یەکهەم بۆ دەنگی [ژ ~ʒ] ی [+دەنگدار] گۆڕاوە.

٣٠-ا)/پاش+شێو/← /پارشێو/ [pa:ʃ . ʃew ‿ pa:r . ʃew]
[ش~ʃ] > [ر~r]

نمونەی (٣٠-ا ) نیشانیدەدات، لە وشەی لێکدراوی (/پارشێو/)دا، کە لە دوو بڕگە پێکهاتووە، دەنگی[ش ~ʃ] ی [-دەنگدار] لە کۆتایی بڕگەی یەکەم بۆ دەنگی[ر ~r] ی [+دەنگدار] گۆڕاوە، بۆیە پێواژۆکە ڕودەدات، چونکە کۆتایی بڕگەی یەکەم و سەرەتای بڕگەی دوهەم هەردوو دەنگی[ش ~ʃ] ن، هاوشێوەی یەک قورسن و بە یەک جار لە زار نایەنە دەرەوە، بۆیە دیاردەی گۆڕان ڕویداوە.

٣١-ا) /بەد + بەخت/ ← /بەدبەخت/ [bəd . bəxt ‿ bəw . bəxt]
ب)/بەد + ڕەفتار/← /بەدڕەفتار/ [bəd . rəf . ta:r ‿ bəw . rəf . ta:r]
پ)/ قەد + باریک/← /قەدباریک/ [qəd . ba . ri:k ‿ qəw . ba . ri:k]
[د~d] > [و~w]

نمونەکانی(٣١-ا، ب، پ ) دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە وشە لێکدراوەکانی (/بەدبەخت، بەدڕەفتار، قەدباریک/)، بەهۆی لێکدانی وشەکانەوە، پێواژۆی گۆڕانی دەنگیی بەرجەستەدەکرێت، بۆنمونە دەنگی[د ~d] ی[+دەنگدار] لە کۆتایی بڕگەی یەکەم گۆڕاوە بۆ دەنگی[و ~w] ی نیمچە کۆنسۆنانت.

٣٢-ا)/کار+ بە+ دەست/← /کاربەدەست/ [kar . bə . dəst ~ kar . wə . dəs]
ب)/قوڕ+ بە + سەر/ ←/ قوڕبەسەر/[quR . bə . sər ~ quR . wə . sər]
پ) /گوڵ+ بە + دەم/ ←/ گوڵبەدەم /[guɫ . bə . dəm ~ guɫ . wə . dəm]
[ب~b] > [و~w]

نمونەکانی(٣٢-ا، ب، پ ) ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە وشە لێکدراوەکانی (/کاربەدەست، قوڕبەسەر، گوڵبەدەم/)، بە یارمەتیی ناوبەندی (/بە/) لێکدراون، بە هۆی لێکدانی وشەکانەوە، پێواژۆی کەوتن و گۆڕانی دەنگیی بەسەر ناوبەندەکەدا بەرجەستەدەکرێت، بۆنمونە دەنگی[ب ~b] ی [+دەنگدار] لە کۆتایی بڕگەی دوهەم بۆ دەنگی[و ~w] ی نیمچە کۆنسۆنانت گۆڕاوە.

٣٣-ا)/گوتار+ بێژ/← /گوتاربێژ/ [gu . tar . beʒ ~ wɨ . tar . weʒ]

Ø < [g~گ]

[w~و] < [b~ب]

نمونەی (٣٣) ئەو ڕاستییە نیشاندەدەن، کە لە وشەی لێکدراوی (/گوتاربێژ/) دا، کە بەهۆی لێکدانی دوو وشەی سەربەخۆوە لێکدراون، لە وشە مۆرفۆلۆژییەکەدا پێواژۆی (کەوتن و گۆڕانی دەنگیی) بەرجەستەدەکرێت، بۆنمونە دەنگی[گ ~g] ی[+دەنگدار] لە سەرەتای بڕگەی یەکەمدا کەوتووە، پاشان گۆڕانە دەنگییەکە، واتە دەنگی [ب ~b] گۆڕاوە بۆ دەنگی[و ~w] ی نیمچە کۆنسۆنانت.

٣٤-ا)/خزمەت+ کار/← /خزمەتکار/ [xɨz . mət . kar ~ xɨz . məw . kar]

[w~و] < [t~ت]

نمونەی(٣٤) ئەو ڕاستییە نیشاندەدات، وشەی لێکدراوی (/خزمەتکار/)، کە بەهۆی لێکدانی دوو وشەی سەربەخۆوە لێکدراون، لە وشە مۆرفۆلۆژییەکەدا پێواژۆی (گۆڕانی دەنگیی) بەرجەستەدەکرێت، بۆنمونە دەنگی [ت~t]ی [-دەنگدار] لە کۆتایی بڕگەی دوهەمدا بۆ دەنگی [و ~w] ی نیمچە کۆنسۆنانت گۆڕاوە.

# ئەنجام

**ئەنجامەکان**

١- زماناسانی کورد لە لێکۆڵینەوەکانیاندا، پێواژۆ ( فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی)یەکانیان لەیەک جودانەکردووەتەوە، سەرەڕای ئەوەیش زۆربەی زۆریان دوبارەن و زانیارییەکی نوێیان تێدا بەدیناکرێت.

٢- لە شێوەزاری شارەزووردا، بەهەمان شێوەی (زمانی کوردیی) پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان لە وشەی مۆرفۆلۆژییدا بەرجەستەدەکرێن و هیچ جیاوازییەکیان نییە، تەنها ئەوە نەبێت لەڕوی فۆنەتیک و ئەکسێنتەوە جیاوازییان هەن، ئەمیش ئەوە دەسەلمێنێت، کە شێوەزارەکە هەمان یاسا و ڕێسای زمانی کوردیی هەیە.

٣-پێواژۆکانی (کەوتن، پەیدابوون) لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی بڕگەی فۆنۆلۆژیی لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا، بەهۆی مەرجی فۆنۆتاکتیکی فۆنێمەکانەوە بەدیدەکرێن و نابنە هۆی گۆڕینی واتای بنەڕەتیی وشەکان.

٤-پێواژۆی (دەنگگۆڕکێ)یش، لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەو وشەی مۆرفۆلۆژییدا، بەهۆی مەرجی فۆنۆتاکتیکەوە بەرجەستەدەکرێت و نابێتە هۆی گۆڕینی واتای بنەڕەتیی وشەکان، بەڵام دەنگگۆڕکێ لە وشە لێکدراوەکاندا بە دەگمەن دەبینرێت.

٥- پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان لە دەنگە (کۆنسۆنانت، ڤاوڵ)ەکاندا ڕودەدەن و بە زۆری لەدەنگە خشۆکەکاندا بەرجەستەدەکرێن، بەڵام هەڵتوقێنی دەنگی (کۆنسۆنانت، ڤاوڵ) لە وشەی (مۆرفۆلۆژیی- لێکدراو)دا، لە زمانی کوردیی و شێوەزارەکەدا بە شێوەیەکی گشتیی بە دەگمەن نمونەیەک دەبینرێتەوە.

٦- پێواژۆکانی( فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی) جیاوازییان هەیە، چونکە پێواژۆی فۆنەتیکیی تایبەتە بە (ئاخاوتنی ڕۆژانە، زاروشێوەزار، لایەنی ڕۆشنبیریی، کۆمەڵایەتیی، جوگرافیی...هتد)، بەڵام پێواژۆی فۆنۆلۆژیی، پێواژۆیەکە/ پتر خورتییە.

# سەرچاوەکان

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکهەم- بەزمانی کوردیی:

### ا- کتێب:


١-امین، وریا عمر، (٢٠٢٣)، زمانی کوردی لە ئاستی فۆنۆلۆجییدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٥٢١)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٢-حاجی مارف، ئەورەحمانی: (٢٠١٤)، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٣-حاجی مارف، ئەورەحمانی: (١٩٧٦)، زمانی کوردیی لەبەررۆشنای فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٤-حاجی مارف، ئەورەحمانی: (٢٠١٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات، چاپی دووەم، هەولێر.

٥-خورشید، غازی عەلی: (٢٠١٠)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٦-خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا: (٢٠١٤)، دەنگسازی، چاپی دوهەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٧-دزەیی، عەبدالواحید موشیر/ محمد، دانا تەحسین/ سالح، دەرون عبدالرحمن: (٢٠١٣)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، ناوەندی ئاوێر، چاپی یەکەم، هەولێر

٨-ڕەسوول، عەبدوڵلا حوسێن: (٢٠١٥)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی- کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٩-سالح، دەروون عبدالرحمن، (٢٠١٢)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٠- سدیق، فاروق عومەر، (٢٠١٥)، ڕەچەڵەکی وشەو پەلهاویشتنی، چاپی یەکهەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

١١- عبدالله ، ڕۆژان نوری: (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

١٢- عەلی، بەکر عومەر: (٢٠١٤)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
١٣- عەلی، تالیب حوسێن: (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٤- عەلی، تالیب حوسێن: (٢٠١٥)، دەنگسازی (چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی)، چاپی یەکهەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٥- عەلی، طالب حوسێن: (٢٠٢٠)، زانستی زمان و زمانی کوردی، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
١٦- غریب، دڵشاد محمد، (٢٠٢٣)، هێز و ئەکسنت لەشێوەزاری کەرکووکدا، چاپی یەکهەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
١٧- فتاح، محمد معروف: (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٨- کەمال، فوئاد: (١٩٩٥)، فۆنیمەکانی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
١٩- محی الدین، بازیان یونس: (٢٠١٣)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بەئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
٢٠- مەحویی، محەمەد: (٢٠٠٠)، چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژی ڕێزمانی کوردی و ڕێزمانی عەرەبی، له بڵاوکراوەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوە، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانستگای سلێمانی.
٢١- مەحویی، محەمەد: (٢٠٠٨)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی،فۆنۆلۆژی، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانی.
٢٢- مەحویی، محەمەد: (٢٠٠٨)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی،فۆنەتیک، بەرگی دوهەم، زانکۆی سلێمانی.
٢٣- مەحویی، محەمەد: (٢٠٠٩)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی، بەرگی دووهەم، زانکۆی سلێمانی.
٢٤- مەحویی، محەمەد: (٢٠١٦)، مەنامە، بەرگی یەکهەم، دەروازەی یەکهەم، چاپی یەکهەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

٢٥- مەحویی، محەمەد: (٢٠٢١)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکهەم و دووهەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٢٦- وەیس، غازی فاتیح، (١٩٨٤)، فۆنەتیک، چاپی یەکەم، مطبعه الادیب البغدادیه، بغداد.
٢٧- ئیسماعیل، هەژار قادر: (٢٠١٣)، ڕۆنانی بڕگە و گۆڕانی سنوری بڕگە لەشێوەزاری باڵەکایەتیدا، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**ب- نامەی زانکۆی**

٢٨- جەمیل، خەبات هادی: (٢٠١٥)، فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٢٩- حسەین، شیلان عمر: (٢٠١١)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا،نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
٣٠- حەسەن، ڕەحمان ئیسماعیل: (١٩٩١)، ئاسان بوونی بڕگە لەکوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە(ئیبن ڕوشد)، زانکۆی بەغداد.
٣١- حەمید، هێرش کەریم: (٢٠١٥)، بەراوردێکی مۆرفۆفۆنێمی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٣٢- حەمە سەعید، تابان نوری: (٢٠١٠)، شێوازی ناوچەی پشتدەر( لێکۆڵینەوەیەکی زمانی وەسفییە) نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
٣٣- ڕەسووڵ، عەبدوڵڵا حوسێن، (١٩٩٥)، مۆرفێمە ڕێزمانیەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، بغداد.
٣٤- سەعید، دیار عبدولکەریم: (٢٠٠٧)، یاساێن دەنگی دکوردیا ژوریدا، گۆڤارا بەهدینان، نامەی ماستەر، کۆلێژا ئادابێ، زانکۆیا دهۆک.
٣٥- سەعید، سازان زاهیر: (٢٠١٩)، نواندنی سینتاکسیی لەزمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٣٦- شاڵی، دولبەر ئیبراهیم فرج، (٢٠٠٠)، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٣٧- عەلی، تالب حوسێن، (١٩٨٩)، فۆنۆلۆجی کوردی ودیاریدەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٣٨- عەلی، پێشڕەو ساڵەح: (٢٠١٥)، یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣٩- غەریب، دڵشاد محەمەد: (٢٠١٩)، هێز و ئەکسێنت لەشێوەزاری کەرکووکدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٤٠- قادر، عادل ڕەشید: (٢٠١٦)، فۆنۆلۆژی زمانی کوردی – کرمانجی سەروو، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٤١- محمد، شنۆ قادر، (٢٠٠٨)، یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی شێوەزاری کەرکوک، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٤٢- مستەفا، مستەفا ڕەزا، (٢٠١٩)، پۆلێنکردنی مۆرفێمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکی و سیاسی ئەمرۆیان لە زمانی کوردییدا(لێکۆڵینەوەیەکی داتاییە)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
٤٣- نادر، کاظم حسین، (٢٠٢٢)، مەرجە فۆنۆتاکتیکییەکان لەزمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان.

**پ- گۆڤار**

٤٤- حاجی مارف، ئەوڕەحمانی، (٢٠٠٢)، لێکدانەوەی هەندێ زاراوە لە بارەی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژییەوە، کۆڕی زانیاری دەستەی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بغداد.
٤٥- غەریب، دڵشاد محەمەد/ کریم، ئاسۆ عبدالرحمن/ عبدالله، نەسرین نوری: (٢٠٢١)، ئەلۆفۆن و ئەلۆپیت لەزمانی کوردییدا، زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە: (٨)
٤٦- محمد،شاد حمید/ محمد، صباح لطیف/ قادر، دیدار حمد، (٢٠٢٤)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری هەڵەبجەی تازە لە ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)، گۆڤاری توێژەر، زانکۆی ڕاپەڕین، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٤.

**دووهەم_ بەزمانی عەرەبی**

**الكتاب:**

٤٧- زرقة، أحمد: (١٩٩٣)، أصول اللغة العربية/ أسرار الحروف، الطبعة الأولى، دار الحصاد، دمشق.
٤٨- عمر، أحمد مختار: (١٩٧٦)، دراسە الصوت اللغوي، القاهرە، جامعە الكويت.

**سێهەم_ بە زمانی فارسی**

**١-کتێب**

٤٩- مهدی مشکوة الدینی(١٣٧٧) ساخت اوایی زبان، ضاص ضهارم، انتشارات دانشگاه فردوسی، مشهد.

# سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی

50-Booij, Greet: (1985), The interaction of Phonology and Morphology in Prosodic Phonology, Phono-morphology, Studies in the interaction of Phonology and Morphology.

51-Chomsky, N. and Halle, M. : (1968), The Sound Pattern of English, New Yourk, Harper and Row.

52-Crystal, D. : (2008), A dictionary Linguistics and Phonetics, Six Edition, Black Well Publishing.

53-Kiparsky, Paul: (1982), Lexical Phonology and Morphology, Linguistics in the Morning calm.

54- Mohanan, K. P: (1995), The Organization of the grammar. The handbook of Phonological theory, ed. by J. Goldsmith, 24-69. Cambridge, MA, Blackwell.

55-Roach, Peter: (2007), English Phonetics and Phonology, Fourth Edition, Cambridge University.

56-Roach, Peter: (2009), English Phonetics and Phonology, Fourth Edition, Cambridge University.

57- Rogers, Henry: (2013), The Sounds of Language, Routledge, London and New York.

58- Romn Jakobson,c. Gunnar,M.fatn, Morris Hall (1963) preliminaries To speech Analysisthe Distinctive Features And Their Correlates, Massachusetts Institute Of Technolgy Gambridge.

59- Zsiga, Elizabeth C. : (2013), The Sounds of Language An Introduction to Phonetics and Phonology, First edition, Wiley-Blackwell, UK.

# الملخص

هذه الدراسة مخصصة لعلم الفونومورفولوجيا في اللغة الكردية على اللهجة الشهرزورية، حول تحديد المصطلحات الصوتية ومصطلحات علم الفونومورفولوجيا بشكل مرتب وعلى مبنى و نموذج السيرة الذاتية، التي يقعْنَ ويتعيّنَ من جهة الفونولجيا. وهذه الدراسة تتكون من مقدمة وثلاثة أقسام: القسم الأول منها مخصصة للمذاكرة والمعلومات العامة، والقسم الثاني مخصصة لتحديد الفونولجيا والمعلومات على نموذج السيرة الذاتية، والقسم الثالث مخصصة لدراسة الفونولوجيا السقوط والظهور والمطلع وتغير الصوت في كلمة المورفولوجيا ومنهج الدراسة منهج وصفي تحليلي، يتم فيها تعريف المصطلحات حسب آثار بداية ونهاية الفقرة في كلمة المورفولوجيا، وتحليل الأمثلة. وخطوات عمل مدرسة النقل والإنتاج وعلم الفونولجيا وعلم المورفولوجيا مطبقة في هذه الدراسة، واستُخدمت أبجدية الصوتية العالمية IPA الى جانب الأبجدية الصوتية الكوردية للمصطلحات. والأمثلة مأخوذة من الكلمات اليومية في اللغة الكردية.

# Abstract

The present study attempts to examine the phonomorphological processes of the Sharazoori dialect. It is part of a broader investigation of a master thesis on the topic. Based on CV model of syllable structure, phonomorphological processes are sequentially highlighted that occur according to phonological rules. This thesis consists of an introduction and three main sections that are reduction phonomorphological processes, sporadic cases and morphological alternations, respectively. The research adopts descriptive analytics method which identifies two syllable elements: initial and final margins. Examples are theoretically discussed and levels of transition and production in accordance with lexical phonology and morphology are applied. In parallel with the use of Kurdish alphabetical and phonetic systems, the IPA is employed to find phonomorphological processes in real spoken examples taken from Kurdish Sharazoori dialect

# پاشکۆ

# پاشکۆ

## ناساندنێک بۆ قەزای شارەزوور

قەزای شارەزوور سەر بە پارێزگای سلێمانیە و دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، پێکدێت لە شاری هەڵەبجەی تازە کە ناوەندی قەزاکەیە وە شارۆچکەی زەڕایەن کە سەنتەری ناحیەکەیە، لەگەڵ ئۆردوگای نەسر (کۆمەڵگای سەرکەوتن) و (٤٨) گوند، ژمارەی دانیشتوانی پێشبینیکراوی بۆ ساڵی ٢٠٢٤ (١٠٤٧٩) کەسە، سەبارەت بە ڕووبەرەکەشی دەگاتە (٣٣١ کم$^{٢}$). (شاد حمید محمد و ئەوانی تر، ٢٠٢٤، ٣)




Https://ckb.m.wikipedia.org/wiki/%D9%82%DB%95%D8%B2%D8%A7%DB%8C_%D8%B4%D8%A7%D8%B1%DB%95%D8%B2%D9%88%D9%88%D8%B1